تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5861) پێنج شەممە 31ی تشرینی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و میری قەتەر چەند پرسێکی گرنگیان تاوتوێ کرد

نێچیرڤان بارزانی لە پەراوێزی سەردانەکەیدا چەندین کۆبوونەوەی گرنگی ئەنجامدا



سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، لەگەڵ میر تەمیم بن حەمەد بن خەلیفە ئال سانی، میری قەتەر، دوخی هەنووکەیی و دواپین پێشهاتەکانی ناوچەکەی تاوتوێ کرد و هەردوولا بیروڕایان لەبارەی چەندین پرسی پەیوەندار بە ئێستا و داهاتووی ناوچەکەوە، تاوتوێ کرد.

لە دووەمین رۆژی سەردانی بۆ قەتەر و لە چوارچێوەی بەشداریکردنیدا لە کۆبوونەوەی گرووپی سەرەکیی کۆنفرانسی ئاسایشی میونیخ لە دەوحە، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ میر تەمیم بن حەمەد بن خەلیفە ئال سانی، میری قەتەر، سەرلەبەیانیی دوێنێ چوارشەممە 2019/10/30، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەروەها باسێکی دەربارەی پەیوەندییەکانی هەولێر – بەغدا و گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکان، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ قەتەر و دەرفەتی وەبەرهێنان بۆ کەرتی تایبەتی قەتەری لە هەرێمی کوردستان و عێراق پێشکەش کرد. لە کۆبوونەوەکەدا بەڕێز بارزانی عێراق لە دەوحە و شاندی یاوەری بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئاماده بوون.

شایەنی باسە دوای سەردانێکی دوو رۆژی بۆ قەتەر بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی گرووپی سەرەکیی کۆنفرانسی ئاسایشی میونخ لە دەوحە، پاشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە 2019/10/30 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری، گەیشتنەوە هەرێمی کوردستان. لە پەراوێزی سەردانەکەیدا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ هەریەکە لە بەڕێزان میر تەمیم بن حەمەد بن خەلیفە ئال سانی، میری قەتەر، شێخ عەبدوللا بن ناسر بن خەلیفە ئال سانی، سەرۆک وەزیران، حەمەد بن عەبدولڕەحمان ئال سانی، وەزیری دەرەوەی قەتەر و جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکاندا دوایین پێشهاتەکانی ناوچەکەیان تاوتوێ کرد و بیروڕایان لەبارەی پێشبینییەکان و ئێستا و داهاتووی ناوچەکەوە، ئالوگۆڕ کرد.

ئەنجوومەنی وەزیران دوا پێشهاتەکانی عێراقی تاوتوێ کرد

ئەنجوومەنی وەزیران دروستکردنی سندوقی هەمیشەیی فریاکەوتنی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان پەسەند کرد

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران: پێویستە پەلە بکرێت لە ئامادەکردنی پرۆژە یاسای چاکسازی و پەسەندکردنی



دوێنێ چوارشەممە 2019/10/30 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئامادەبوونی قوباد تالەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن کۆبووەوە.

لە سەرەتای کۆبووەنەوەکەدا، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەی بە رووداوی کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی سەرکردەی رێکخراوی تیرۆریستی داعش کرد و گوتی: راستە کوشتنی بەغدادی زۆر گرنگ بوو، بەڵام ئەمە کۆتایی داعش و تیرۆر نییە، بەڵکو هێشتا داعش مەترسییەکی جیددیە بۆ سەر دانیشتووانی زۆر ناوچەی عێراق. گوتیشی: ئەفسانەی داعش لەسەر دەستی پێشمەرگە تێکشکێندرا کە بووە هۆی دەستپێکی داڕمانی داعشیش لە سووریا لەسەر دەستی کورد.

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا لەگەڵ کەناڵی (ABC News)ی ئەمەریکی:

کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا دەرهاویشتەی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە



مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، داعش بە کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی کۆتایی نایەت و کشانەوەی ئەمەریکاش لە ناوچەکە دەرهاویشتەی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە.

لە دیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ کەناڵی ئەی بی سی نیوزی ئەمەریکی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی بە سەرکەوتنێکی مەزن لەقەڵەم دەدات، ئاماژەی بەوەشداوە کوشتنی بەغدادی ماوەیەکی زۆرە ئامانجی زۆربەی ئەندامەکانی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی شەڕی دژی داعش بووە، کە دەرەنجامی کۆکردنەوەی زانیاریی ژمارەیەک دەزگەی هەواڵگریی بووە.

دەقی دیمانە لە ل3 بخوێنەوە

لەنێویشیاندا تورکیایە

سەرچاوەیەکی ئاگادار: سەرۆکی حکوومەت بانگهێشتنامەی سەردانیکردنی چەندین وڵاتی بۆ هاتووە، بەڵام تا ئێستا هیچ کاتێک بۆ سەردانەکە دیاری نەکراوە

لەبارەی دەنگۆی سەردانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی بۆ تورکیا کە چەند رۆژێکە لە میدیای تورکی و کوردی بڵاوەدەکرێتەوە، سەرچاوەیەکی ئاگادار رایگەیاند:

لەدوای دەستبەکاربوونی کابینەی نێریمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی حکوومەت بانگهێشتنامەی سەردانیکردنی چەندین وڵاتی بۆ هاتووە لەنێویشیاندا تورکیا، بەڵام تا ئێستا هیچ کاتێک بۆ سەردانەکە دیاری نەکراوە.

ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا دوو بڕیاری لە دژی تورکیا پەسەند کرد

ئەنجوومەن بڕیاری بەجینۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکانی بە دەستی عوسمانییەکان پەسەند کرد

ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا بڕیارێکی پەسەندکرد بۆ سزادانی تورکیا لەسەر لەشکرکێشییەکەی بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان و سووریا، هەروەها بڕیارێکی دیکەی پەسەندکرد بۆ ناساندنی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان بە دەستی عوسمانییەکان بە جینۆسایید. بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا، ئەنجوومەنی نوێنەران بە دەنگی 403 ئەندام لە بەرانبەر دەنگی 16 ئەندام ئەو بڕیارەیانی پەسەندکرد کە داوا لە سەرۆکی ئەمەریکا دەکات سزا بەسەر کاربەدەستان و حکوومەتی تورکیا بسەپێنێت لە بەرانبەر هێرشی بۆ سەر باکووری سووریا.

زیاتر لە ل2 بخوێنەوە

پەرلەمان یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە پەسەند کرد

رێبوار تاڵەبانی: هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەرگا بۆ گەندەڵی والا دەکات

یاسای هەڵبژاردنی ئێستا سەقەتترین و گەندەڵترین یاسای دنیایە



سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێت: هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەرگا والا دەکات بۆ ئەوەی پارێزگارەکان بە ئارەزووی خۆیان گەندەڵی بکەن، چونکە هەموو دەسەڵاتێک لە دەست خۆیاندا دەبێت و کەس نییە چاودێریان بکات، بۆیە تانەی لێ دەدەین.

ڕێبوار تاڵەبانی بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتوویەتی: ئەنجوومەنی نوێنەران بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی دەرکردووە و پێشتریش یاسایان بۆ دەرکردووە، هەروەها کاتی هەڵبژاردنیان دیاری کردووە و لە جیاتی هەموارکردنەوەی یاساکە، ئەنجوومەنەکانیان هەڵوەشاندووتەوە، کە بێگومان ئەمە کێشەی خراپبەکارهێنانی دەسەلات و گەندەڵی بنبڕ ناکات و پێویستە پێداچوونەوە بە سیستەمی دەسەڵاتدا بکەن، بە تایبەت ئەوانەی گەندەڵی دەکەن، نەک بێن ئەنجوومەن هەڵوەشێننەوە، چونکە یاسای هەڵبژاردنی ئێستا سەقەتترین و گەندەڵترین یاسای دنیایە.

تاڵەبانی گوتیشی: ئەو بڕیارە واەکات هەموو پارێزگاکان دەستیان والا بێت گەندەڵیی زیاتر بکەن و ئەگەر راست دەکەن، پێویست بوو رێگری بکەن لەوەی هەشت ملیار دۆلار گەندەڵی لەلایەن دەسەڵاتەوە بکرێت، نەک ئەنجوومەنەکان هەڵوەشێننەوە، بۆیە تانە لەو بڕیارە دەدەین بۆ ئەوەی هەڵوەشێتەوە و ئەنجوومەنەکان لە کاری خۆیان بەردەوام بن تا هەڵبژاردن، چونکە تەنیا دوو مانگ وادەی کارکردنیان ماوە.



دوێنێ چوارشەممە 2019/10/30 سەرۆکایەتیی د. ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ئاماده بوونی هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و مونا نەبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ئاسایی بەڕێوەچوو. سەرەتا د. ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەناوی خوا و گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی کردەوە، پاشان لەلایەن مونا نەبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان بەرنامەی کاری دانیشتنەکەی خوێندەوە کە پێکهاتبوو لە دوو خاڵ و خاڵی یەکەم بریتی بوو یەکەم لە خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە: پێشنیازی یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان-عێراق. پێشنیازی یاسای ڕێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

سەرکردەیەکی گۆڕان داوا لە سەرۆک بارزانی دەکات هەوڵەکانی بۆ یەکخستنی دەنگی لایەنە کوردستانییەکان چڕ بکاتەوە



ئەندامێکی جڤاتی گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان داوا لە سەرۆک بارزانی دەکات هەوڵەکانی بۆ یەکخستنی دەنگی لایەنە کوردستانییەکان، چڕ بکاتەوە. پەیمان عەبدوڵکەریم، ئەندامی جڤاتی گشتیی گۆڕان بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە، دۆخەکە هەستیارە و ڕەنگە پیلانێکی نێودەوڵەتی لە دژی عێراق هەبێت، بۆ پرسی نەوت و دەستبەسەرگرتنی نەوت. ڕوونیشی کردەوە، لە مێژووی عێراقدا هیچ سەرۆک وەزیرانێک هێندەی عادل عەبدولمەهدی باش نەبووە، بۆیە بەپێویستی زانی، دەرفەت بە حکومەتی عێراق بدرێت تاوەکوو لە ماوەی ٦٠ڕۆژدا هەوڵی جێبەجێکردنی داخوازییەکانی خۆپیشاندەران بدات. ئەو سەرکردەیەی گۆڕان بە دووری نازانێت، شەڕەکە لەناو پێکهاتەی عەرەبی شیعە بێت بۆ ئەوەی دەسەڵات لە عەبدولمەهدی وەربگرنەوە، بۆیە هیوای خواست، سەرۆک وەزیرانی عێراق دەستلەکار نەکێشێتەوە و بۆ ئەمەش ناچار نەکرێت. پەیمان عەبدولکەریم بە گرنگی دەزانێت، لایەنە کوردستانییەکان یەکدەنگ بن و هاوهەڵوێست بن. گوتیشی: پێشنیاز دەکەین کاک مەسعود بارزانی وەک برا گەورە ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت، گرنگ ئەوەیە حزبەکان یەکدەنگ بن یان دەستەیەک دابمەزرێنن

پەرلەمان یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە پەسەند کرد



دوێنێ چوارشەممە 2019/10/30 بە سەرۆکایەتیی د. ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ئامادەبوونی هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و مونا نبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ئاسایی بەڕێوەچوو.

سەرەتا د. ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەناوی خوا و گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی کردەوە، پاشان لەلایەن منی نبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان بەرنامەی کاری دانیشتنەکەی خوێندەوە کە پێکهاتبوو لە دوو خاڵ و خاڵی یەکەم بڕیتی بوو یەکەم لە خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە: پێشنیازی یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان-عێراق. پێشنیازی یاسای ڕێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

خاڵی دووەم و کۆتاییش بڕیتی بوو لە دەنگدان لەسەر پێشنیازی یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە سنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق، بەپێی حوکمی مادەکانی 90، 93،91، 96 ، 97 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان. خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە کە بڕیتی بوو لە دەنگدان لەسەر پێشنیازی یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە، لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی پەرلەمان لێژنەی شارەوانی و لێژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان ڕاپۆرتی هاوبەشی لێژنەکەیان لەسەر دوا دارشتنەوەی پێشنیازی یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە بۆ پەرلەمانتاران خوێندەوە.

سەبارەت بە ناوونیشانی پێشنیازەکە دوای بەجیا خستنە دەنگدانی سەرجەم ئەو پێشنیازانەی کە کرابوون، ناوونیشانی پێشنیازی یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە سنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان، کە پێشنیازی لێژنەی هاوبەش بوو بەزۆرینەی دەنگ پەسندکرا.

سەبارەت بە مادەی یەکەم، کە تایبەتبوو بە ڕێککارەکانی بەناوکردنی ئەو زەوییانەی لەسنووری شارەوانییەکان زێدەڕۆیی لەسەر کراوە، وەکو خۆی بەزۆرینەی دەنگ پەسندکرا. مادەی دووەمیش کە تایبەت بوو بە مەرج و ڕێککارەکانی بەناوکردن، بەپێی ڕاپۆرتی هاوبەشی هەردوو لێژنەی یاسایی و شارەوانی، پێنج پێشنیار هەبوو لە کۆتاییدا پێشنیازی ڕاپۆرتی هاوبەشی هەردوو لێژنەی یاسایی و شارەوانی بە 85 دەنگ پەسند کرا. مادەی سێیەمیش کە تایبەت بوو بە ڕێککارەکانی دروستکردنی لێژنەی تایبەتمەند بۆ هەڵسەنگاندن و پەسندکردنی داواکانی بەناوکردنی زەوییە زێدەڕۆکان، بە 67 دەنگ پەسند کرا. مادەی چوارەمیش کە تایبەت بوو بە ڕێککارەکانی پابەندنەبوون بە ناوەڕۆکی یاساکە لەلایەن کەسانی زێدەڕۆکارەوە، بەپێی ڕاپۆرتی هاوبەشی هەردوو لێژنەی یاسایی و شارەوانی مادەکە وەک خۆی خرایە دەنگدانەوە و بە 80 دەنگ پەسەند کرا. دواتر کۆی یاساکە خرایە دەنگدانەوە و بە دەنگی 100 پەرلەمانتار پەسەند کرا.



د. ڤیان سەبری: بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستا گرنگە کوتلە کوردستانییەکان یەکهەڵوێست بن

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق داوای یەکگوتاری و یەکهەڵوێستی لە فراکسیۆنە کوردەکانی نێو ئەنجوومەن دەکات و دەڵێت، بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستا وا گونجاوە، یەک بیروبۆچوونمان هەبێت.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو، دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ تاوتوێکردنی ڕەوشی عێراق و بەدەمەوەچوونی داواکاریی خۆپیشاندەران بەڕێوەچوو. لە هەمان کاتیشدا پەرلەمانی عێراق لە هەوڵی هەموارکردنەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدایە. لەمبارەیەشەوە، د. ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستا زۆر گرنگە کوتلە کوردستانییەکان یەکگرتوو و یەکهەڵوێست بن، هاوکات ترسی خۆیشی لەهەمبەر ئەو بارودۆخە ڕاگەیاند و پێیوایە، ئەگەر هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە بەغدا یەکهەڵوێست نەبن بە سوودی کورد تەواو نابێت. ناوبراو داوا دەکات: پێویستە هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان یەکگوتار و یەکهەڵوێست بن، بەتایبەت بۆ پاراستنی بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان، هاوکات گرنگیشە وەکو هێزی کوردستانی پێکەوە کار بکەین و یەکدەنگ بین، چونکە بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستا وا گونجاوە، یەک بیروبۆچوونمان هەبێت.

عەدنان کەرکووکی: بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە نادەستوورییە

گوتەبێژی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک - گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە چوارچێوەی هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەنجوومەنی پارێزگاکانی دیکەی عێراق، بە نادەستووری ناو دەبات.

پەرلەمانی عێراق بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەنجوومەنی پارێزگاکانی سنووری دەسەڵاتی فیدرالیی عێراقی دەرکرد (جگە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان)، دۆخی تایبەتی پارێزگای کەرکووکی لەبەرچاو نەگرت. لەمبارەیەوە عەدنان کەرکووکی، گوتەبێژی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک - گەرمیانی پارتی، بە خەباتی ڕاگەیاند: ئەو بڕیارە نادەستوورییە و ناتوانرێت جێبەجێبکرێت، چونکە دەکرا ئەو بڕیارە بدرێت دوای گۆڕانکاری لە دەستوور. ڕوونیشی کردەوە کە دەستوور هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی دیاری کردووە، بۆیە تا ئەو ماددە دەستوورییانە هەبن، ئەمان ناتوانن بە بڕیاری ئەنجوومەنی نوێنەران، هەڵبوەشێنێنەوە. داوای ئەوەشی کرد کە ئەو لایەنانەی پەیوەندیدارن بە بابەتە، دەبێت لە دادگای فیدرالیی عێراق تانە لە بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق بدەن.

ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا دوو بڕیاری لە دژی تورکیا پەسەند کرد

ئەنجوومەن بڕیاری بەجینۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکانی بە دەستی عوسمانییەکان پەسەند کرد



ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا بڕیارێکی پەسەندکرد بۆ سزادانی تورکیا لەسەر لەشکرکێشییەکەی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا، هەروەها بڕیارێکی دیکەی پەسەندکرد بۆ ناساندنی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان بە دەستی عوسمانییەکان بە جینۆساید.

بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا، ئەنجوومەنی نوێنەران بە دەنگی 403 ئەندام لە بەرانبەر دەنگی 16 ئەندام ئەو بڕیارەیانی پەسەندکرد کە داوا لە سەرۆکی ئەمەریکا دەکات سزا بەسەر کاربەدەستان و حکوومەتی تورکیا بسەپێنێت لە بەرانبەر هێرشی بۆ سەر باکووری سووریا. بەپێی بڕیارەکە دەبێت ترەمپ پێدانی قیزە بە کاربەدەستانی تورک ڕابگرێت و سەرەوت و سامانی ئەو کاربەدەستانە سڕبکات کە دەستیان هەیە لەم لەشکرکێشییەی سەر باکوری سووریا، لەوانە وەزیری بەرگری. دەبێت وەزارەتی دەرەوە ڕاپۆرتێک بدات بە سەرۆک و کۆنگرێس لەبارەی ئەو کاربەدەستە تورکانەی بەشدارن لە لەشکرکێشییەکە و هەروەها ئەو کەسە بیانیانەی بە مەبەست زانیاری یان تەکنۆلۆجیای لەشکریان بە تورکیا داوە کە شیانی هەبێت بۆ لەشکرکێشی سەر باکوری سووریا بەکاربهێنرێت.

هەروەها دەبێت سەرۆک سزا بەسەپێنێت بەسەر گەورە بانکی دەوڵەتی تورکیا کە بە Halkbank ناسراوە. هەروەها سزای هەر دەزگایەکی دیکەی دارایی تورکیا بدرێت کە وەزارەتی دەرەوە ئاماژە بۆ ئەوە بکات بە مەبەست کارئاسانی کردووە بۆ هێزە چەکدارەکانی تورکیا یان پیشەسازی لەشکری تورکیا لە پەیوەست بە لەشکرکێشییەکە.

دەبێت سەرۆک سزاکانی یاسای CAATSA بەسەر تورکیا بسەپێنێت، یاسای CAATSA واتە یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی ئەمەریکا لە ڕێگەی سەپاندنی سزاکانەوە، لە ساڵی 2017وە کاری پێدەکرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەریەک لە ئێران و ڕووسیا و کۆریای باکوور. نابێت چەک و کەلوپەل و تەکنەلۆجیای لەشکری بۆ تورکیا ڕەوانەبکرێن کە شیانیان هەبێت لە ئۆپەراسیۆنە لەشکرییەکەی سەر باکوری سوریا بەکاریانبهێنێت.

بڕیارەکە داوادەکات دوو ڕاپۆرت ئامادەبکرێن، یەکێکیان لەبارەی کاریگەری ئەو لەشکرکێشییەی تورکیا بەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا، ڕاپۆرتی دووەم لەبارەی سەروەت و سامانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆکی تورکیا و خێزانەکەی. هەروەها ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا بڕیارێکی بە دەنگی 405 بەرانبەر 11 پەسەندکرد کە تیایدا کۆژرانی 1.5 ملیۆن ئەرمەنی لەلایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە نێوان ساڵانی 1915-1923 بە جینۆساید پێناسەدەکات. لە ئێستادا پێویستە ئەنجوومەنی سیناتی ئەمەریکا ئەویش دوو بڕیاری هاوشێوە پەسەند بکات تاوەکو سەرۆکی ئەمەریکا جێبەجێیان

حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک داواکاریی داوەتە بەغدا

د. ئەحمەد سەفار: بودجە ئامادەیە و داواکاریی کوردیشی تێدایە



بڕیاردەری لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک داواکاریی داوەتە بەغدا، لەوانە دیاریکردنی ڕێژەی پشکی هەرێم و دانەوەی قەرزەکان و پشکی هەرێم لە نەفەقاتی سیادی، لێکتێگەیشتنی باشیش هەیە و تەنها ماوە ڕێککەوتن بکرێت.

د. ئەحمەد سەفار لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: حکوومەت پڕۆژەیاسای بودجەی تەواوکردووە و تەنیا ماوە داواکاریی خۆپیشاندەرانی تێیدا جێگیر بکرێت و ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت، هەروەها لە نێوان هەرێم و بەغدادا پشکی هەرێم لە نەفەقاتی سیادی و دانەوەی قەرزەکانی هەرێم لە ساڵی 2004ەوە تاوەکو ئێستا و هەروەها ڕێژەی پشکی هەرێمی کوردستان دیاری بکرێت، بەڵام ئەوەی گرنگە لای ئێمە، پارەی خۆمان بە تەواوی وەربگرین، بە تایبەت قەرزەکان، ئەگەر بەغدا ئەمەی کرد، هەرێم نەوت ڕادەستی بەغدا دەکات، چونکە هەرێم قەرزی کۆمپانیاکانی لەسەرە. بڕیاردەری لێژنەی دارایی باسی لەوەش کردووە: هەر کاتێک حکوومەت لەگەڵ خۆپیشاندەران ڕێککەوت، ڕاستەوخۆ بودجە ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت و ئێمەش گفتوگۆی لەسەر دەکەین و پەسەند دەکرێت.

گفتوگۆ کراوە و داواکاریی کوردیش باس کراوە و لێکتێگەیشتنی باشیش هەیە، بۆیە تەنها ماوە ڕێککەوتنی لەسەر بکەن و ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت. سەفار گوتیشی: کورد کۆمەڵێک داواکاریی هەیە بۆ ئەوەی نەوت ڕادەستی بەغدا بکات، ئەوانیش بڕیتین لە دانی

yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/10/31 ژمارە (5861)

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا لەگەڵ کەناڵی (ABC News)ی ئەمەریکی:

کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا دەرهاویشتەی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە

دەبێت هەوڵی چارەسەرکردنی هۆکارەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش بدرێت بۆ ئەوەی زەمینەی بەهێزبوونەوەی رێکخراوە تیرۆریستییەکان نەڕەخسێت



مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، داعش بە کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی کۆتایی نایەت و کشانەوەی ئەمەریکاش لە ناوچەکە دەرهاویشتەی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە.
لە دیانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ کەناڵی ئەی بی سی نیوزی ئەمەریکی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی بە سەرکەوتنێکی مەزن لەقەڵەم دەدات، ئاماژەی بەوەشداوە کوشتنی بەغدادی ماوەیەکی زۆرە ئامانجی زۆربەی ئەندامەکانی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی شەڕی دژی داعش بووە، کە دەرئەنجامی کۆکردنەوەی زانیاریی ژمارەیەک دەزگای هەواڵگریی بووە.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی لەمبارەیەوە دەڵێت :
بێگومان ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەبوو لە شەڕی دژی تیرۆریزم، بەڵام ئەمە کۆتایی داعش ناگەیەنێت. لەناوبردنی بەغدادی ئامانجی هەموو هاوپەیمانان بوو، خۆشحاڵم کە ئۆپەراسیۆنەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجامدرا و ئەو تیرۆریستە لەناوبرا. ئەم ئۆپەراسیۆنە وەکو شتێکی شاراوە و مەتەڵێک بوو. هەر دەزگایەکی هەواڵگریش بەشێوەیەک لە شێوەکان رۆڵیان هەبوو لەوەی بەشێک لە مەتەڵەکە بدۆزنەوە کە سەرەنجام بووە هۆی ئەوەی ئۆپەراسیۆنەکە سەربکەوێت.
هاوکات سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەشی روونکردووەتەوە، نەمانی بەغدادی کۆتایی رێکخراوەکە نییە، هەرچەندە تووشی هەژانێکی کاتی دەبن، بەڵام وەک لە داعش و رێکخراوە تیرۆریستییەکانی دیکەشدا رووبداوە کە سەرکردەیەکیان دەکوژرێت، دوای ماوەیەک خۆیان رێکخستووەوە و دەستیان بە کاری تیرۆریستی کردووەتەوە، بۆ نموونە داعش لە بەهاری رابردووەوە تا ئێستا 300% کردەوە تیرۆرستییەکانی زیادی کردووە، لە چەند ناوچەیەکی عێراق، جیا لە سووریا.
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی، ئاماژەی بە مەترسیی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سووریا کرد، بەوەی کشانەوەکە دەرهاویشتەی مەترسیداری لە ناوچەکە لێدەکەوێتەوە، لەمبارەیەوە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی دەڵێت: رەنگە بۆ ماوەیەک رێکخراوەکە بخاتە ڕەوشێکی دژوارەوە، بەڵام زۆر حاڵەتمان بینوە کە سەرکردەی دیکەی رێکخراوە تیرۆرستییەکانی دیکە کوژراون، بەڵام دوای ماوەیەک خۆیان رێکخستووەتەوە. رەنگە ئەمەش هەندێک کاریگەری لەسەر داعش هەبێت، بەڵام پێمانییە هەڕەشەی داعش کۆتایی هاتووە. بە پێچەوانەوە لە ماوەی رابردوودا هێرشەکانی داعش لە سەدا 300 زیادیان کردووە. پێمانوایە هەر بۆشاییەکی ئەمنی، هەڵێک دەبەخشێتە داعش بۆ ئەوەی بە قازانجی خۆی بیقۆزێتەوە. بۆیە پێمانوایە پێشهاتەکانی ئەم دواییەی ناوچەکە دەرفەتێک دەداتە داعش تاوەکو بۆ قازانجی خۆی سوودی لێ وەربگرێت.
لە کۆتایی دیانەکەشدا، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی، هۆشداری لە قۆستنەوەی بۆشایی ئەمنی لە لایەن داعش دا، بە تایبەتیش دوای بڕیارەکەی سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالد ترەمپ و کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا، بەوەی ئەو هەنگاوە دەرفەت بە داعش دەدات، جارێکی دیکە خۆی رێکبخاتەوە، دووپاتیشی کردووەتەوە، کە هۆکارەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش و تیرۆر بە گشتی هەرماون و دەبێت هەوڵی چارەسەرکردنیان بدرێت بۆ ئەوەی زەمینەی بەهێزبوونەوەی رێکخراوە تیرۆریستیەکان نەڕەخسێت.

هەر بۆشاییەکی ئەمنی هەڵێک دەبەخشێتە داعش بۆ ئەوەی بە قازانجی خۆی بیقۆزێتەوە

ئەنجوومەنی وەزیران دوا پێشهاتەکانی عێراقی تاوتوێ کرد

ئەنجوومەنی وەزیران دروستکردنی سندوقی هەمیشەیی فریاکەوتنی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان پەسەند کرد

دژی هەر هەوڵێکین بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵات و مافە دەستوورییەکانمان لە عێراق



دوێنێ چوارشەممە /201910/30 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن کۆبووەوە.
لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەی بە رووداوی کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی سەرکردەی رێکخراوی تیرۆریستی داعش کرد و گوتی: راستە کوشتنی بەغدادی زۆر گرنگ بوو، بەڵام ئەمە کۆتایی داعش و تیرۆر نییە، بەڵکو هێشتا داعش مەترسییەکی جیددیە بۆ سەر دانیشتوانی زۆر ناوچەی عێراق. گوتیشی: ئەفسانەی داعش لەسەر دەستی پێشمەرگە تێکشکێندرا کە بووە هۆی دەستپێکی دارمانی داعشیش لە سووریا لەسەر دەستی کورد.
پاشان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، تیشکی خستە سەر دوا پێشهاتەکانی عێراق و رایگەیاند کە تێکچوونی بارودۆخی عێراق، لە بەرژەوەندی خەڵکی هەرێمی کوردستان و عێراق بە گشتی نییە. گوتیشی: ئێمە لەگەڵ داوای ڕەوا و ئاشتییخوازانەی خۆپیشاندەرانین، بەڵام دژی بەکارهێنانی تووندوتیژین لە هەر لایەکەوە بێت.
پشتگیریش لە سەرۆک وەزیران عادل عەبدولمەهدی دەکەین بۆ ئەنجامدانی چاکسازییەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان. هەروەها هیچ گۆڕانکارییەکیش لە دەرەوەی رێکارە دەستووریی و یاساییەکان پەسەند ناکەین و دژی هەر هەوڵێکیشین بۆ کەمکردنەوە و دەستکاریکردنی دەسەڵات و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە عێراق و رێگەش نادەین هیچ گۆڕانکارییەک لە دەستووری عێراق ڕووبدات کە دژی ماف و خواستەکانی خەڵکی کوردستان و قەوارەی فیدرالی هەرێمی کوردستان بێت. داواش لە هەموو هێز و لایەنە کوردستانیەکان دەکەین کە یەکڕیز و یەکدەنگ بن بۆ داکۆکیکردن لە مافە دەستوورییەکانمان.
پاشان رێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ، راپۆرتێکی دەربارەی پلانی فریاکەوتنی مرۆیی بۆ پێشوازیکردن لە شەپۆلی تازەی پەنابەرانی سووریا بۆ هەرێمی کوردستان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان خستەڕوو.
لەمڕووەوە ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیازی وەزیری ناوخۆی پەسەند کرد، بۆ دروستکردنی سندوقێکی هەمیشەیی فریاکەوتنی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان بۆ هاندانی حکوومەتی فیدرالی و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنە کۆمەکبەخش و رێکخراوە مرۆییەکان و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی ناوخۆ و دەرەوە بۆ بەشداریکردن لەم سندوقەدا.
بڕگەی دووەمی کۆبوونەوەکە، خستنەڕووی دوا هەنگاوەکانی ئامادەکردنی کارنامەی چوار ساڵەی وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بوو لە چوارچێوەی هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. لەمبارەیەوە عەبدولحەکیم خەسرەو سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون راپۆرتێکی خستەڕوو. بڕیارە لە نزیکترین دەرفەتدا پەسەند بکرێت و جێبەجێ بکرێت.
سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران جەختی لەسەر پەلەکردن لە ئامادەکردنەوەی پڕۆژە یاسای چاکسازی و پەسەندکردنی کرد، بەمەبەستی ناردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان وەک کارە لەپێشینەکانی هێڵە گشتییەکانی کابینەی نۆیەم.
پاشان ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار پێشنیازی هەمواری یەکەمی پەیڕەوی پێکهێنانی ئەنجوومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان خستەڕوو.
ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیازی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری پەسەند کرد بۆ هەمواری پەیڕەوەکە بەڕەچاوکردنی ئەو تێبینی و سەرنجانەی لە لایەن وەزیرە پەیوەندیدارەکان خرانەڕوو.

فۆتۆ: فەرهاد ئەحمەد

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران: پێویستە پەلە بکرێت لە ئامادەکردنی پڕۆژە یاسای چاکسازی و پەسەندکردنی

وتارو ڕاپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
پێنج شەممە 2019/10/31 ژمارە (5861)
www.xebat.net
خەبات



د.محەمەد خدرمەلوود

لە دوای عادل عەبدولمەهدی عێراق بەرەو کوێ ..؟

ئاماژەکان بەرەوە ئەوەدەچن لە ئێوارەی ڕۆژی سێشەممەی 2019/10/29موقەتەدا سەدر ڕێبەری ڕەوتی سەدر بە تەواوەتی ملی لەبەر ملی عادل عەبدولمەهدی ناوە بۆ دەست پێ لەکارکێشانەوەی حکوومەتەکەی و لادانی لە حکومداریەتیکردنی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقدا، ئەوەی لە پاش نیوەڕۆی ئەوڕۆژە ڕوویدا لە کەربەلاو بەغداوە دوای هاتنەوەی سەدر لە تاران و دابەزین لە فڕۆکەخانە و یەکسەر چوونە نێو خۆپێشاندەران و گەیاندنی پەیامەکەی بە عەبدولمەهدی لە بەغداو و وەلامدانەوەی عەبدولمەهدیش لە بەغداوە بۆ کەربەلا. وا مەترسییە ئایندەییەکان سەرهەڵدەدەن و چارەنووسی پرۆسەی سیاسیی لە عێراق دەخەنە بەردەم چەندین ئەگەر و پرسیار و پێشهاتی چاوەڕوانکراو و نەکراوی ترسناک .

لە ڕۆژی چوارشەممەوە تەواوی خەڵکی ئەو وڵاتەی ناوی عێراقە، بە خەڵکی هەرێمی کوردستانیشەوە لە هزر و بیری ئەودان بە ڕێککەوتەکان چۆنچۆنی دەبن و چییان لێ دەکەوێتەوە؟ ئایا جێگرەوەی عادل عەبدولمەهدی چۆن حوکمڕانی دەگرێتەدەست؟ دوای هەموارکردنەوەی چەند بابەتێکی دەستووری و بە هەڵبژاردنی پێشوەختە و هەڵوەشانەوەی پەرلەمانی؟ یا بە شەڕی نێومااڵی شیعە و کوردتا و تێوەگلاندنی پێکهاتەی تری عێراق؟ ئەی چ گرەنتییەک هەیە ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی دروست و دیموکراتیانە، نەک دیموکراتی تەوافقی بەرێوەبچێت، یاخود پرۆسەکە بریتی بێت لە یارییەکی سیاسی باگراوندنی نێو مااڵی شیعە بۆ گۆڕینی ڕووساری سەرۆک وەزیرانی ئێستا بە یەکێکی دیکەی شیعی . یا لە نەبوونی ئەو تەوافقییە، کە پێدەچێت چتر شیعەکان باوەڕیان پێ نەمابێت، کورد چەند زەرەمەند دەبێت؟ ئایا دیسان هەوڵێر ڕۆڵ و پێگەی بۆ دامەزراندنەوەی حکوومەتی بەغدا هەر کاریگەر دەبێت و هەر دەبێتە خاڵی یەکلایکردنەوەی گرفتەکانی بەغدا بۆ سەرۆکوەزیرانی تازە یاخود ئەو پرۆسە و پێشهاتانەی لە ڕۆژی چوارشەممەوە سەرەداوی ڕووداناین بەدیاردەکەوێت بۆ پەراوێزخستنی هەرێمی کوردستان و هەوڵێرە لەو هاوکێشە سیاسییە تازەیەی دوای عادل عەبدولمەهدی دێتە ئاراوە ؟

بەدیوێکی دیکەی پرسیارەکە ئێستا هەرێمی کوردستان کە خاوەنی چەندین ئەزموونە لەگەڵ بەغدا و خەڵکەکەشی مارانگەستەی حوکمدارانی پێشووی بەغدان، دەپرسن چیتر کورد کچی خۆی بە قوربانی کوڕی خەڵکی دەکات؟ یا چیتر هەوڵێر دەبێتە قوربانی بەغدا؟

لە کاتێکدا عادل عەبدولمەهدی خۆی قوربانی نێوان هاوکێشەکەی نێومااڵی شیعەیە، ئایا بەداواکردنی کۆنفیدراڵی لە جیاتی فیدراڵی مەترسییە سەرەکییەکان لەسەر کورد و هەرێمی کوردستان دەڕەوێنەوە و ئایندەی ژیانی شایستەی خەڵکەکەی ناکەوێتەوە بەر هەڕووگیف و هەڕەشەی ئەم و ئەو؟

لە ڕۆژی چوارشەممەوە 30 تشرینی یەکەمی 2019وە لە هزرو بیری خەڵکی کوردستاندا گەڵێ پرسیار دەخولێنەوە و جۆرە نا ئارامییەکیشیان لێ بەدی دەکرێت، کە دیسان بەغدا بە چاوپێهەڵنەهاتنی بە پێشکەوتن و گەشەسەندنەکانی هەرێمی کوردستان و پیادەکردنی ژیانی ئاشتیانەی فرەنەتەوەیی ئایین و ئاینزایی و دیموکراتیانەی پێکەوەیی و گوزەرانی ئاسایی کورد و هەرێمی کورد دیسان پرسی بودجە و مووچە و شایستەکانی پێشمەرگەی کوردستان و دۆسیەی نەوت وەک چەکێکی سیاسی بۆ سزادان بەکارنەهێنێت.

گەر ئەویان پرسیار و بابەتی تێڕوانینی ئێستای خەڵکی هەرێمی کوردستان بێت بۆ بەغدا و چارەنووسی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، هەر ئەوە خەڵکە شۆڕشگێڕ و تێکۆشەر و خۆڕاگر و پشوودرێژەی هەرێمی کوردستانیشە کە خاوەنی ڕەسەنی زەنگی لێدانی پرۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی خۆیەتی و زەنگەکەش لە زرینگەدانی جیهانی هەژاند و ئێستاش لە زرینگەدان نەکەوتووە.

هۆشیار سیوەیلی:

سەرۆک بارزانی داڕێژەری پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی پارتی و هەرێمی کوردستان بووە لە دنیای دەرەوەدا

کۆبوونەوەی سێقۆڵیی نێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕان بۆ دابەشکردنی پۆستە ئیداریەکان ئەنجامدەدرێت

هەرچەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێزتر بێت هەرێمی کوردستانیش بەهێزتر دەبێت

بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی ڕاگەیاند: لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆبوونەوەی سێقۆڵیی نێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕان بۆ دابەشکردنی پۆستە ئیداری و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و پڕکردنەوەی پۆستە وەزارییەکان ئەنجام دەدرێت. لەمەڕ پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دونیای دەرەوەشدا، بە ئاستێکی بەرز وێنایان دەکات، هاوکات بەردەوامیش دەبن لە بەرەودان بە پەیوەندییەکانیان، ئەو پەیوەندییەشی ئێستا لە ئارادایە، بە بەرهەمی تێکۆشان و هەوڵی بەهێزی سیوەیلی، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی، ئاستی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ وڵاتان بە قۆناغێکی گرنگ و بەهێز وێنا دەکات، هاوکات دوایین سەردانی شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ هەریەکە لە وڵاتانی چیک و پۆڵۆنیا و ئەڵمانیا و بەلجیکا، بە ئەنجامی باش پێناسە دەکات، کە وڵاتان بە گرنگ و بایەخەوە دەڕواننە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەکەدا، دووپاتی پاڵپشتی و پشتیوانیی هەرێمی کوردستانیان کردووەتەوە لە پێشکەشکردنی هاوکاریی مرۆیی و لۆجستی تایبەت بەو ئاوارانەی بەهۆی مەترسی جەنگ ناوچەکانیان جێهێشتووە و ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، هاوکات جەختیان لەسەر بەردەوامیی مەشق و ڕاهێنانی سەربازی بە هێزەکانی پێشمەرگەش لە چوارچێوەی هاوپەیمانان کردووەتەوە و، وەسفی نموونەی ئارامی و پێشکەوتنی هەرێمی کورستان دەکەن.

بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی جەختیش لەوە دەکاتەوە، کە ئەوەی ئێستا گرنگە، ئەوەیە کە وڵاتان بۆیان ڕوون بووەتەوە، بە هەبوونی پەیوەندییەکی تۆکمە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کورستان و، پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەهێزتر و هەمەچەشنتر دەبن، گوتیشی: ئەمەش لەیاد نەکەین، هەرچەندە پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێز بێت، هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەبێت، لە ماوەی ڕابردووشدا بە شێوەیەکی ڕوون و ڕەوان ئەو ڕاستییە دەرکەوتووە.

پەیوەندییەکانی پارتی لەگەڵ دەرەوە لەسەر بنەمای دیپلۆماسییەتی سەرۆک مسعود بارزانییە

هەر لە دیمانەکەنەدا سەبارەت بە چۆنیەتیی داڕشتنەوەی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کورستان لەگەڵ دونیای دەرەوە و دانانی میکانیزم و شێوازی نوێ بۆ گەشەی زیاتر بە پەیوەندییەکانیان، هۆشیار سیوەیلی، پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی پارتی لەگەڵ وڵاتان بە ئاستێکی بەرز وێنا دەکات، هاوکات بەردەوامیش دەبن لە بەرەودان بە پەیوەندییەکانیان، کە لە بەرژەوەندیی خەڵکی هەرێمی کوردستاندا بێت، ئەو پەیوەندییەشی ئێستا لە ئارادایە، بە بەرهەمی تێکۆشان و هەوڵی بەهێزی دیپلۆماسییەتی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی ناو دەبات، کە جەنابی سەرۆک بنچینەی سەرەکی و داڕێژەری پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەرێمی کوردستان بووە لە دونیای دەرەوەدا، نموونەش بەوە دێنێتەوە، کە دواهەوڵی دیپلۆماسیی سەرۆک مسعود بارزانی لەمەڕ لەشکرکێشیی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بوو، کە بینمان چۆن جیهانی هێنایە دەنگ، هەوڵی پاراستنی هاوواڵتیانی سڤیلی دا لە هێرشی سەربازی تورکیا، کە لە ماوەیەکی کورتدا ئەنجامەکانی دەرکەوتن و بووە هۆی سنووردارکردنی هێرشەکە، بۆیەشە سیوەیلی جەخت دەکاتەوە، کە لەسەر ئەو فەرهەنگەی جەنابی سەرۆک بارزانی بەردەوام دەبن، بۆ ئەوەی بتوانن خزمەت بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیدا بکەن.

بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاماژەی بەوەش دا، کە پەیوەندیی تۆکمە و هەماهەنگیی بەردەوام لە نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی زلهێزدا هەیە، ڕۆڵی هەریەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ڕووسیا لە ناوچەکەدا گرنگە و ئەوان بە بایەخەوە دەڕواننە هەرێمی کوردستان، بە بەرهەمی بەهێزی دیپلۆماسییەتی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی دێنێتەوە، کە بنکەی سەربازیی جێگیری لە هەرێم هەیە، هاوکات لە ڕووی ئابووری و سیاسییش بەردەوام لە پێشکەوتندایە، هەروەها سەردانی هەریەکە لە وەزیرانی دەرەوەی ڕووسیا و فەرەنسا بۆ هەرێمی کوردستانیش بە ئاماژەی بەهێزیی ترافیکی دیپلۆماسیی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا نێو دەبات، کە ڕووسیاش دەیەوێت ڕۆڵ و پێگەی ئابووری و سیاسی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەهێز بکات.

هەوڵێر و بەغدا بەردەوامن لە دانوستانەکان

هۆشیار سیوەیلی، بنەمای سەرەکیی پەیوەندیی هەوڵێر و بەغدا بە دەستور نێو دەبات و بە پێویستیشی دەزانێت خاڵەکانی جێبەجێ بکرێن، لە دانانی عادل عەبدولمەهدیش بە سەرۆکوەزیران، دەیگێڕێتەوە بۆ کورد، کە ڕۆڵی سەرەکییان لە پشتیوانیکردنیدا بینیوە، ئەوەش لە پێناو ئەوەی ناوبراو بتوانێت کۆتایی بە گرژییەکانی نێوان هەوڵێر و بەغدا بهێنێت، سیوەیلی لە بەردەوامیی گوتەکانیدا ئاماژەی بەوە دا، کە بەشێکی ماددە دەستوورییەکان جێبەجێکراون و بەشێکی دیکەیان بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، بۆیەشە هەوڵێر و ناوەند بەردەوامن لە دانوستانەکان، ناوبراو سستیی گفتوگۆکانی نێوانیشیان بۆ گرژی و ئاڵۆزییەکانی بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق دەگێڕێتەوە و تاکو ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە، ئەوکات گفتوگۆکانیان دەستپێدەکاتەوە، وێڕای ئەوەی سیوەیلی لەگەڵ داخوازییەکانی شەقامی بەغدایە و داواکانیان بە ڕەوا و داوای مافە سەرەتاییەکانیان ناوزەد دەکات، بەڵام بە پێویستی دەزانێت، کە خۆپیشاندانەکان دوور بن لە تووندوتیژی و ئاژاوەگێڕی، لە بەرانبەردا بە هێمنانە داوای مافەکانیان بکەن.

بەمەزووانە سێ لایەنەکەی هەرێم کۆدەبنەوە

پارتی دیموکراتی کوردستان پەیوەندیی زۆر باشی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە، هەمیشەش دەڕگای بە ڕووی لایەنە سیاسییەکاندا بە ئاراستەی یەکگرتوویی و تەبایی کورد لە ناوچەکەدا کراوەیە، پەیوەندیی سیاسی تۆکمەی پارتی و یەکێتی دەبێتە هۆی سەقامگیری و پێشکەوتنی زیاتری هەرێمی کوردستان، هۆشیار سیوەیلی وایگوت، هاوکات دەشڵێت، کە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕانیش ڕێککەوتنێکی سیاسی لە نێوانیاندا هەیە و هەردووڵاش پابەندی ڕێککەوتنە سیاسییەکەن، هەروەها لیژنەیەکی هاوبەش لە ئاستی باڵادا پێکهێندراوە و لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆبوونەوەی سێقۆڵیی نێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕان بۆ دابەشکردنی پۆستە ئیداری و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و پڕکردنەوەی پۆستە وەزارییەکان ئەنجام دەدرێت، ئەویش بەپێی بەرکەوتەی حکوومەت و پەرلەمان، هاوکات هەماهەنگییەکی باشیش لەو چوارچێوەیەدا هەیە.

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان

ناوبراو سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق و، دۆخی پارێزگای کەرکووک پێی وایە، کە کۆدەنگی و یەکهەڵوێستییەکی باش لە نێوان لایەنە کوردییەکان و پێکهاتەکانی دیکەدا هەیە، ئەو لیستە هاوبەشەی پێکیش هێنداوە بۆ کورد، لە دیدگای هۆشیار سیوەیلییەوە ئاراستە و ئەنجامی باشی دەبێت، بەو پێیەی دەنگەکان پەرش و بڵاو نابن، هاوکات پێیشی وایە ئەو دیباجەیە دەبێتە هۆی چارەکردنی دۆخی پارێزگای کەرکووک و تا ڕادەیەکی باش گرفتەکان چارەسەر کراون، چونکە سەرجەم لایەنە کوردستانییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی بە یەکلیست بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن، دەشڵێت، کە تا ئێستا ڕوون نییە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لە وادەی خۆی و لە مانگی نیسانی سااڵی ئایندەدا ئەنجام دەدرێت، چونکە ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەڵپەسێردراون لە لایەک، لە لایەکی دیکەیشەوە نەگەڕانەوەی ئاوارەکانیش بۆ زێدی خۆیان، بە گرفتێکی دیکە ناو دەبات، بە تایبەتیش ئاوارەکانی مووسڵ و کەرکووک، کە ئەوان خوازیارن گرفتەکانیان چارە بکرێن.



ئەمڕۆ یەکەمین دەنگدان بۆ لەسەرکار لادانی ترەمپ بەڕێوەدەچێت

ئەمڕۆ پێنجشەممە یەکەمین دەنگدان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا سەبارەت بە لێپرسینەوە لە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ بە مەبەستی لەسەرکار لادانی بەڕێوەدەچێت. لەمبارەیەوە سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، نانسی پێلۆسی کە زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەنەکە سەربە پارتی دیموکراتن لە نامەیەکدا ئاماژەی بەوە داوە کە ئەم جۆرە دەنگدانانە ناچاری نین، بەاڵم بۆ ئەوەی ئیدارەی ترەمپ لە میانی لێکۆڵینەوەکەدا نەبێت بە ڕێگر لەوەی هیچ جۆرە بەڵگەیەک بگێڕنەوە، ڕێگری لە گوتە وەرگرتن لە گەواهیدەران نەکەن و بانگهێشتنامەکان ڕەتنەکەنەوە، ئەم دەنگدانە ئەنجام دەدەن.

لە نامەکەی پێلۆسیدا هاتووە: ئەم هەفتەیە پڕۆژە یاسایەک پێشکەش دەکەین بۆ جەختکردنەوە لەوەی داواکاری بەڵگەکان، تۆمار و گوتەکان بۆ بانگهێشتکردن و هەنگاوەکانی دیکە بەشێکن لە لێپرسینەوە لە لایەن لیژنەکانمانەوە. لای خۆیەوە کۆشکی سپی ڕایگەیاند کە تاکو تێکستی پڕۆژە یاساکە نەبینن، لێدوانێکی ڕوونیان نابێت و دەڵێت: لە کۆتاییدا پێلۆسی ڕاستییەک قبوڵ دەکات کە تەنانەت کەسانی بێئاگاش لە ئەمەریکا دەیزانن. دیموکراتەکان پڕۆسەیەکی لێپرسینەوەیان بەڕێوە دەبرد کە دەسەاڵتی ئەوەیان نەبوو. مافە یاساییەکانی بە سەرۆک ترەمپ نەدەدا. هەروەها گوتە وەرگیراوەکان لە پشت ژوورە داخراوەکان و بەنهێنی بەتەواوی نایاسایی بوون.

– لێکۆڵینەوەکان لە پێناو لەسەرکار لادانی ترەمپ

پەیوەندییە تەلەفۆنییە مشتومڕاوییەکەی نێوان سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ و سەرۆکی ئۆکراینا، ڤلۆدۆمیر زێلێنسکی کە لە مانگی تەموزدا ئەنجامدراوە، بووە هۆی ئەوەی دیموکراتەکانی کۆنگرێس لێکۆڵینەوە بە مەبەستی لەسەر کار لادانی ترەمپ دەست پێ بکەن. بانگەشەی ئەوەکرابوو ترەمپ لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا، داوای لە ئۆکراینا کردووە لە کوڕی کاندیدی بەرایی دیموکراتەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی 2020 جۆ بایدن بکۆڵێتەوە. لەبەرامبەردا ترەمپ داکۆکی لەوەکردبوو کە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی لەگەڵ زێلێنسکی بەتەواوەتی لەگەڵ پرەنسیپەکاندا گونجاو بووە.

لە ژمارەیەک هەواڵدا کە لە میدیای ئەمەریکادا باڵاوکرابوونەوە، بانگەشەی ئەوە کرابوو ترەمپ بە سەرۆکی ئۆکرایناى گوتووە تەنها ئەگەر بێت و لە بایدن و خانەوادەکەی بکۆڵێتەوە، هاوکارییە وڵاتەکەی دەکات و دیموکراتەکانیش لەسەر بنەمای ئەم بانگەشانە دەستیان بە لێکۆڵینەوەی لەسەر کار لادانی سەرۆکی وڵاتەکەیان کردبوو. لای خۆشییەوە ترەمپ ڕایگەیاندبوو، بەر لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە هاوکارییەکانی ئەمەریکا بۆ ئۆکراینا کە بڕەکەی 400 ملیۆن دۆلارە، هەڵپەسێردراون. دواتر کۆشکی سپی دەقی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی باڵاوکردەوە و داکۆکی لەوەکرد کە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە و هاوکارییەکاندا نییە.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/10/31 ژمارە (5861)
خەبات

بیرهێنانەوەی رۆژێکی شکۆدار لە مێژووی شاری سلێمانیدا

سلێمانی وێستگەیەکی گرنگی سەردانەکانی بارزانیی نەمر دەبێت لە کاتی گەڕانەوەی لە یەکێتیی سۆڤیەتدا



نووسەر ساسان دەروێش لەگەل مێژوونووسان ئەحمەدخواجە و کەریم زەند

ساسان دەروێش- هۆڵەندا

61 ساڵ لەمەوبەر لە 30ی ئۆکتۆبەری 1958دا، بارزانیی نەمر لە سەردانێکی مێژوویی‌دا، سەردانی شاری سلێمانی دەکات، وەک وەفایەک بۆ ئەو چەند ساڵەی خۆی و کەسوکار و هەڤاڵەکانی دەستبەسەربوون لەو شارەدا و لە دوای 15 ساڵ جێهێشتنیانی بە دیداریان شاد دەبێتەوە، لە چەند رۆژێکی مانەوەی لەگەڵیاندا، ئەمەش لە دوای سەرکەوتنی کودەتای شۆڕشی 14ی تەمووز بە سەرۆکایەتیی عەبدولکەریم قاسم، حکوومەتی عێراق بە فەرمی رەزامەندی دەربڕی لەسەر گەڕانەوەی باوکی پڕۆحیی کورد بارزانیی نەمر و هەڤاڵەکانی لە 10/6/ 1958لە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران کە وەک سەرکردەیەکی کورد و قارەمان لە پاش 12 ساڵ لە ژیانی ئاوارەیی و دوور لە کوردستان، وەک پاڵەوان گەڕانەوە بۆ نیشتمان و پێشوازییەکی گەرمی بێ وێنەیان لێکرا، لەلایەن هەموو تۆێژەکانی عێراق، بە کورد و عەرەب و کەمەنەتەوەییەکان، بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو مێژووە و پشتبەستن بە سەرچاوەکان و خستنە بەردەستی نەوەی نوێ بۆ بە ئاگابوون، بە ڕای خۆم وەک بەندە، لەنێو ئەو هەموو چاپکراو و هەواڵنەی نووسەران و تۆێژەران بڵاویان کردووەتەوە، ئەرشیفی کۆنگرەی 90 ساڵەی لەدایکبوونی بارزانیی نەمر بە کارێکی پڕ سەروەری دەزانم کە نووسەر و ڕووناکبیری کورد مومتاز حەیدەری سەرپەرشتی کرد، بە ئامادەبوونی سەرۆک مەسعود بارزانی و بانگهێشتکردنی بەشێکی بەرچاو لە نووسەران و سیاسەتوانان بۆ خستنەڕووی بیروەرییەکانیان لەگەڵ بارزانیی نەمردا.

کۆنگرەکە لە 14 تا 1993/9/17 لە پیرمام بەسترا، لەنێو وتەکانیاندا پەردە لادرا لەسەر بەشێکی شاراوەی مێژووی بارزانیی نەمر و دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی کەلەپووری بارزانیی نەمر، بەمەش مامۆستا مومتاز حەیدەری کارێکی پیرۆزی بۆ مێژووی کورد ساغکردەوە کە لە ئێستادا زۆربەی زۆری ئەندامانی ئەو کۆنگرەیە، کۆچی دواییان کردووە، ئەوەی لەدوای خۆیان وەک ئامانەت مایەوە بیروەرییەکانیانە، بەڕاستی مامۆستا مومتاز حەیدەر خزمەتێکی گەورەی کرد. بەندەش لەو کاتوساتەدا لاوێکی تازە پێگەیشتوو بووم و لە ڕێگای بیروەرییەکانی باوکی شەهیدم محەمەد دەروێش نادر و داستانی مێژوویی لێدانی بیرە نەوتەکانی زەمبوور لە 1965/7/21 بوومە ئەندام و بەشداریم کرد لە کۆنگرەکەدا، لە نزیکەوە گوێبیستی هەموو ئەو یاد و بیرەوەرییانەش بووم، لەم دوایانەشدا پەرتووکی کەسایەتیی مستەفا بارزانیی لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی نووسەری لاو، زانیار سەردار قڕگەیی، توانی لە دوای هەشت ساڵ لە کاری بەردەوام و شەونخوونی بەرهەمێکی دانسقە بخاتە بەردەستی نەوەی نوێ، کە زۆربەیانی لە فەوتان ڕزگارکرد لە مێژووی پڕ سەروەری بارزانیی نەمر، بۆ ئێستا و داهاتووش بیێتە سەرچاوەیەکی گرنگ.

1958/10/30 ڕۆژێکی شکۆدارە لە مێژووی شاری سلێمانیدا

لە کۆتایی سییەکانی سەدەی ڕابردووەدا بارزانی و کەسوکار و هەڤاڵەکانی لەسەر هەڵوێستی کوردیەروەری ئاوارەی شاری سلێمانی دەکرێن، چەند ساڵێک لە گەڕەکەکانی ئەم شارەدا نیشتەجێبوون و لەگەڵ کەسایەتی و خانەوادەی ئەم شارەشدا تێکەڵاو دەبن و کاریگەری خۆیان بەسەر هەست و خۆشەویستییان جێدەهێڵن، لە یادەوەرییەکانیدا کە هەمیشە شانازی بەو کاتوساتانەوە دەکەن و پشتاوپشت هەنگاوەکانیان دەبڕن، تا بە ئەمڕۆش دەگات، کە سلێمانی بووەتە بەشێکی دانەبڕاوی یادەوەرییەکانی بارزانیی نەمر تا لە ڕێککەوتی 11ی حوزەیرانی 1943دا بارزانیی نەمر بە یارمەتی و کۆمەک و کارئاسانی کۆمەڵەی هیوا و کەسایەتی ناسراوی شار، شێخ لەتیف شێخ مەحمود بەرەو بارزان دەبازبوون و لەوێوە شۆڕشی دووەمی بارزانی بەرپاکرا تا چوونی بۆ هاوکاری کۆماری مەهاباد و پەرینەوەی لە چۆمی ئاراس و چوونی بۆ یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، لە دوای کوتادا 14ی تەمووز لە 12 ساڵ ئاوارەی گەڕایەوە بۆ نیشتمان و لەنێو وێستگەکانی سەردانەکانی بۆ شارەکانی کوردستان لە 1958/10/30 سەردانی سلێمانی کرد و لە نزیکەوە خەڵکی شاری بەسەر کردەوە، وەک وەفا و ئەو خۆشەویستییەی لە دڵ و دەروونی ڕۆڵەکانی ئەم شارەدایە بۆ ئەم سەرکردەیەی کورد. بارزانیی نەمر کە تێیدا لەو چەند ڕۆژەی مانەوەی چەندین شوێنی گرنگی بەسەر کردەوە، لە مزگەوتی گەورە و گردی سەیوان و بەردەرکی سەرا و پێشکەشکردنی وتەیەکی بە نرخ زیاتر گەورەی ئەم باوکەی کوردی بۆ شارەکە دیاریکرا، لە سەرەتای بەرپابوونی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، کوڕ و لاوانی ئەم شارە هێز و بازووی شۆڕش بوون لە نێو سەنگەرەکانی کوردایەتیدا.


شانازییەکان لەنێو پەڕاوەکانی نووسەرانداسەرچاوەی ئێستامان

کۆنگرەی 90 ساڵەی لەدایکبوونی بارزانیی نەمر لە پیرمام لە ساڵی 1993 بە نموونەی هەموو ئەو بەڕێزانەی بانگهێشتکرابوون لە شارەکانی کوردستانەوە بۆ خستنەڕووی یاد و بیرەوەرییەکانیان و یاداشتکردنیان وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی، سێ کەسایەتیی سلێمانی و مێژوونووس و خاوەن بەرهەم پڕ لە ئەزموون لە کارەکانیاندا لە شاندەکەی ئێمەدا بوون لە ئەندام بوونیان و ئامادەبوونیان کە لە سلێمانییەوە پێکەوە هەموو بە ڕێکەوتین بۆ کۆنگرە.

بەڕێزان ئەحمەد خواجە و عەبدولڕەقیب یوسف و کەریم زەند، لە ڕۆژانی کۆنگرەدا هەر یەکەیان بەجیا باسیان لە مێژوویی پڕ سەروەری بارزانی و هەڤاڵەکانیان کرد لە کاتی ئاوارەبوونیان بۆ شاری سلێمانی و دەستبەرکردنیان، شایەنی وەبەرهێنانەوەیە هەردوو مێژوونووس ئەحمەد خواجە و کەریم زەند، کۆچی دواییان کردووە، تەمەندرێژیش بۆ عەبدولڕەقیب یوسف، کە ئەمڕۆ بۆ بیرهێنانەوەی بەشێک تر لە مێژوویی پڕ سەروەری بارزانیی نەمر، دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ئەو یاداشتانەی تۆمارکراون، لەلایەن نووسەر و ڕووناکبیری کورد، مومتاز حەیدەری کە باس لەم ڕۆژە مێژوویییەی سلێمانی دەکەن.



چیچەک پێمان دەڵێ: هەموومان لە یەک کەشتی داین



شەنگە هاوار کاکەیی

دیمەنی چیچەک کچە شەڕڤانی ڕۆژئاوا کە بە برینداری لە ئامێزی جەندرمەی تاریکستان، بۆ ئەندێشەی تاکی کوردی ئاخۆ چ واتایەکی بەخۆیەوە گرتووە و چ پەیامێکی گەیاندووە؟ مەگەر تەنها ئەو ڕاستییە نەبێ کەوا گڤەبای ڕق و کینەو تۆڵەسەندنەوەی لە دڵ و دەروونی مرۆڤگەلێک کڕنۆش دراوە، تا لە شێوەی جانەوەر و دەعبا خۆیان نیشان بدەن و کوردیش لە دارمانێکی مەعنەوی گوزەر بکات.

ئەوان تەنها بۆ تۆقاندن و بەڕابوونی کابووس و نائارامیی دەروونی بێرکابەرن، ئەگینا لە هیچ عورفێکدا نەهاتووە مامەڵەی یەخسیر بەو شێوە درندانەیە بێت، کە پێی دەڵێن چۆن سەری ببڕین، ئامادەیە بۆ سەربڕین؟ بێ ئاگا لەو ڕاستییەی کەوا ئەوەی سەری دەبڕن شەرەف و کەرامەتی کوردانە لە هەر چوار پارچەی کوردستان، ئەوەی دەیچەوسێننەوە هێمای چوار پارچەکە و پاش ئەم خۆپیشاندانانەی لۆبی کوردی بە گوشارخستنە سەر وێستگەکانی بڕیاردان و ئەم هەموو پاشخانانە، لەسەرمانە چیتر بکەین؟ ئێمەی هاونیشتمانیانی دۆزی ڕەوای نەتەوایەتی چۆن هەنگاوە ئەرێنییەکانمان سەتوەتی دابکوتین لە میحرابی ڕەسەنایەتی و کوردبوون دا، لە ساتەوەختێکی واهەستیار کە خوێنی کورد حەڵاڵکراوە بە قەتلوعام کردن و ئیبادەی جەمعی! ئاخۆ ئەرێنی بوونمان چۆن کوردانە هەڵبیسەنگێنین لەم ساتە پڕ تەم و مژاویانەدا.

ئەوەی مەبەستە بگوترێ کاتێک چیچەکی کوردان کەوتە قەفەسی یەخسیری هەمیشە بۆ زیندووبوونەوە و ڕیفرێشبوونی هەڵوێستە کردارییەکانی نەستی، بەشێک لە هاونیشتمانی ئەم پارچەیە بوو، کە لێی نیشتەجێن، هەوای ئازادی بە سەرۆکایەتیی سەرۆک بارزانی هەڵئەمژین. ئەو نەستانەی کە بە تەپوتۆزی گەندەڵی ناخیان سواق درابوو، تۆز و غوباری ئەو میحنەتەی لەسەر نیشتبوو. ئەوە چیچەکە بە ڕابوون و هۆشیارییەکی نەتەوەییەوە توانی ئەم هەموو تەپ و تۆزە وەلانێ و بە ئاگامان بێنێتەوە کە هەموومان لە یەک کەشتی داین و یەک ئاسمان و یەک چارەنووس لە کەلەندەری ڕۆژگارماندا نووسراوە، بە مەغبوونییەت و زوڵم و زۆرداری. ئەوە چیچەکە لە قاڵبی مەینەتی خۆی دەڕچوو و شانبەشانی برا پێشمەرگەکانی هەستی کوردبوون و مەردبوونی جوڵا، بۆیە نیگەرانیی بووە میوانی خامەی نووسەر، کاتێک ڕێکخراوەکانی ئافرەتان داوای ئازادیان بۆ چیچەک دەخواست، چونکە کارێزمای ئەم کچە شەڕڤانە بوعد و تەکامولی ئینسانی تەواو پێگەیبوو و پێویستی بە پاڵپشتییەکی مرۆییە، چونکە خاوەن قەزیەی کوردییە، ئەو گوزارشتەی ئافرەت بوون و مێینەبوون و ژنبوونی بەزاندووە و تێپەڕیوە بەسەر ئەم داشبەردانەدا.

بۆیە پاش ئەم زیندووبوونەوە و ئەم دەرفەتە، گونجاوترین ئان و ساتە بۆ سازاندنی ئاهەنگێکی نیشتمانی کە تیایدا کوڕان و کچانی نیشتمان بۆ یەکترناسینی کوردانە خۆیان ئامادە بکەن، ئەوانەشی زویر بووبوون لە واقیعی گەندەڵی پێیان دەڵێین ئێستا دەرفەتێکی گونجاوە بۆ ئاشتبوونەوەی نیشتمانی، چونکە پەیامی چیچەکمان پەیامێکی کوردانەیە و ڕوانینێکی ئاشتیانەیە بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کە تیایدا غوبنی چل ملیۆن کورد دەخوێنیتەوە لە سۆنگەی بەرپرسیارەتی نەتەوەیی، دەڵێین فەرموون بانگهێشت بن بۆ پرسی نیشتمان... هەمیشە بڕی کورد بڕی کوردستان...

*** ماستەر لە یاسای گشتی/زانکۆی حیکمە بەیروت**



مەریوان نەقشبەندی

دوای کوشتنی خەلیفەی سەدەی 21

بە کوشتنی خەلیفەی سەدەی 21ی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە ناوچەیەکی سنووری نێوان سووریا و تورکیا کە بە عەمەلی لەژێر دەسەڵاتی ئەو گرووپە ئیسلامییە تووندڕەوانەدایە کە خۆیان ناوناوە سوپای سووریای ئازاد چەند ڕاستییەکی شاراوە ئاشکرا دەبێت و گومانەکانی پەیوەندی چەکدارەکانی داعش بەو گرووپە ئیسلامییانەی لەلایەن تورکیاوە پشتگیری دەکرێن، دەبێتە یەقین، قاعیدە و داعش دوو بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی تووندڕەو بوون و هەریەکەیان بە میکانیزم و تەفسیری شەرعی جیاواز کاریان دەکردن لێرەدا من تەنیا دەمەوێت لەسەر سیاسەتی ئیدارەدان و توانای تەجنیدکردنی ئەم دوو ڕێکخراوە بدوێم و پێشبینی هەنگاوەکانی دوای کوشتنی خەلیفەی سەدەی 21ی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی (ئەبو بەکر بەغدادی)دەخەمەڕوو.

دوو جیاوازی گەورە لە سیاسەت و هەیکەلی ڕێکخستنی ئەم دوو گرووپە جیهادییە ئیسلامییە تووندڕۆیانە هەبوو کە یەکەمیان: ڕێکخراوی قاعیدە ستراتیژییەت و کردنە ئامانجی (دوژمنە دوورەکان)ی ئیسلامی لە ئەویەویەتی خۆی دانابوو کە زیاتر ئامانجەکانی لە ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا جێگیر کرد بوو، ڕەنگە هێرشەکانی 11ی سێپتێمبەر و هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەکانی ئەمەریکا لە ئەفریقیا و چەند وڵاتێکی تر و کردنە ئامانجی کەشتیی سەربازی (کول) لە کەناراوەکانی یەمەن، نموونەی ڕوونی ستراتیژییەتی ڕێکخراوی قاعیدە بوو، بەڵام دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی (داعش) پێچەوانەی قاعیدە زیاتر (دوژمنە نزیکەکان)ی کردە ئامانج و زیاتر هێرش و چالاکییەکانی لە سنووری وڵاتانی ئیسلامی و بە تایبەتیش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چڕکردەوە بە سوودوەرگرتن لە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و جموجوڵ و ناڕەزایی جەماوەری سستەمی سیاسی و ئیدارەدانی خراپی ئەم دەوڵەتە ئیسلامییانە، بۆیە بە هەزاران موسڵمانی بەدڕندانەترین شێواز دەکوشت و ژۆرەبەی دێمەنە خوی و نامرۆڤانەکانی بە قیدیۆ تۆمار دەکرد و پەخشی دەکرد بۆ ئەوەی زۆرترین ترس بخاتە ناو دڵی جیهانی ئیسلامی و سەرنجی ڕۆژئاواش بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. لە بەرانبەردا داعش بە دڕێژایی بوونی لەناوچەکەدا تەنها یەک ئەمەریکی سەربڕی کە ئەویش ڕۆژنامەنووسێک بوو، ئیتر هیچ چالاکییەکی دژی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا نەبوو.

جیاوازی دووەمی ئەم دوو گرووپە جیهادییە ئیسلامییە لە هەیکەلی ڕێکخستن و چۆنیەتی فەرمان دەرکردن بۆ ئەندامانی ڕێکخراوەکانیان بوو، قاعیدە هەیکەلێکی پەرتوبڵاوی هەبوو، مەودایەکی فراوانی لە جیهانی ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی بۆ خۆی دانابوو کە دەسەڵاتی دابووە هەر فەرماندەیەکی مەیدانی یان هەر ئەمیرێک لە هەر شوێنێکی دنیادا تا ئەوەی دەیەوێت لە کردەوەی سەربازی نەوعیی ئەنجامی بدات، بەڵام لە لای داعش ئەم پرۆسەیە تەواو پێچەوانەبوو، ئەبوبەکر بەغدادی بڕوای وابوو خاکی بەدەستەوە بێت و ناوچەکانی بە یەکەوە سنووریان هەبێت و دەوڵەتداری بکات و مەرکەزیەتێکی یەکجار سەرسوڕهێنەری لەناو ڕێکخستنی دەوڵەتەکەیدا دانابوو بە جۆرێک هیچ سەرکردەیەکی داعش بەبێ فەرمانی ڕاستەوخۆی خەلیفە نەتوانێت هیچ کردەوەیەک ئەنجامبدات و زۆربەی سەرکردەکانیشی بەردەوام لە دەوری خۆی کۆکردبووە و متمانەی بە هەر کامیان لەق ببووایە دەستبەجێ خۆی گوللەبارانی دەکرد.

دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی سەدەی 21 کە بە (داعش) دەناسرێت لەکاتێکدا ئەم کورتکراوەی ناوە لە لای خەلیفە حوکمی کوشتنی بۆ دەرکرابوو بەپێی ئەو بەدواداچوون و لێکۆڵینەوانەی لەم چەند ساڵەی ڕابردوو ئەنجامم داون لە ماوەی حوکمڕانی خۆی لە سووریا و عێراق نزیکەی 45 هەزار چەکداری زیاتر لە 100 دەوڵەتی جیهانەوە لە خۆی کۆکردەوە کە نزیکەی 15هەزاریان لە ئەوروپا و ئەمەریکای باکوور و ئاسیاوە لە وڵاتە غەیرە ئیسلامییەکانەوە هاتبوون ئەوەی جێگای سەرنجیشە کە دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) گرنگییەکی ئەوتۆی بە لایەنی دینداری لەلای چەکدارەکانی نەدەدا و تەنها 5%ی چەکدارانی داعش شارەزایی تەواویان لە ئیسلام هەبووە و نزیکەی 70%یان شتێکی کەمی لە ئیسلام زانیوە و ئەوانی تر مێردمنداڵ بوون و کەمترین زانیاریان لەسەر ئیسلام نەبووە و بۆ خۆتەقاندنەوە و کردەوەی خۆکوژی بەکاردەهێندران.

خەلیفەکەی سەدەی 21 شێوازی کاری ئیسلامی لە دینداری زەکات و نوێژ و کۆکردنەوەی بەیتولمال گۆڕی بۆ بازرگانی نەوت و مادەهۆشبەرەکان و باج وەرگرتن و تاڵانکردنی بانکەکان و زۆر شێوازی جیا کە بەهۆیەوە لە سەردەمێکدا داعش خاوەنی چەندین ملیار دۆلار بوو هەر لەناو داعشدا کولتوری کۆیلە و سەبیکردنی کچان و ئافرەتان و بازرگانی پێوەکردنیان گەڕێندرایەوە کە کوردانی ئێزیدی قوربانی هەرە گەورەی ئەم کولتوورە ئیسلامییە بوون و تائێستاشی لەگەڵ بێت زیاتر لە هەزار کچ و ژنی ئێزیدی بێ سەروشوێن کراون و ژیانی کۆمەڵایەتی و دەروونی هەزارانی دیکەشیان دوای لە ناوچوونی خەلافەتەکەیان کردووەتە دۆزەخ.

ئێستا خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی سەدەی 21 بەو هەموو دەسەڵات و مەرکەزیەوە کۆتایی پێهات و لە کردەوەیەکی نەوعی هەوڵگری و سەربازیدا کوژرا و ژمارەیەک لە سەرکردە مەیدانییەکانیشی لەگەڵدا کوژران، بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە ئیلهامی تەکفیر و جیهاد لەناو ژمارەیەکی بەرچاو لە موسڵمانانی دنیا هەر ماوە، بۆیە پێشبینی دوو حاڵەت دەکرێت:

یەکەم: خۆپیشاندان و نائارامییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خراپی ئەدای کاری حکومی و گەندەڵی و ناعەدالەتی ناو وڵاتانی ئیسلامی لەگەڵ سەرهەڵدانی تێرۆریزمێکی ڕادیکالیانەی ڕۆژئاوایی کە بەڕژەوەندی مرۆڤایەتی و ئاشتیی جیهانی وەڵاناوە و زیاتر گرنگی بەدەستکەوتی مادەی دەدات، دەبێتە هەڵێکی گونجاو بۆ سەرهەڵدانەوەی گرووپێکی دیکەی ئیسلامیی جیهادی بە ڕیتم و ڕەنگە ناوێکی نوێ. ڕەنگە ماشێنی شەڕ و پێکدادانیش لەم سنووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەدا وابکات کە گرووپی هاوشێوەی داعش و حەشدی شەعبی و ئەوەی ئەو گرووپە ئیسلامییانەی لە سووریا کە لە لایەن تورکیاوە پڕچەک و پشتگیری دەکرێن بۆ وڵاتانی دەروبەری کوردستان پێویست بێت. بۆیە پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی خەڵکی شارەزا پلانی ڕووبەڕووبونەوەی قۆناغی دوای کوشتنی خەلیفەی سەدەی 21 دابنێت و یەکڕیزیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانیش بۆ ئەم مەبەستە یەکجار گرنگە.

لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان سەرجەم نەتەوە و پێکهاتەکان لە نێو لیستی پارتی شوێنیان بۆ دەکرێتەوە



دوێنێ لە بارەگای ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کاکەمین نجارِ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر بە یاوەری کرمانج عەبدوڵڵا بەرپرسی لقی 23ی قەرەچۆخ کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ کەسایەتی و ڕیشسپی و پیاوماقوڵانی هۆزی عەرەبی ناوچەی گوێڕ و دەوروبەری ئەنجامدا. لەسەرەتادا کاکەمین بارودۆخی ئێستای سیاسی کوردستان و عێراقی بۆ ئامادەبووان شیکردەوە و باسی لە خۆپێشاندانەکانی ناوچەکانی خواروو عێراق کرد کە پشێوی شەقام و نائارامی ناوچەکانی باشووری تێدا دروستبووە.

هەروەها ڕایگەیاند: کوردستانیان بەسەرجەم نەتەوە جیاوازەکان سااڵنێکی زۆرە وەکو ناوەندێکی گرنگی پێکەوەژیان و برایەتی ژیانی ئاسایی بەڕێ دەکەن، نەتەوەی عەرەبی ناوچەکە ئەوانەی کە خەڵکی ڕاستەقینەی دەڤەرەکەن بە هەمان شێوەی نەتەوەی کورد لە خاکی پیرۆزی کوردستان و لەتەک برا کوردەکانیان پارێزگارییان لە خاکەکە کردووە و پێویستە خزمەت بکرێن. لەدرێژەی وتەکەیدا سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق کە بڕیار وایە ساڵی داهاتوو ئەنجام بدرێت کاکەمین ڕایگەیاند: پارتی جەخت لەسەر کەسانی دەستپاک و دڵسۆز و خاوەن ئەزموون دەکاتەوە بۆ دەستنیشانکردنیان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و سەرجەم نەتەوە و پێکهاتەکان لە نێو لیستی کاندیدانی پارتی شوێنیان بۆ دەکرێتەوە و هیچ نەتەوەیەک بەشخۆراو نابێت. سەبارەت بە ڕواننیی پارتی و سەرکردایەتی کوردستان بۆ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم ڕایگەیاند: سەرۆک بارزانی سەرجەم دامەزراوە فەرمییەکانی ڕاسپاردووە جەخت لە سەر جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستوور بکەنەوە و مساوەمە لەسەر هیچ ناوچەیەکی کوردستانی دابڕاو ناکرێت و حکومەت بۆ ئەم مەبەستە لە گفتوگۆدان لە گەڵ بەغدا. لە کۆتاییدا ئاماژەبووان بە سەرنج و پێشنیارەکانیان بەشداریان لە کۆبونەوەکە کرد و لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەن وەڵامیان درایەوە.

دهۆک... ژمارەیەک پارچە زەوی بەسەر کەسوکاری شەهیدانی شەڕی داعشدا دابەش دەکرێن



بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی پارێزگای دهۆک ڕایدەگەیەنێت، ڕۆژی چوارشەممە 2019/10/30 ژمارەیەک پارچەزەوی بەسەر کەسوکاری شەهیدانی شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش دابەش کرا و لە داهاتووشدا بەردەوام دەبن.

ئەمیر ئەتروشی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: سەعات 1ی پاشنیوەڕۆی چوارشەممە، 26 پارچەزەوی بەسەر خێزانی شەهیدانی شەڕی داعشدا دابەش کرا، کە دەکەوێتە کۆمەڵگەی تەناهیی سەر بە قەزای سێمێلی پارێزگای دهۆک.

ئەتروشی ڕاشیگەیاند: پڕۆگرامێکمان ئامادە کردووە بۆ دابەشکردنی زەوی بەسەر خێزانی شەهیدانا و دەمانەوێت هیچ خێزانی شەهیدان بێ پارچەزەوی نەبن و لە داهاتووشدا بەردەوام دەبین تاوەکو هەموو ئەوانەی تریش کە ماون، زەوییان پێ بدرێت، کە پێشتریش لە قەزای شێخان و زاخۆ زەوییان دابەش کردووە.

بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی دهۆک دەشڵێت: چاوەڕێ دەکەین لە قەزاکانی تریش زەوی بێتە تەرخان کردن، بۆ ئەوەی لە ڕێگای تیرۆپشکەوە بەسەر ئەو خێزانە شەهیدانەی دیکەشدا دابەشی بکەین کە تا ئێستا زەوییان وەرنەگرتووە.

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار پرسی ئاوی دەوروبەری هەولێر تاوتوێ دەکات



ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی دەوروبەری هەولێری کرد. لە کۆبونەوەیدا لەگەڵ جێگری بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکە و بەرپرسانی سەرجەم بەشەکان، بە وردی پرسی خزمەتگوزاریی ئاوی سەرجەم قەزا و ناحیە و گوندەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی دەوروبەری پارێزگای هەولێری تاوتوێ کرد، بە مەبەستی دابینکردن و چارەسەرکردنی کێشەی ئاو و داواکاری ئەو هاووڵاتییانەی داواکارییان هەیە.

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار جەختی کردەوە کە پێویستە ڕێگە نەدرێت زێدەڕۆیی لەسەر سامانی ئاو بکرێت، هەروەها گوتیشی: دەبێت کار بکرێت بۆ ئەوەی پێوەری ئاو بۆ هەموو ئەو شوێنانە ببەسترێت کە تا ئێستا پێوەریان بۆ نەبەستراوە، هاوکات جەختیشی کردەوە دەبێت ئەو پڕۆژە و بیرە ئاوانەی پێویستییان بە نۆژەنکردنەوە هەیە، نۆژەن بکرێنەوە، لەگەڵ گەیاندن و جێبەجێکردنی خزمەتگوزاری ئاو بۆ ئەو شوێنانەی کە پێویستە ئاویان بۆ بچێت یان کێشەیان هەیە، بە تایبەتی ئەو بیرانەی لە کارکەوتوون، دەبێت چاکبکرێنەوە.

ساسان عەونی وێڕای جەختکردنەوە لە خزمەتکردن بۆ هاووڵاتیان، داوای لە بەشداریکردن لە پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێب لە فرانکفۆرت، د سالار عوسمان بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە شاری بۆنی ئەڵمانیا سەردانی میژوونووسی بەناوبانگی کورد پڕۆفیسۆر دکتۆر کەمال مەزهەری کرد و لە نزیکەوە لە ڕەوشی تەندروستی بەڕێزیانی پرسییەوە. لەو سەردانەدا بریکاری وەزارەت ئەوپەڕی نامەیی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەربڕی و هیوای سەلامەتی و زووچاکبوونەوەی بۆ خواست. هەر لە شاری بۆن، بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان سەردانی ناوەندیی لێکۆڵینەوەی کوردی کرد و لەگەڵ سەرۆکی ناوەندەکە مەتین ئینجەسۆ کۆبۆوە و باسیان لە پرسگەلێکی کلتووری و زانستی و سیاسی کرد و بریکاری وەزارەت پشتیوانیی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ ناوەندەکە مەتین ئینجەسۆ دووپات کردەوە و هیوای پتر سەرکەوتنیشی بۆ خواست .

بەڕێوەبەرایەتیی پارێزگای هەولێر کەمال مەزهەر و ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی دەکات



دوای بەشداریکردن لە پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێب لە فرانکفۆرت، د سالار عوسمان بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە شاری بۆنی ئەڵمانیا سەردانی میژوونووسی بەناوبانگی کورد پڕۆفیسۆر دکتۆر کەمال مەزهەری کرد و لە نزیکەوە لە ڕەوشی تەندروستی بەڕێزیانی پرسییەوە. لەو سەردانەدا بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان سەردانی ناوەندیی لێکۆڵینەوەی کوردی کرد و لەگەڵ سەرۆکی ناوەندەکە مەتین ئینجەسۆ کۆبۆوە و باسیان لە پرسگەلێکی کلتووری و زانستی و سیاسی کرد و بریکاری وەزارەت پشتیوانیی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ ناوەندەکە مەتین ئینجەسۆ دووپات کردەوە و هیوای پتر سەرکەوتنیشی بۆ خواست .

بەڕێوەبەرایەتیی پارێزگای هەولێر کەمال مەزهەر و ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی دەکات



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ ئێک ل بارەگایێ لقێ پێشوازی ل نوێنەرێن 113 خودانێن پێشانگەهێن ئوتومبیلان ل پارێزگەها دهۆکێ کر. دڤێ ڕونشتنێ دا بەرپرسێ لقێ گوهداری ل گلە و گازندە و داخازیێن وان کر، پاشرا بەرپرسێ لقێ ئاماژە ب وێ چەندێ کر، کو ئەو دێ هەموو شیانێن خۆ ئێخنە کار ژبۆ خزمەتا بەرژەوەندیا گشتی یا خەلکی و نەخاسمە یا خەلکێ خۆ یێ دهۆکێ، پێخەمەت نەهیلانا هەر ئاستەنگەک و گرفتەکێ ل پێشیا وان، کو لگۆرەی چارچۆڤێ ڕێنمایێن یاسایی بن و سەرپێچیا یاسایێ نەکەن. ئەڤە و نوینەرێن وان پێشانگەها سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کرن ژبو وێ پێشوازی و پشتەڤانیا وی دگەل وان دا.

هەموو ئەو بااڵخانەو شوێنە بازرگانیانە تێکدەدرێن کە بە زێدەڕۆیی دروستکراون

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: نەبەز عەبدوڵحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر ڕوونیکردەوە: بڕیارماندراوە هەموو ئەو بااڵخانەو شوێنە بازرگانیانەو بەنزینخانانەی کەکاتی خۆی لەسەر زەوی زێدەڕۆ دروستکراون کە بە هەڕەمەکی لە ناو کۆاڵن و گەڕەکەکان دانراون ومۆڵەتی فەرمیان نییە تێکدەدرێن، بۆ ئەو مەبەستەش لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لیژنەی سەرپێچی لە وەزارەتی شارەوانی و قایقامییەتی هەولێرو ئەنجومەنی پارێزگا پێکهاتبوو، دەستی کردووە بە ڕووخاندنی ئەو شوێنانەی کە بەنایاسایی دروست کراون. هەروەها گوتی: پێشتر هەندێ شوێن بەشێوەی کاتی بەکرێ درابوون بە بەڵێندەرو بازرگانان و لیژنەکەش کار لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو شوێنانە دەکات و لە کۆتاییشدا ئەوانیش تێکدەدرێن و بەشێکیان دۆسیەکانیان لە دادگایە.

پرۆژی کلینکێن کولیژا پزیشکیا ددانان ل دهوکێ هاتنە بەرفرەهکرن

دهۆک- خەبات: ل ڕۆژا 2019/10/29 لنافا کولیژا پزیشکیا ددانا ل دهوکێ ب ئامادەبونا سەروکێ زانکویا دهوکێ وراگرا کولیژا پزشکیا ددانا پرۆژی بەرەفرەهکرنا کلینیکێن پزیشکیا ددانان هاتە ڤەکرن. د. بەهار جەعفەر، ڕاگرا کولیژا پزیشکیا ددانان ل دهۆکێ دیارکرکو 20 کورسیێن ددانان ل کولیژا پزیشکیا ددانان هاتنە زێدەکرن ب هەڤکاریا زانکۆیا دهۆکێ و پشتەڤانیکرنا ساخلەمیا پاریزگەها دهۆکێ بو دابینکرنا کەرەستێن نۆشداریا ددانان دا نوکە هژمارا کلینکێن کولیژا پزیشکیا ددانان بوونە هەشت ئێک ژوان بۆ زارۆکان هاتیە تەرخانکرن ئەم دشێین ڕۆژانا چارەسەریا ددانێن زارۆکان ژی ل کلینکێن پزیشکییا ددانان بکەین هەروەسا چارەسەریا ددانێن وەلاتیان، مە نوکە کارێ خوە بەرەفرەهتر لێ کر دا بشێین پتر خزمەتا خەلکێ خوە بکەین ،هەروەسا چارەسەریا ددانێن قوتابێن کولیژێ ب سەرپەرشتیا مامۆستایێن خوە دناڤ کلینکێن نوشداریا ددانان دا دکەین. د. هەکار زینی سەعید بەرپرسێ هۆپا ددانان ل ڕێڤەبەریا گشتی یا ساخلەمیا پاریزگەها دهۆکێ دیارکرکو ئەم وەکو ساخلەمیا دهۆکێ پشتەڤانیێ ل کولیژا ددانان دکەین ژپێخەمەت باشترکرنا خزمەتێن نوشداریا ددانان وباشترکرنا ئاستێ زانستی یێ قوتابیان نها ژی کلینکێن وێ هاتنە زێدەکرن بۆ چارەسەریا ددانان ئەم هەردەم هەڤکار و پشتەڤانیێ دکەین بۆ بلندکرنا ئاستێ زانستی یێ قوتابیان وپێشکێشکرنا خزمەتێن ددانان بۆ وەلاتیان.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان شێخ هەژار و دکتۆر کەمال

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و کەسایەتی دیاری ئایینی و کۆمەاڵیەتی شاربازێر مامۆستا شێخ تاهیر بەردە زەردی باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت.

هاوبەشی خەمی خۆمان بە ئێوەی بەڕێز و خانەوادەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاراستەی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.

خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خواليێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا اليه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەڕێز/بنەماڵەی خواليێخۆشبوو ليوا عەبدوڵلا تەها

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان هەڤاڵ ليوا عەبدوڵلا تەها مستەفا- مان پێگەیشت. ئەم هەواڵە لە ناخەوە نیگەرانی کردین. هەڤاڵ ليوا عەبدوڵلا پێشمەرگەیەکی قارەمان و تێکۆشەرێکی ڕێبازی ڕاستەقینەی بارزانی بوو، بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە خۆمان و بنەماڵە سەربەرزەکەتان دەکەین لە یەزدانی مەزن دەپاڕێینەوە خواليێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی شادبکات و ئەمە دوا ناخۆشی بنەماڵە بەرێزەکەتان بێت.

انا لله وانا اليه راجعون

پارتی دیموکراتی کوردستان

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر

سوپاس و پێزانین

بەناوی بنەماڵەکەمانەوە بنەماڵەی حاجی ئیسماعیل عەیشەگوڵ ڕواندزی سوپاس و ڕێز و پێزانینێکی زۆر پێشکەشی هەموو ئەوانە دەکەین کە لە کۆستی سەخت و کۆچی ناوەختی دوامانداوایی سەعید حاجی ئیسماعیل ڕواندوزی بە هەرشێوەو لە هەر ڕێگایەکەوە بێت بەشدار و هاوخەمان بوون، ئەوانەی لەکاتی ڕووداوەکە زەحمەتیان کێشا و تا درەنگانی شەو لەگەڵمان بوون، ئەوانەی لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی کۆچکردوودا بەشدار بوون، ئەوانەش کە لە ڕۆژانی پرسەکەیدا دوور و نزیک ئەرکیان کێشا و لە دڵنەوایی و هاوسۆزی خۆیان بێبەشیان نەکردین، بەو خۆشەویست و بەڕێزانەشەوە کە لەڕێگای تەلەفۆن یان بەناردنی نامە هاوخەمی خۆیانیان بۆمان دەربڕی.سوپاس بۆ دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشی ڕواندز و نەخۆشخانەی ئاشتی لە سۆران، سوپاس بۆ کەسوکار دۆست و ئاشنا خۆشەویستەکانمان لە دەڤەرەکانی ڕواندوز، بااڵکایەتی، سۆران، هەولێر، ناوچەکانی دیکە، سوپاس بۆ پاریزگاری هەولێرو ئەندام پەرلەمان و بەرپرس و کەسایەتی و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین. هاوخەمی و دڵنەواییەکانتان باری ئەو کۆست و خەمە قورسەی لەسەر شانمان سووک کرد، خوای گەورە پاداشتی چاکەی هەموو لایەک بداتەوە نەخۆشی و ناخۆشی نەهێنێتە ڕێگای خۆتان و کەسوکار و ئازیزانتان.

بنەماڵەی حاجی ئیسماعیل عەیشە گوڵ ڕواندوزی

ئاوەڕۆکانی هەولێر پێویستیان بە پاککردنەوە هەیە

هۆکاری سەرەکی گیرانی ئاوەڕۆکان فڕێدانی زبڵ و پاشماوەیە لەلایەن هاووڵاتیانەوە

بەڕێوەبەری ئاوەڕۆکانی هەولێر:

ئەمساڵ ڕێکخراوی Gizی ئەڵمانی لە خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکان هاوکاریمان دەکات

ڕۆژانە کرێکاران چەندین تەن لە کۆنە تایە و تەنەکەی کۆن و پاشماوەی خانوو لە نێو ڕێڕەوی ئاوەڕۆکان دەردەهێنن


ئەندازیار سروود عەبدولحەمید:

بە هاوکاری پارێزگا و شارەوانی ئامادەکاری تەواومان کردووە بۆ دروستوونی لافاو و هەر ئەگەرێکی نەخوازراو

هاووڵاتییەک لە گەڕەکی نەورۆز:

کە باران دەبارێت ئەو ئاوەڕۆیانە دەگیرێن کەسیش نییە پاکیان بکاتەوە





ڕاپۆرت: فاتیح بەرزنجی

بە گوتەی ئەندازیار "سرود عەبدولمەجید" بەڕێوەبەری ئاوەڕۆکانی هەولێر: هەموو ساڵێک بەرلەهاتنی وەرزی زستان و بارانبارین لەلایەن تیمەکانی خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکانەوە هەوڵ بۆ خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکان دەدرێت، بۆ چەند جارێکە ڕێکخراوی Giz‌ی ئەڵمانی هەڵمەتی خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکان ئەنجامدەدرێت و ئەمساڵیش ڕێکخراوی ناوبراو هاوکاریمان دەکات بۆ خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکان، بەداخەوە زۆربەی ئاوەڕۆکان بەهۆی فڕێدانی زبڵ و پاشماوەی هاووڵاتیان و پاشماوەی دوکانداران دەگیرێت، ئەوە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە دزینی هەندێ لە(سەرە مەنهۆڵ)ەکان دەدزرێن و بەپارەیەکی زۆر کەم دەفرۆشرێنەوە و بیر لەوە ناکرێتەوە کەبەدزینی ئەو سەرە مەنهۆڵانە ڕووداوی دڵتەزێن ڕوودەدەن.

هاووڵاتیان تاچەند هاوکارن لەفڕێدانی زبڵ و پاشماوە بۆناو ئاوەڕۆکان

هاووڵاتیانیش ڕۆڵیان هەیە لەفڕێندانی زبڵ و پاشماوە لەبەردەمی ئاوەڕۆکان تا ئاوی باران لەسەر شەقامەکان کۆنەبێتەوە و لافاو دروست نەبێت، بەگوتەی بەڕێوەبەری ئاوەڕۆکان: ڕۆژانە کرێکارانی ئێمە چەندین تەن لەزبڵ و پاشماوەی وەکو (کۆنە تایە و تەنەکەی کۆن وپاشماوەی خانوو) فڕێدەدەنە ناو ئاوەڕۆکان، بۆیە ئاوەڕۆکان دەگیرێن و (کرێکارانی هۆبەی پاککردنەوەی ئاوەڕۆکان) لەدوای ماندووبونێکی زۆر ئاوەڕۆکان پاکدەکەنەوە.

"کاوە"لەگەڕەکی نەورۆز گوتی: کە باران دەبارێت ئەو ئاوەڕۆیانە دەگیرێن و کەسیش نییە پاکیان بکاتەوە، بەداخەوەلەلایەن هەندێ هاووڵاتیەوە زبڵ و پاشماوە فڕێدەدەرێتە ناو ئەو ئاوەڕۆیانە و بەو هۆیەوە دەگیرێن و ئاوێکی زۆر لەکۆڵانەکان کۆدەبێتەوە.

"سەلیم" لەگەڕەکی مەنتکاوە گوتی: هەندێ هاووڵاتی گوێ بە ڕێنماییەکانی شارەوانی نادەن، ئەی نازانن ئەگەر ئاوەڕۆیەکان بگیرێن بۆ ئەوان زیانی هەیە؟

"سامان" لەگەڕەکی فەرمانبەران گوتی: هۆکاری سەرەکی گیرانی ئەو ئاوەڕیانە فڕێدانی زبڵ و پاشماوەیە بەکەنەوە. دەبێ هاووڵاتیان ئەوە بزانن کە بردن و دزینی ئەو سەرە مەنهۆڵانە زیان بە خەڵکی دەگەیەنێت و زبڵ و پاشماوەی زیاتردەچێتە ناو ئاوەڕۆکان و دەگیرێت و لافاو دروستدەبێت و ڕووداوی هاتووچۆشی لێدروستدەبێت.

دانانی تیمی ئێشکگری شەوانە لەکاتی بارانبارینذا دەربارەی گیرانی ئاوەڕۆکان و بارانبارینی زۆر و لافاو دروستبوون، بەڕێوەبەری ئاوەڕۆکانی هەولێر گوتی: ئەگەر ئاوەڕۆکان خاوێنبێ و هاووڵاتیانیش هاوکارمانبێ بۆ فڕێنەدانی زبڵ و پاشماوە بۆ ناو ئاوەڕۆکان، هەرگیز ئاوەڕۆکان ناگیرێن و لافاو دروست نابێت.

بۆ کاتی شەوانەیش تیمی ئێشکگرتن دادەنرێ، جگە لەمەوش لێژنەی بەڕەنگاربوونەوەی لافاو لە پارێزگای هەولێر هەموو ساڵێک بەرلەهاتنی وەرزی زستان و بارانبارین چەندین کۆبوونەوە ئەنجام دەدرێت و چارەسەرکردنی کێشە و کەموکوڕیەکانیش دەخاتەڕوو، بۆ ئێمە دروست دەکات، بەڵام ڕێژەی سەرە مەنهۆڵەکان گەلێک زۆرە و لەتوانای ئێمەدا نییە، داوا لە(کەنالەکانی ڕاگەیاندن) دەکەین کە یارمەتیدەرمان بن بۆ ئەوەی هاووڵاتیان وشیار کەمکردنەوەی قەبارەی ئاوەشۆرکردنی ئاوەڕۆکان، بەرلەهاتنی وەرزی زستان و بارانبارین ئەو کارە ئەنجامدەدرێت. لەگەڵ ڕێکخراوی Giz‌ئەڵمانی پارسالیش هەڵمەتێکی گەورەی خاوێن کرنەوەی ئاوەڕۆکان و ڕەخساندنی هەلی کارکردن و بە ئێشخستنی کرێکاری خۆمالی لەو کارەدا کە ماوەی 60ڕۆژ کاریانکرد بۆ ئەو هەڵمەتە و خاوێنکردنەوەی تۆڕەکانی ئاوەڕۆکان و هەڵگرتنی زبڵ و پاشماوەکان، تا لافاو لەشاری هەولێر دروست نەبێت، لەسنووری هەر شەش شارەوانیەکان ئەو هەڵمەتە بەڕێوە دەچێت بۆ لادان و هەڵگرتنی ئەو پاشماوانەی کە لەسەر شەقامەکاندا کۆدەبنەوە و دەبنە هۆکاری دروستبوونی لافاو.

دزینی سەرە مەنهۆڵەکان هەرماوە

دواتر (بەڕێوەبەری ئاوەڕۆکانی هەولێر) دەربارەی دزینی سەرە مەنهۆڵەکان ڕوونیکردەوە: ماوەی چەندین ساڵە دیاردەی دزینی سەرە مەنهۆڵەکان ئەوا، لەشەقامەکان بۆیە لافاو دروستدەبێت.

هەڵمەتێک بۆ خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکان

دەربارەی ئەو هەڵمەتە ئەندازیار "سرود عەبدول مەجید" بۆ خەبات ڕوونیکردەوە: هەموو ساڵێک بەرلە هاتنی وەرزی بارانبارین، دەست بە خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکان دەکەین، ئەویش لەلایەن هۆبەی خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکان ئەنجامدەدرێت، ماوەی دوو ساڵە لەلایەن ڕێکخراوی Giz‌ئەڵمانی هەڵمەتی خاوێنکردنەوەکە بەڕێوە دەچێت.

دیارە ئەو پاشماوانە دەبێنە هۆکاری گیرانی ئاوەڕۆکان و ئەگەر قەیرانی دارایی نەبووایە ئەوا ژمارەیەک پرۆژەی دیکەی ئاوەڕۆمان ئەنجامدەدا، بۆ زیاتر فراوانکردنی تۆڕەکانی ئاوەڕۆ لە شاری هەولێر، (هۆبەی پاککردنەوەی ئاوەڕۆکان) 40 کرێکاری هەیە و ئەم ژمارەیەیەش کەمەو بەو ژمارە کەمەی کرێکاران ڕۆژانە ئاوەڕۆی ئەو شارە گەورەیە پاک دەکرێتەوە، لەکۆبوونەوەمان لەگەڵ (وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار) باسمان لە کار و پرۆژەکانی ئاوەڕۆ و زیادکردنی ژمارەی کرێکار کردووە و کاری ئەو کرێکارانە هەم قورسە هەمیش پیسە، هەموکەسێک ئەو کارە ناکات.


لەپارێزگای هەولێر لیژنەی بەرگرتن لە ئەگەری دروستبوونی لافاو کۆبۆوە

دواتر (بەڕێوەبەری ئاوەڕۆکانی هەولێر)دەربارەی کۆبونەوەی لیژنەی بەرگرتن لە ئەگەری دروستبوونی لافاو ڕوونیکردەوە: هەموو ساڵێک لەدیوانی پارێزگای هەولێر چەندین کۆبوونەوە سەبارەت بە ئەگەری دروستبوونی لافاو کۆبوونەوە ساز دەکات، بۆ ئەمساڵیش بەئامادەبوونی فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر و جێگری پارێزگار و قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر و بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆ لەپارێزگا و سەرۆکی شارەوانی هەولێر و بەڕێوەبەری شارەوانیەکان و ژینگە پارێزی و بەرگری شارستانی کۆبونەوە و باس لە ئامادەکاریەکانی ڕووداتی لافاو لەسنووری پارێزگای هەولێر لەوەرزی زستان و بارانبارین کرا و پارێزگاری هەولێریش داوای لە دامو دەزگا پەیوەندیدارەکان کرد کە بەرلەوەی باران ببارێت بە بارانبارین پەمپی ژێر ئەو ئەندەر پاسانە ڕۆژانە بەسەردەکەینەوە و کێشە و کەموکوڕیەکانیان چارەسەر دەکەین، لە(چوار ڕیانی جیهان 3)پەمپی دیکە زیادکرا تا زیاتر ئاوەشۆرکردنی ئاوی باران بکات و ئاوێکی زۆر لەبن ئەو ئەندەرپاسانە کۆنابێتەوە.

ئەمساڵیش هەولێر ئاماندا هەموو ئاوەڕۆکان و ژێر ئەندەر پاسەکان خاوێن بکەینەوە، ئەرکی خۆیان هەستن و چارەسەری کەموکوڕیەکان بکەن و باس لە ئامادەکاری تەواوی دامودەزگاکان کرا کە بەشداری تیمەکانی (فریاگوزاری و شارەوانی و بەرگری شارستانی) و دانانی ژووری تایبەت بە فریاگوزاری بۆ هەر حاڵەتێک کە پێویست بە فریاگوزاری و چارەسەرکردنی کەموکوڕیەکان بکات کاری لەسەر بکرێت.



دیمانەیەک لە کتێبی (کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری رووناکبیرانێ شاری سلێمانی) لەگەڵ پڕوفیسور د.مستەفا زەڵمی





پڕوفیسور د. مستەفا زەڵمی: سەردەمانی پێشوو و ئێستایش ناوی بارزانی و بارزانییەکان لەناو کوردو کوردەواریدا زور ئاشکرا بوو، هەموو گەورەو بچووکی کورد لەو سەردەمەدا رێزیان دەگرتن و بەڕێزەوە باسیان دەکردن، چونکە دەیانزانی کە ئەوان دڵسوزی کوردن و بە هەموو جورێک بۆ مافی گەلی کوردو بۆ پاشەڕۆژو ئایندەیەکی گەش بۆ نەتەوەی کورد هەوڵئەدەن، بەڵام ناسراویم بە شەخسی یا ئاشنایەتیم لەگەڵ جەنابی مەلا مستەفا بارزانی، لە دوو خاڵدا چڕ دەکەمەوە، کە پەیوەندیم هەیە پێوەی، ئەو کاتە من لە جەیشدا بووم و ئیمامی فەوج بووم


زانیار سەردار قرگەیی

1

پێشەکی:

خوالێخۆشبوو پڕوفیسور دکتور مستەفا زەڵمی، یەکێکە لەو کەسایەتییە ئایینییە گەورانەی کوردە، کە پێگەیەکی بەهێزی لەنێوەندی زانستی و ئایینی و یاساییدا هەیەو ڕۆلێکی کاراو چالاکی گێڕاوە بە نووسین و ڕاڤەگوزارییە کەموێنەییەکەی، لەپێناو هوشیارکردنەوەو تێگەیاندنێکی ڕاستەقینەی خەڵکی لە بواری ئایینی پیرۆزی ئیسلام و یاساو شەرعدا. وەک زانای بەر و هەڵگەوتووی کورد ل بواری یاساو شەریعەتدا، نەتەوەی کوردو زۆرێک لە عێراقییەکان شانازی پێوەدەکەن و بانگەوازە زۆر بۆبڕانەکانی و زانستە بەنرخەکەی بەرز هەڵدەسەنگێنن و بەهەند وەریدەگرن. پڕوفیسور و گەورە ماموستای بە ئەزموون د. زەڵمی، خاوەنی چەندین شاکاری پڕۆژە و کتێبی بەنرخ و بیروبۆچوونی کراوە و بەرزو هەڵکەوتووەو هەمیشەو بەردەوام بۆ خزمەتکردنی ئایینی ئیسلام و زانست و یاساو نەتەوەی کورد تێکوشاوەو سەدان کەس لە ڕۆڵەکانی کوردستان و عێراق و تەنانەت لە دەرەوەی عێراقیشدا لەسەر دەستی ئەم بەڕێزە بە زانستەکانی پەروەردە لەسەر بنەمای زانستی و عەقڵیەتێکی سەردەمیانەو ڕوشنگەری و ڕووناک گوش کراون. بۆ بەردەوام بە زانست و زانیاری و ئایینێکی ڕوون و تێگەیشتنێکی ڕاستگویانەو پێگەیاندنی ڕۆڵەکانی داهاتووی وڵات لەسەر دەستی ئەو قوتابییانەی دا. هەرچەندە باری تەندروستی گەلێ خراپەو تەمەنێکی زۆر و زەوەندی پڕ سەروەری تۆمارکردووەو لە تەمەنی سەرووی نەوەد ساڵییەوەیە، بەڵام هێشتا خوڕاگر و تەمەن و نەخۆشی پەی پێ نەبردووە و بەردەوامە لە خزمەتگەیاندن. ئەم زانا گەورەیەی کورد خاوەنی زیاتر لە **50** کتێبی چاپکراوە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی، جگە لە ئیجازەی مەلایەتی و بەکالۆریوس لە یاسادا، هەڵگری **3** بڕوانامەی ماستەرە لە (شەریعەت و یاسا)دا و هەڵگری **2** بڕوانامەی دکتورایە لە شەریعەت و لە یاسادا بە پلەی (شەرەف و ئیمتیاز) لە زانکۆکانی بەغدا و ئەزهەر لە قاهیرە. پلە و ڕێزی پڕۆفیسور و (ئوستاز متمرس)ی هەیە، سەرپەرشتیی ژمارەیەکی زۆر لە نامەی ماستەر و دکتۆرای کردووە لە یاساو شەریعەتدا. لەسەر زیاتر لە سەد ڕیسالەی ماجستێر و ئوترووحەی دکتۆرای لە یاساو لە ئایینی ئیسلامی. لە ئوسوڵی فیقە و فەلسەفەو میژووی یاساد. نووسینەکانی و کتێبەکانی لە زانکۆکانی کوردستان و عێراق و جیهاندا دەخوێندرێن. بەرلەوەی پڕوفیسور د. مستەفا زەڵمی کوچی داوایی بکات لە سەردانێکماندا لە شاری هەولێر، چووینە خزمەتی و چەند پرسیارێکمان لەسەر ژیانی کومەڵایەتی و ئایینی ئاراستەی بەڕێزی کرد، بەڵام بەداخەوە لەبەر خراپیی باری تەندروستی نەمانتوانی زیاتر بیدوێنین، ئەویش ئەوەندی پێیکرا بە ڕاشکاوی وەڵامی ئەو چەند پرسیارەی دایەوە.

*** سەرەتا با پێکەوە گەشتێک بەناو ژیانی بەڕێزتاندا بکەین، لە زاری خۆتەوە کورتەیەک لە ژیانی کومەڵایەتی و زانستیت گرتبێست بین؟**

– ناوم (مستەفا ئیبراهیم محەمەد ئەمین جوانمێر)ە، ناسراوم بە (دکتور مستەفا زەڵمی)، لە گوندی زەڵم کە سەر بە ناوچەی هەورامانە، لە بەهاری **1920** هاتوومەتە جیهانەوە.

لە ساڵی **1930** (واتە لە تەمەنی **10** ساڵیدا) چوومەتە قوتابخانەی ئایینییەوە لەلای کابرایەکی میرزا، کە لە گوندەکەماندا پیاوێک هەبوو ناوی (میرزا فەتحوڵا)بوو، خوێندوومە. ئەو کاتە هەر کەسێک خوێندەوار بوایە پێیان دەگوت میرزا، لە هەمان کاتدا ئەو کابرایە بەرگدروو بوو، قوتابخانەیەکی دانابوو لە گوندەکەماندا و ئێمەش **10** تا **15** منداڵ بووین چووینە لای، هەتاکو دەرسی قورئانمان تەواوکرد. ئەم پیاوە لە (لهۆن)ـەوە هاتبوو بۆ هەورامان، چونکە تاوانێکی کردبوو، لەسەر تاوانەکەی گیراو **15** ساڵ حوکم درا. ئیتر کەس نەمایەوە دەرسمان پێ بڵێ، پاشان من بە مەبەستی دڕێژەدان بە خوێندن، ڕووم کردە شاروچکەی خورماڵ، نێوان زەڵم و خورماڵ بیست و پێنج کیلومەترە، ئیتر بەیانییان دەچوومە خورماڵ، چونکە لەوێ مەدرەسەیەکی ئایینی ماموستا سەید عارف هەبوو، منیش لەو قوتابخانەیە دەستم کرد بە خوێندنی گوڵستان.

لەو کاتەدا خوێندن هەر بە زمانی عەرەبی و فارسی بوو، لەدوای گوڵستان ئینجا دەستم کرد بە دەرسی (نحو و صرف) واتە قەواعد، بۆ یەکەمجار تەسریفی زنجانی، ئیتر ورده ورده پێنج تا شەش ساڵم خوێند.

بەگشتی و هەمووی دوازده ساڵ لە مەداریسی ئایینیدا خوێندوومە، پێنج ساڵ لە ئێران و حەوت ساڵ لە عێراقدا خوێندوومە، لە جەنگی دووەمی جیهانیدا چوومەتە ئێران لە (شنۆ)و (لاجان) خوێندوومە، ئەو ماموستایانەی لە ئێران لام خوێندوون بریتین لە: مەلا زاهیدی پاوە، مەلا قادری دەگاگا لەگەڵ تەرزان، مەلا باقری بالک لە مەریوان، موفتی سنە (مەلا مەحمود) ئەوە لە سنە ساڵێک خوێندوومە. پاشی ئەوە لە مەنگور و لەناو عەشیرەتی مەنگور لای سابلاخ و مەهاباد، لەوێش نزیکەی دوو ساڵ لای مەلا محەمەد قاجری خوێندوومە، پاشان لە کانی سپیلکە لەناو عەشیرەتی هەرکی لای مەلا جەلالی شکاک، لەوێش پێنج شەش مانگێک خوێندوومە، بە هەموویەوە لە وڵاتی ئێران دەگاتە پێنج ساڵ.

لە عێراقیشدا لە لای ماموستا و مەلا چاکەکان خوێندوومە کە بریتین لە: مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لە خزمەتیدا خوێندوومە، دوای ئەو لە لای ماموستا سەید عارف لە خزمەتی ئەویشدا خوێندوومە، لەدوای ئەویش لە لای ماموستا مەلا محەمەد رەئیس کە لە گەلاڵەی شینکایەتی مودەرپس بوو خوێندوومە، کە هەمووی حەوت ساڵێک لە لایان خوێندوومە.

لە ساڵی **1946** لە شاروچکەی کۆیە ئیجازەی مەلایەتیم وەرگرت، بەو مەبەستەی کە من ئەهمیەتم هەیە لەو عیلمانەی خوێندوومە تەدریسی تێدا بکەم و بیانڵێمەوە ئەوە پێی دەڵێن: (ئیجازەی مەلایەتی لە علومی عەقڵی و نەقڵی)دا. پاشان چوومە گوندی خومان و مەدرەسەیەکم دانا و سالێک لەوێ بووم، دوایی لەگەڵ ئاغاکەمان لەسەر کێشەی مواڵکایەتی نێوانمان تێکچوو.

ئینجا هاتمە ناوچەی پشدەر و ماوەی سێ ساڵ لەوێ بە مەلایەتی مامەوە، لەبەر ئەوەی ئەو گونده گوندێکی دواکەوتوو بوو، چوومە شاری سلێمانی و تاقیکردنەوەم کرد و بووم بە مەلا لە مزگەوتی حاجی مەلا ئەحمەدی هەرمنی، کە کەوتووەتە پشتی (بەردەرکی سەرا)وە لە مەڵکەندییە، لەوێش لە ساڵی **1950** هەتا مانگی هەشتی ساڵی **1955** هەر لەوێ مەلا بووم، پاشان کێشەیەک لەنێوان من و ماموستاکانی سلێمانیدا پەیدابوو، کە هەندێک لە فەقێکانی ئەوان ئەهاتنە لای من و دەرسیان دەخوێند، ئەوە ببووە وەسیلەی ناکۆکی نێوانمان، دوای ئەوە من فەقێکانی شارەکەم لە ژوژانی سێشەمەو هەینیدا کو دەکردەوەو دەرسی حساب و هەندەسە و جوگرافیا و ئەم جورە شتانەم لە عیلمی تازە پێ دەگوتنەوە، ئیتر ئەوەبوو ناکوکییەکە پەرەی سەندو گەیشتە ئەوەی کە من شاری سلێمانی بەجێبهێڵم.

ئینجا چووم بووم بە ئیمامی جەیش لە **10/8/5591** موباشەرەم کرد بو وەزیفەی ئیمامەتی لە فەوجی عەبدولسەلام عارف لە لیوای عەبدولکەریم قاسم. لە ساڵی**1957**دا چوومە ڕیزی ئەفسەری ئەحرار کە حزبی بوون، ئیشم لەگەڵدا کردن تا شۆڕشی **14**ی تەمووزی **1958** کە شۆڕش بەڕپابوو منیش بەشداریم تێدا کرد وەک ئەفسەرێک نەک وەک ئیمام. پاش ئەوە زانیم کە ئەو خوێندنی مەلایەتییە سوودێکی ئەوتۆی لێ وەرناگرم، لە هەمان کاتدا حەزم دەکرد کە پسپۆرایەتیم لە بواری یاسادا هەبێ و کولیژی یاسا تەواو بکەم، کاتێک ڕووم کردە ئەو خوێندنە، بە بڕوانامەی مەلایەتییەوە وەرنەگیرام و دەبوایە بڕوانامەی شەشەمی ئامادەییم هەبوایە.

کاتێک لە شاروچکەی جەلەولا لە ڕیزی سوپادا بووم، هەڵسام تاقیکردنەوەی شەشەمی سەرەتاییم دایەوە، پاشان دوای سێ ساڵ تاقیکردنەوەی دەرەکیی سێیی ناوەندی و دواتریش دوای دوو ساڵ هی پولی پێنجی ئامادەییم دایەوە، ئەو کات ئامادەیی پێنج ساڵ بوو، پاشان بڕوانامەی ئامادەییم وەرگرت و تەقدیمی کولیژی یاسام کرد لە زانکوی بەغدا وەرگیرام لە ساڵی **1960** تا **1964** و **1965** کولیژی قانوونم تەواو کرد. هەمیشە یا بە پلەی ئیمتیاز بووم یا یەکەم بووم، لە پۆلەکانی کولیژەکەدا زور سەرکەوتوو بووم.

*** ئەو زیرەکییەت لەو کاتەدا بۆچی دەگەڕایەوە؟**

– لە ڕاستیدا ئەو زیرەکییەم هی ئەو خوێندنەی مزگەوت بوو، چونکە لە خوێندنی مزگەوتدا مەنتیقم خوێند، فەلسەفەم خوێند، ئوسوڵی فیقەم خوێند، لوغەی عەرەبیم بە باشی خوێند، ئەو چوار عیلمە پێی دەڵێن (علومی ئالی)، ئەو علمانە زۆر یارمەتییان دام.

هەر شتێک دەستم بدایە زۆر بەئاسانی دەهاتە دەستمەوە، دوایی لە ساڵی **1968**دا هەروەک عەشقی خوێندن بووم، دەستم دایەوە خوێندن و ماستەرم لە عیراقدا تەواو کرد.

*** لەوەتەی لێرە لە هەولێری، سەبارەت بەو کێشە ئایینییانە یان وەک پسپۆرێک لە بواری یاسادا پرس و ڕاوێژت پێ دەکرێت؟**

– هەمیشە و بەردەوام لە لایەن پیاوانی ئایینی سەبارەت بە کێشەو گرفت و لایەنی ئایینییەوە پرس و ڕاوێژم پێ دەکرێت، چ لە لایەن مەلاکان و چ لەلایەن خەڵک و ڕوشنبیران و قوتابییانی کولیژی یاسا و شەریعە.

لەلایەنی یاساییەوە لە ئەنجوومەنی وەزیران ماوەی **3** ساڵ من ڕاوێژکاربووم و لەلایەن حکومەتەوە بەردەوام پرسی یاساییم لەگەڵدا تاوتوێ دەکراو لەلایەن کەسانی یاساناسیشەوە هەر پرسم پێکراوەو هەتا کوتایی کابینەی پێنجەم لە ئەنجوومەنی وەزیران بووم، پاشان کاک نێچیرڤان خانەنشینی کردم و ئێستاش کە لە مالەوەم، هەر شتێکی یاسایی هەبێت چ لەلایەن پەرلەمان یان حکومەتی هەرێم یان شوێنی دیکەش هەر دێن و لە ڕووی یاسایی و ئایینییەوە پرس و ڕاوێژم لەگەڵدا دەکەن.

*** بزانین د. زەڵمی تا ئێستا چەند کتێبی بە چاپ گەیاندووە؟**

– لە ڕاستیدا زیاتر لە **50** کتێبم بە چاپ گەیاندووە، دەتوانم بڵێم هەموی شتی تازەیەو تەقلیدی کۆن نییە، ئەو پەنجا کتێبەی نووسیومە هەموی شتی تازەی تێدایە و ئەو شتە تازانەو ئەو نوێگەڕییانە هیچی مخالیفی یا پێچەوانەی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر نین.

*** ئەو بەرهەمانە هەموی پەیوەندی بە ئایینی ئیسلامەوە هەیە؟**

– نەخێر، پەیوەندی بە ئایینەوە هەیەو پەیوەندی بە یاساوە هەیە، یان پەیوەندی بە هەردووکیانەوە هەیە، سێ جۆر کتێبم هەیە، لە یاساداو لە ئایینیداو بەس مقارەنەو بەرواردی لەنێوان ئایین و یاسادا.

*** دەڵێن لە هەندێ شوێن و تەنانەت وڵاتانی دەرەوەدا کتێبەکانت بوونەتە مەنهەج و دەخوێندرێن، ئەو شوێنانە کوێن، یان کامە وڵاتن؟**

– وەک ئوردن، یەمەن، مالیزیا، ئەندەنوسیا، سوودان، ئەوانە زۆر دەمێکە کتێبەکانی من لە زانکۆکانیاندا دەخوێندرێن، بەڵام لەم ساڵەوە بڕیارە لە وڵاتی قەتەریش لە زانکۆکانیاندا بەهەمان شێوەی ئەو وڵاتانەی دیکە کتێبەکانم بکرێنە مەنهەج و قوتابییانی ئەوێش بیخوێنن.

*** تێبینی: پڕوفیسور دکتور مستەفا زەڵمی ڕۆژی 4ی6ی 2016 لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی لە شاروچکەی خورماڵ بەخاک سپێردرا.**

هاوکاری خەڵکی هەرێمی کوردستان بۆ ڕۆژئاوا

ئا: پەریهان عومەر

لە **9/10/2019** سوپای تورکیا هێرشێکی توند و بەرفراوانی کردە سەر ڕۆژئاوای کوردستان، پاش ئەوەی کوتوپڕ ئەمریکا هێزەکانی خۆی لە دەڤەرەکەدا کشاندەوە، کە بڕیاروابوو شەڕ لە سەر سنووری تورکیا بەرپانەبێت و، ناوچەیەکی ئارام لەو دەڤەرەکەدا دروست بکرێ و هێزەگەڕیدەکانی ئەمریکا و تورکیا چاودێری ئەو دەڤەرە بکەن. بەڵام پاش کشانەوەی ئەمریکا بێ ئاگاداری کورد، شەڕێکی نابەرامبەر بەرپابوو. سەرلەبەیانی ڕۆژی **10/10/2017** سوپای تورکیا بەپێشڕەوی چەکدار و میلیشیای توندڕو و تایفی و تیرورست (جماعەت ئەحرار الشرقیە، فرقەت سڵتان مراد، فرقەت حەمزە...) هێرش و توپ باران کرایە سەر ڕۆژاوا (گرەسپی، قامشلو، عێن عیسا، سەرێ کانیێ) و ناوچەکانی دەوروبەری. ئەم شەڕ و هێرشە نابەرابەرەی بوسەر ڕۆژئاوای کوردستان، بووە ئەگەری کوشتن و بڕین و وێران کرایی، هەروەها زیاتر لە **300** هەزار کەس لەنێو شەڕ و لەژێر بومبەبارانی توپ و فڕۆکەی جەنگی ئاوارەی دەربەدەربوون و تاکو ئێستا زیاتر لە **5000** کەس گەشتوونەتە باشووری کوردستان. لەم ڕاپۆرتەدا پەیامنێری ڕۆژنامەی خەبات بۆ زانین هەست و هاوسۆزی خەڵکی هەرێمی کوردستان بەرامبەر میحنەت و نەهامەتی خەڵکی ڕۆژاوا، ڕاوبۆچوونی هاوڵاتیانی کوردستان دەخاتەڕوو.

سەرەتا بەڕێز بابان بابانی نوسەرو شاعیر گوتی: وەک تاکێکی کوردی باشوور نیگەرانم بەرامبەر بەو پیلان و لەشکرکێشیە داگیرکاریەی تورکیا بۆ سەر خاکی پیرۆزمان و گەلەکەمان لە ڕۆژئاوای کوردستان، هەروەها سەرسام و دڵتەنگم لە سیاسەت و هەڵوێست و لێدوانەکانی دونالد ترەمپ، بەڵام لە هەمان کات دەبێت ئەوە بزانین، کە لە ئێستادا دوستانمان ئەمریکا وڵاتانی ئەورووپا هاوسۆز و پاڵپشتمانن، کۆنگریسی ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا لە ڕۆژانی ڕابردوودا چەند بڕیاری گرنگ و پێویستیان لە بەرژەوەندی گەلەکەمان گرتە بەر،ئەگەرچی هەڵوێست و پەرچەکردار و بڕیاردانی وڵاتان سەبارەت بەو دۆخە دژوارە کاتی دەوێت، بەڵام نابێ بێ هیوا ببین بەڵکو پێویستە خوراگربین لەم سات و ئانەدا. گورانکاری گەورە لە ڕێگایە لە ئایندەدا لە بەرژەوەندی گەلی کورد دەبێت کە پێویستە سود لەو دەرفەتانە ببینین کە دێنە پێش هوشیارانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداو گورانکاریەکان بکەین. دەبێت وریابین لە دەربڕینی ناڕەزاییەکان بەشێوەیەک کە نەبێتە مایەی لەدەستدانی هاوسۆزی گەلانی جیهان و دوستان لە سەنتەرە باڵاکانی بڕیاری نێودەوڵەتی، ئیمەی کوردانی باشور پێویستە لە ڕێگای ڕێکخراوە جیهانیەکان و کومەڵەی مافی مرۆڤی جیهانی هەروەها ڕووناکبیر و سیاسیەکان بە دەنگێک و ئەدایەک دوور لە بەرژەوەندی پارتە سیاسیەکان هاوار و نالەی کوردانی ڕۆژئاوا بگەینینە لووتکە بۆ ئەوەی گوێچکەی وڵاتانی زلهێز بێتەوە کار بۆ ئەوەی بزانن کورد ئەمڕۆ ئازار و نالەیان دێت، هەروەها یەکدەنگی و یەک ڕیزی میللەتی کورد زامنی سارێژی ئێش و ئازارەکانی میللەتە و زامنی مان و دواڕۆژی تەواوی خەڵکی کوردستانە.

نەجات فارس قوتابی زانکو هاوکاری و پشتگیری خۆی بۆ ڕۆژئاوا خستیەڕوو و گوتی: دوخی ئاوارە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دێت. دوخی ڕۆژئاوا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو وێرانکاری زیاتر و ئاڵۆزی زیاتر دەچێت، بەپێی لێدوانی بەرپرسانی نزیک لە ئەردوغانی سەرۆک کۆماری تورکیاو پارتەکەی، حکومەتی تورکیا نە لە ڕۆژئاوا و نە لە هیچ شوێنێکی ئەم گەردوونە، دروستبوونی دەوڵەت و هەرێمێکی کوردی لەلایان قابیلی قبوڵ کردن نییە و کاریش دەکات بۆ لەناوبردن و دەربەدەرکردنی خەڵکی ڕۆژئاوا و کۆچبەرکردنی بۆ ناوچەکانی تر و ئەوروپا، چونکە خوێنڕێژی و ئاژاوەنانەوە و ناسەقامگیری لە ناوچەکە بەرژەوەندی تورکیا و ئەمریکا و ئەوروپا نییە، بۆیە پێویستە هەموو هێزە سیاسی و چەکدارەکانی ڕۆژئاوا بەیەکەوە کۆببنەوە بۆ چێنەتی دوزینەوەی مێکانیزمێک کە چون ڕووبەڕووی ئەم هێرش و پەلامارداندە سەر ڕۆژئاوا ببینەوە و کاربکەن لەپێناو بەرفراوانکردنی خوێشاندان و ناڕەزایەتیەکان بەتایبەتی لە دەرەوە بوونی گوتارێکی هاوبەش و یەکگرتوو، سەرەڕای بەشداری فراوانی بەرپرسانی باڵای پارتە سیاسییەکان لەگردبونەوەو ناڕەزایەتیەکاندا. هەروەها کوبوونەوە لەگەڵ سەرینەوەی هەرێمە کوردیەکان، دوور نیە گەر لەم داگیرکاری و کومەڵکوژیەی لە ڕۆژئاوادا دەیکات سەرکەوتو بێت لە نێوەندە نێو دەوڵەتییەکانی لێی قبوڵ کرا، دوور نییە ئامانجی دووەمی کارکردن بێت بۆ لەناوبردن و سڕینەوە یاخود گەمارودانی ئەم هەرێمەی کە لەباشوورد هەیە. بۆیە پێویستە لەسەر ئاستی سیاسی و جەماوەری و کومەڵگای مەدەنی و ڕەوەندی کورد لە هەندەران ناڕەزایی و خۆپیشاندان و گردبونەوە ناڕەزاییەکان چڕتر و فراوانتر بکەن لە هەموو شار و ناوچەو بەشەکانی کوردستان بەگشتی و شارەکانی باکووری کوردستان، هەروەها پێویستە ڕەوەندی کوردی هەمان هەڵوێستیان هەبێت بەتایبەتی لەبەردەم کونسوڵخانەی وڵاتانی زلهێز و ئەوروپا، چونکە خوێشاندان لە باکوور و وڵاتانی دەرەوە کاریگەری زیاتری دەبێت و سەرنجی وڵاتان ڕادەکێشێت و تورکیاش دەخاتە دڵەڕاوکێ و ترسەوە کومەڵگای نێودەوڵەتی سنووردار بۆ دەستدرێژی و لەشکرکێشیەکانی تورکیا دادەنێ. پێویستە گرنگە لە خوێشاندانەکاندا وێنەی سەرکردەو ئاڵای پارتە سیاسییەکان بەرزنەکرێتەوە بەڵکو لە بڕی ئەوانە وێنەی قوربانیەکانی ڕۆژئاوا بوردومان و کارە قێزەونەکانی دەوڵەتی تورک بەرزبکرێتەوەو نمایش بکرێت کە چی بەرامبەر گەلێکی ستەمدیدە ئەنجامی هاوڵاتی ئەو ناوچانەکەمان، کە ڕۆژئاوایە پێویستە هەموو پارت و لایەنە سیاسیەکان لەهەر چوار پارچەی کوردستان بەیەکەوە کۆببنەوە بۆ چێنەتی دوزینەوەی مێکانیزمێک کە چون ڕووبەڕووی ئەم هێرش و پەلامارداندە سەر ڕۆژئاوا ببینەوە و کاربکەن لەپێناو بەرفراوانکردنی خوێشاندان و ناڕەزایەتیەکان بەتایبەتی لە دەرەوە بوونی گوتارێکی هاوبەش و یەکگرتوو، سەرەڕای بەشداری فراوانی بەرپرسانی باڵای پارتە سیاسییەکان لەگردبونەوەو ناڕەزایەتیەکاندا. هەروەها کوبوونەوە لەگەڵ نوێنەری هەموو ئەو کونسوڵخانانەی وڵاتان کە لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، بۆ باسکردن لەمەترسییەکانی بەردەوامبوونی ئەو ئوپەراسیونەو دەرهاوێشتە خراپەکانی ئەم ئوپەراسیونە کە ئەوانیش سەرهەڵدانەوەی داعش و ڕووداندی کوشتنی بەکومەڵ و کارەساتی مرویی و ئاوارەبوونی سەدان هەزار کوردستانەکەمان، کە ڕۆژئاوایە پێویستە هەموو پارت و لایەنە سیاسیەکان لەهەر چوار پارچەی کوردستان بەیەکەوە کۆببنەوە بۆ چێنەتی دوزینەوەی مێکانیزمێک کە چون ڕووبەڕووی ئەم هێرش و پەلامارداندە سەر ڕۆژئاوا ببینەوە و کاربکەن لەپێناو بەرفراوانکردنی خوێشاندان و ناڕەزایەتیەکان بەتایبەتی لە دەرەوە بوونی گوتارێکی هاوبەش و یەکگرتوو، سەرەڕای بەشداری فراوانی بەرپرسانی باڵای پارتە سیاسییەکان لەگردبونەوەو ناڕەزایەتیەکاندا. هەروەها کوبوونەوە لەگەڵ نوێنەری هەموو ئەو کونسوڵخانانەی وڵاتان کە لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، بۆ باسکردن لەمەترسییەکانی بەردەوامبوونی ئەو ئوپەراسیونەو دەرهاوێشتە خراپەکانی ئەم ئوپەراسیونە کە ئەوانیش سەرهەڵدانەوەی داعش و ڕووداندی کوشتنی بەکومەڵ و کارەساتی مرویی و ئاوارەبوونی سەدان هەزار کوردستانەکەمان، کە ڕۆژئاوایە پێویستە هەموو پارت و لایەنە سیاسیەکان لەهەر چوار پارچەی کوردستان بەیەکەوە کۆببنەوە بۆ چێنەتی دوزینەوەی مێکانیزمێک کە چون ڕووبەڕووی ئەم هێرش و پەلامارداندە سەر ڕۆژئاوا ببینەوە و کاربکەن لەپێناو بەرفراوانکردنی خوێشاندان و ناڕەزایەتیەکان بەتایبەتی لە دەرەوە بوونی گوتارێکی هاوبەش و یەکگرتوو، سەرەڕای بەشداری فراوانی بەرپرسانی باڵای پارتە سیاسییەکان لەگردبونەوەو ناڕەزایەتیەکاندا. هەروەها کوبوونەوە لەگەڵ نوێنەری هەموو ئەو کونسوڵخانانەی وڵاتان کە لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، بۆ باسکردن لەمەترسییەکانی بەردەوامبوونی ئەو ئوپەراسیونەو دەرهاوێشتە خراپەکانی ئەم ئوپەراسیونە کە ئەوانیش سەرهەڵدانەوەی داعش و ڕووداندی کوشتنی بەکومەڵ و کارەساتی مرویی و ئاوارەبوونی سەدان هەزار کوردستانەکەمان، کە ڕۆژئاوایە پێویستە هەموو پارت و لایەنە سیاسیەکان لەهەر چوار پارچەی کوردستان بەیەکەوە کۆببنەوە بۆ چێنەتی دوزینەوەی مێکانیزمێک کە چون ڕووبەڕووی ئەم هێرش و پەلامارداندە سەر ڕۆژئاوا ببینەوە و کاربکەن لەپێناو بەرفراوانکردنی خوێشاندان و ناڕەزایەتیەکان بەتایبەتی لە دەرەوە بوونی گوتارێکی هاوبەش و یەکگرتوو، سەرەڕای بەشداری فراوانی بەرپرسانی باڵای پارتە سیاسییەکان لەگردبونەوەو ناڕەزایەتیەکاندا. هەروەها کوبوونەوە لەگەڵ نوێنەری هەموو ئەو کونسوڵخانانەی وڵاتان کە لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، بۆ باسکردن لەمەترسییەکانی بەردەوامبوونی ئەو ئوپەراسیونەو دەرهاوێشتە خراپەکانی ئەم ئوپەراسیونە کە ئەوانیش سەرهەڵدانەوەی داعش و ڕووداندی کوشتنی بەکومەڵ و کارەساتی مرویی و ئاوارەبوونی سەدان هەزار





بابان بابانی



نەجات فارس



شوان ئەمین

کوردستانەکەمان، کە ڕۆژئاوایە پێویستە هەموو پارت و لایەنە سیاسیەکان لەهەر چوار پارچەی کوردستان بەیەکەوە کۆببنەوە بۆ چێنەتی دوزینەوەی مێکانیزمێک کە چون ڕووبەڕووی ئەم هێرش و پەلامارداندە سەر ڕۆژئاوا ببینەوە و کاربکەن لەپێناو بەرفراوانکردنی خوێشاندان و ناڕەزایەتیەکان بەتایبەتی لە دەرەوە بوونی گوتارێکی هاوبەش و یەکگرتوو، سەرەڕای بەشداری فراوانی بەرپرسانی باڵای پارتە سیاسییەکان لەگردبونەوەو ناڕەزایەتیەکاندا. هەروەها کوبوونەوە لەگەڵ نوێنەری هەموو ئەو کونسوڵخانانەی وڵاتان کە لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، بۆ باسکردن لەمەترسییەکانی بەردەوامبوونی ئەو ئوپەراسیونەو دەرهاوێشتە خراپەکانی ئەم ئوپەراسیونە کە ئەوانیش سەرهەڵدانەوەی داعش و ڕووداندی کوشتنی بەکومەڵ و کارەساتی مرویی و ئاوارەبوونی سەدان هەزار کوردستانەکەمان، کە ڕۆژئاوایە پێویستە هەموو پارت و لایەنە سیاسیەکان لەهەر چوار پارچەی کوردستان بەیەکەوە کۆببنەوە بۆ چێنەتی دوزینەوەی مێکانیزمێک کە چون ڕووبەڕووی ئەم هێرش و پەلامارداندە سەر ڕۆژئاوا ببینەوە و کاربکەن لەپێناو بەرفراوانکردنی خوێشاندان و ناڕەزایەتیەکان بەتایبەتی لە دەرەوە بوونی گوتارێکی هاوبەش و یەکگرتوو، سەرەڕای بەشداری فراوانی بەرپرسانی باڵای پارتە سیاسییەکان لەگردبونەوەو ناڕەزایەتیەکاندا. هەروەها کوبوونەوە لەگەڵ نوێنەری هەموو ئەو کونسوڵخانانەی وڵاتان کە لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، بۆ باسکردن لەمەترسییەکانی بەردەوامبوونی ئەو ئوپەراسیونەو دەرهاوێشتە خراپەکانی ئەم ئوپەراسیونە کە ئەوانیش سەرهەڵدانەوەی داعش و ڕووداندی کوشتنی بەکومەڵ و کارەساتی مرویی و ئاوارەبوونی سەدان هەزار

دەدرێت. ئێستا لە هەموو کات زیاتر کورد پێویستی بە یەکڕیزی و یەکگرتویی هەیە و پێویستە هەموو ناکوکی و ملمانێ ناوخوییەکان وەلابنێین و بەیەک دڵ کاربکەین و هەوڵەکانمان چڕتر بکەینەوە لە بڕی ئەوانە وێنەی قوربانیەکانی ڕۆژئاوا بوردومان و کارە قێزەونەکانی دەوڵەتی تورک بەرزبکرێتەوەو نمایش بکرێت کە چی بەرامبەر گەلێکی ستەمدیدە ئەنجامی کۆمپانیای هەمەجۆری تورکی لەهەرێمی کوردستاندا. هەروەها بەهوی ئەو بارودوخە خراپ و نەخوازراوەی بەسەر ڕۆژئاوادا هاتووە پێویستە لە شوێنە گشتیەکان کەمپەین دروست بکەین بۆ کوکردنەوەی کومەک و هاوکاری بۆ ئەوانەی مافلیان لێتێکچووە و ئاوارە و دەربەدەربوون، بەتایبەت کە نزیک دەبینەوە لەوەرزی زستان و سەرماو سۆلە، لەهەموو دنیادا دەزگا ڕاگەیاندنەکان و تورە کومەڵایەتیەکان کاریگەری زۆریان هەیە و دەتوانن گورانکاری زۆر دروست بکەن بەهوی ڕومالکردنەکانیانەوە بۆیە پێویستە دەزگا ڕاگەیاندنە کوردیەکان و عیراقیەکان بەهوی ڕومالکردن و بڵاوکردنەوەکانیان ئەو لەشکرکێشی و داگیرکارییەی دەوڵەتی تورک دەرهەق بەخاک و خەڵکی ڕۆژئاوا دەیکات نیشانی گەلانی دنیای بدەن.

هەروەها شوان ئەمین قوتابی زانکو بەم شێوەیە هەستی خۆی بۆ هاوکاری پاڵپشتی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان دەربڕی و گوتی: بێگومان کورد هەمیشە هەستێکی مرۆڤایەتی هەبووە بەپێی ئەو بیر و باوڕ و ئایینەمان کە هەیەتی، هەستی نەتەوایەتیش هۆکارێکی تر بۆ یارمەتی دانی خۆشک و برایەکەمان لە ڕۆژئاوا، هەمیشە کورد تووشی زوڵم و ستەم بۆتەوە لە ڕێگەی وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی تر، وەک دەزانین نیشتمانمان بۆتە چوار پارچە، کورد لەوەتەی هەبووە دژایەتی کراوە لەبەر ئەوەی کورد هەمیشە میللەتێکی لێبوردەو مرۆڤدۆست بووە و هیچ وڵاتی بە دوژمنی خوی نەزانیوە و هەڵکەوتەی جوگرافیا و ئەو شوێنە دڵڕفێنانەو خاکی بەپیتی کوردستان وای لێتهاتووە زۆر لە وڵاتان چاوو ببڕنە خاک و سامانی کوردستان. بۆیە دەبێت ئێمە هەمیشە یەکگرتووبین، دەبێت وا لە دوژمنانمان بکەین پەشیمان ببنەوە لە ئازاردانی کورد، ئێمەی کورد بە هەر چوار پارچە یەکگرتوو بین، بێ گومان کەس ناتوانێ زەفەرمان پێ ببات، ئەو بارودوخەی کوردانی ڕۆژاوا دەبێت بە هەموومان هاوکارین بین، ئەوەی لە تواناماندا بێت لەڕووی پشتگیری سیاسی و هاوکاری مادی و مەعنەوەی بویان بیکەین، گەر پەڕەکانی میژوو هەڵدەینەوە دەبینین هەمیشە کورد توشی شەڕ و کێشە بوتەوە لەوانە (شەڕی برا کوژی و شەڕێ داعش و شەڕی ئێران و عێراق .....هتد) هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن کورد دوژمنی زۆرە و پێویستە یەکبگرین تا چیتر شکست نەخۆین.



سوورە مەرگەیی

عێراق لەنێوان بەرداشی نێوخویی و نێودەوڵەتیەکاندا

بەدەر لە کەسایەتی و هەڵوێستەکانی بەڕێز عادل عەبدول مەهدی، عیراق وەک دەوڵەتێکی پەڕپووت و سیستەمێکی فاشیل لەناو چەندین بەرداش دایەو دڵنیام یەکێک لەو بەرداشانە دەیهاڕێ، ئەوە بەرداشی گەندەڵی و خواستی چاکسازی خەڵک، ئەوە بەرداشی کوردو عەرەب، ئەوە بەرداشی شیعەو سونە، ئەوە بەرداشی شیعەو شیعە، لە سەرووی هەموشیانەوە بەرداشی ئەمەریکاو ئێران هەیەو عیراق بە دوو ئاڕاستەو دوو بەرژەوەندی جیاواز و دژ بەیەکدیدا دەبەن.

سەروک بارزانی بە خوێندنەوەی داهاتووی عیراق لەناو ئەو هەموو بەرداشانەو هەوڵدانی بو گەیاندنی کورد بە مافی سەربەخویی بڕیاری ڕیفراندومی دا، ڕیفراندوم ئەنجام دراو لە **93%** خەڵکی کردستان دەنگیان بە سەربەخویی داو لە بەرامبەردا **7%**ی خەڵکیش لەژێر گوشاری سیاسەتی چەواشەکاری و ئیرهابی فکری دەنگیان بە ژێردەستە کردنەوەی کوردو یەکپارچەیی خاکی عیراق دا، عیراقچیەکان کاتێک ئەنجامی ڕیفراندومیان بینی دەهری بوون و بۆ ڕێگری لە سەربەخۆیی کوردستان و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عیراق، بوونە پێشقەتاری حەشدی شەعبی و هینایانەوە کەرکوک و شانازیشیان بەوە دەکرد کە بە گێژانەوەی کەرکوک بو باوەشی نیشتمان ئارامیان بۆ شارەکە گێڕاوەتەوە.

جگە لە فراکسیونی پارتی هەموو فراکسیونە کوردستانیەکان دەنگیان بە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی داو شانازیشیان بەوەوە دەکرد کە ئەو میلیشیا پەرشوبڵاوەیان بە نیشتمانی کردووە، بەوەش دەکرێ لە هەر هەڵە و لادانێک لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێ، بەڵام ئەمڕو دەبینین ئەو میلیشیا بە نیشتمانی کراوە خۆیان تێکەڵ بە داواکاری خوپیشاندەران کردووەو بەربوونەتە گیانی یەکتری، جەگە لەوەش ئەو فراکسیونانە ببوونە زۆرناژەنی عیراقی بە میلیشیاکارو و بانگەشەیان بو خوشگوزەرانی و شەفافیەتی بەغدا دەکرد، بەوەشەوە نەدەوەستان و لە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەبوونە پاریزەری بەغداو هەولێریان بە تاوانبار دەناساند.

ڕووداوەکانی ناوچەکەو خۆپیشاندانەکانی ئێستای ناوەڕاست و خواروو عیراق و بەربوونە گیانی یەکتری میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، کوتا ڕۆژەکانی یەکپارچەیی خاکی عیراقی بەیەکەوە لکێنراو یەکێکە لە ئەگەرە زور بەهێزەکان، خو ئەگەر ئەوەش نەبێ شەڕی ناوخۆ ئەگەرێکی تڕە لە ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکان، ئەوەش ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دەخاتە سەر شانی هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و تاک بە تاکی خەڵکی کورد، کە کوردانەو کوردستانیانە لە ڕووداوەکانی ناوچەکەو تەقینەوەی کێشەکانی ناو عیراق بڕوانن و ئامادەکاری بۆ ئەگەرەکانی بەردەم عیراق بکەن، ئەو ڕوانینەش لێیان دەخوازێ لە دەوری سەرۆک بارزانی کۆببنەوە و لەو قوناغە هەستیارەدا ئەرکی ڕابەرایەتی کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بە سەرۆک بارزانی بسپێرن.

هەڕەشەو پەلامارەکانی سەر دۆزی ڕەوای کورد و ناسنامە نەتەوەییەکەی



سەگڤان هالو

کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەدان ساڵە هەوڵی قڕکردن و سڕینەوەی ناسنامەکەی دەدرێت و کەوتوتە بەر پەلاماری زور دڕندانە لەلایەن دەوڵەتە داگیرکارەکانی کوردستان ئەویش تەنها لەبەر ئەوەی کوردە و لە دەرەوەی ڕەگەزی تورک و عەرەب و عەجەمە. کورد وەک نەتەوە هەر لە سەردەمی ئیمپراتوریەتەکانەوە بگرە تا دەگاتە قۆناغی سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان و لەوێشەوە تا ئەمڕو لە ژێر هەڕەشەی لە نێو چوندایە تاکو ئەمڕو. دەتوانم بڵێم کورد تاکە نەتەوەی گەورەیە لە ڕووی دیموگرافیەوە کە پەنجا ملیون کەسە و بەسەر پێنج دەوڵەتدا دابەش کراوە بە بڕیارێکی نارەوا و زاڵمانە لەلایەن کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزو هاوپەیمانەکانیەوە لە ساڵی **1916** کە تاکو ئێستا خاوەن کیانێکی سەربەخۆیخوی نییە. هوکاری سەرەکیش دەگەڕێتەوە بۆ چاوچنۆکی دەوڵەتە زلهێزەکان و بەرژەوەندی هاوتەریبی ئەوان لەگەڵ دەوڵەتە هاوسنوورەکانی کوردستان تورک و عەرەب و عەجەم. بوونی بەرژەوەندی هاوتەریب وای لە کورد کرد هەمیشە بڵێت کورد هیچ دوستێکی نیە تەنها چیا سەرکەشەکانی کوردستان نەبێت و بە دڕێژایی قۆناغەکانی مێژووی سیاسی ئەوە سەلمێنداوە و کورد باجی چاوچنۆکی دەوڵەتە زلهێزەکان و هاوسنورەکانی کوردستانی داوە و هەتا حاڵی حازریش پەیڕەوی لەم سیاسەتە ناڕەوایە دەکرێت دەرحەق بە کورد و خاکەکەی لە شوڕشی شێخ مەحمودی نەمرەوە بگرە تا دەگاتە کۆماری کوردستان و لەوێشەوە بو پەیماننامەی شومی جەزایر و تا کو **16**ی ئۆکتوبەری **2017**و ڕێکەوتنی دەوڵەتە زلهێزەکان لەگەڵ تورک و سوریا و ئێران لە دژی کوردانی ڕۆژ ئاوای کوردستان هەموو ئەمانە و زور پیلانی تر نموونەی زیندوو و حاشا هەڵنەگری ئەو ڕاستیەن، کە لە سەرەوەدا باسم لێوە کرد ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە کورد وەکو نەتەوە هیچ کات یەکگرتوو و تەبا نەبووە و نەیتوانیوە دوای ئە و هەموو غەدرەی کە لێی کراوە ولێ دەکرێت گوتارێکی سیاسی ناسیونالیستی دروست بکات کەهەموو کورد وەک یەک نەتەوە لە ژێر چەتری دا کۆبکاتەوە لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ خۆی و پەندیشی لە ڕابردووی خوێناوی خۆی وەرنەگرتووە ئەگینا ئەوەی بەسەر کورددا هاتووە و دێت بە دڕێژایی قوناغەکان لە سەر ئاستی مرۆڤایەتیدا وێنەی نەبووە چونکە هەموو شێوازێکی ماددی و مەعنەوی لە دژی کورد بوو لە نێوبردنی تاقیکراوەتەوە لە کوتایی دا ئەوە دەڵێم کە ئەمڕۆش کورد لە دۆخێکی سیاسی زور ئاڵوز دایەوە و بڕیار بەدەستەکانی جیهان پەیڕوی هەمان سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزو و هاوپەیمانەکانی دەکەن لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش، بۆیە تاکە ڕێگا بۆ گوشارخستنە سەر بڕیار بە دەستەکانی جیهان بەکڕیزی و تەبایی کوردە وەک نەتەوە.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٢ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٤٢٩٥٨ ڕێکەوتی ٢٠١٧/١٢/١٢ بری ٢٠٠٠٠٠ نزام موسی ستیت وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٣ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٨٣٥١٦٣ ڕێکەوتی ٢٠١٩/٢/٢٦ بری ٥٠٠٠٠٠ احمد اسماعیل حسن وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی پێشمەرگەی یەکەی ٨٠ فەلەك ژمارەی ناسنامە ٢٨٠٨٠٠٠٢٠ بەناوی ئارام هەمزە عمر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان بەناوی (سیروان خضر ملا) بە ژمارەی ناسنامە (٧٥٧) لقی هەولێر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە: ١٩٣١٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٩
ئاگاداری ژمارە (١٥)ی ٢٠١٩
کەمکردنەوەی نهێنی

وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان/ کەم کردنەوەی نهێنی پرۆژەی (کاری شارستانی و دابینکردنی ترافیك لایت بۆ پێنج چوارڕیان لە قەزای کۆیە و ڕێکخستنی هاتووچۆ بۆ مەبەستی بۆیەکردن و هێلکاری و دابینکردن و دانانی هێماکانی هاتووچۆ وە دابینکردن و دانانی پەرژینی ئاسنی (Guarf Rail) بۆ ڕێگای هەولێر-کۆیە) دەکات هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بکات بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە و لەکاتی گەراندنەوەی تەندەر دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو بێت وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسرابێت و لە ناو صندوقی تەندەرەکان دابنرێت لەبەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان لەدیوانی وەزارەت وە دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٣ دەبێت.
وە مەرج نییە وەزارەتمان بەکەمترین نرخی تەندەر رازی بێت وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:
١- فۆشتنی تەندەر بەبری ٢٠٠,٠٠٠ دوو سەد هەزار دینار کە گەرانەوەی بۆ نییە.
٢- کۆمپانیا دەبێت تایبەتمەند بێت لەم بوارە.
٣- فۆشتنی تەندەر ڕۆژانە لەکاتژمێر (٩)ی بەیانی تاکو (١)ی دوای نیوەڕۆ دەبێت.

ڕێبەر احمد
وەزیری ناوخۆ

***

تێبینەرایەتی تۆمارگەی
خانووبەرەی دەشتی هەولێر

بڕیاری چەسپاندنی خاوەندارایەتی خانووبەرە پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەندارایەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٧٣٦ لە کەرتی ٩٥ کسنزان لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٤ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادەد (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بڕیارم دا خاوەندارایەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی خولە سلیمان حسین بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادەد (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژبڵاوبکرێتەوە.
سەرۆکی لێژنەی چەسپاندنی خاوەندارایەتی
دادەوەر/ نیگار احمد محمد

***

دادگای بەرایی هەولێر/٣
ژمارە: ٢٠١٤/ب/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (خالد صدیق حسن)
لەسەر داوای داواکار (بەڕێوبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (گروپی بەهار بۆ بازرگانی گشتی و بریکارنامەی بازرگانی/ سنوردار) سەرەڕای کارەکەی) لە داوای ژمارە (٢٠١٤/ب/٢٠١٨) ئەم دادگایە لەبەرواری ٢٠١٩/٩/١٠ بڕیاریدا لەسەرتان بە پابەندکردنتان بە دانی بڕی پارەی (١٧,٨٧٩) حەقدە هەزارو هەشت سەدو حەفتاو نۆ دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە (٢٢,٥٢٧,٠٠٠) بیست و دوو ملیۆن و پێنج سەدو بیست و حەوت هەزار دیناری عێراقی وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی مەلایان) بۆیە دادگا بڕیاری دا بە پێراگەیاندنتان بە بڕیارەکە لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان و بڕیارەکە پاشمالیە و (معلقا علی الاستکتاب و النکول عن الیمین الحاسمة عندالاعتراض و الانکار قابلا للاعتراض و الاستئناف و التمییز) وە مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارەکە لەماوەی یاساییدا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ سرکوت طه رسول

***

دادگای بەرایی شەقڵاوە
ژمارە: ٢٣٩/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٨
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (دلشاد عمر قادر)
داواکار/ دارا عمر قادر/ بریکاری پارێزەران/ توانا رشید عزیز ، انور اکرم بکر
داواکار داوای بەرایی ژمارە (٢٣٩/ب/٢٠١٩) ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای نەهێشتنی پشکداری (ازالە شیوع) کردووە لە مولکی ژمارە (٢/٧١٠) کەرتی ١ بساتین) وە دادگا بڕیاری پاشمالەی دەرکرد بەنەهێشتنی پشکداری (ازالە شیوع) لە داواکە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (شەقلاوە/ گەڕەکی تەم تەم) بۆیە بەدوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بڕیاری سەرەوەت پێ ڕادەگەیەنین وە ئێوەش مافی ناڕەزایی و دەربڕین و پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی یاسایی بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ رشاد خالد عمر

***

بەڕێوبەرایەتی ئاوەڕکانی هەولێر
کارگێڕی/ خۆیەتی
ژمارە: ١٤٦١/٨٠٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٩
بۆ بەڕێز/ هێڤی مصطفی عباس (ئەندازیار)
بابەت گەڕ (وریاکردنەوە)
لەبەر دابرانت لە کار لە پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٣ بەبێ هۆ و ئاگادارکردنەوەمان بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە لەماوەی (٧) ڕۆژ دەست بەکاری خۆت بکەیتەوە ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بیت لەماوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بیت بەپێچەوانەوە بەپێی برگەی (٤) لە بەندی ٣٧ لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٣٤) لە ساڵی ١٩٦٠ ڕاستکراو کۆتایی بەڕاژەکەت دێنین.
ئەندازیار/ سرود عبدالمجید عبدالقادر
بەڕێوبەری ئاوەڕۆکانی هەولێر

***

فەرمانگەی دادنووسی بەحرکە
ژمارە: ٢٦٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٣
ئاگاداری
بەڕێز (ایوب جندی محمد) داوای تۆمارکردنی ئەو ئامێرانەی کردووە لە (ناحیەی بەحرکە) دانراوە ئامێرەکانی بە لیستی هاوپێچ دیاری کرا وە بەپێی پەیڕەوەی تۆماری ئامێری میکانیکی ژمارە (٣٣)ی ساڵی (١٩٩٨) بڵاوی دەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەك لەو ئامێرانە دادەنێت لەماوەی ١٥ پانزە ڕۆژ سەردانی ئەم دەزگایە بکات, بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارەوە تۆمار دەکرێت و بڕوانامەی پێ دەدرێت.
دادنووس/ شوان سعید عمر

***

ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە دووبارە بەکرێ دانی ڕووبەری (١٠٠٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٢/٣) ك (١٠) سوێڕێ (سەر ڕێگای هەولێر- گوێر) کە چەند کۆگایەك لەسەری دروستکراوە بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.
د. کەال طیب قادر
بەڕێوبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

دادگەها کاروباری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٧٩/م/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/١٠/٢٨
ئاگەهداری
بۆ داوالیکەراو (ملکو ناصو ملکو) جهی ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (ناڤین سیدو حسین) داخازێ تێدا دکەت ژ رابردو ویا بەردەوام (نفقة ماضیة ومستمرة لها ولاولادها) یا خو ویا زوارکا ناکام هەر ژ ئیك (سلیم ل دایك بووی ٢٠٠٧/١١/٢٨ و وارقان ل دایك بووی ٢٠١١/١/٢٩ ودلقان ل دایك بووی ٢٠١٦/٧/١٩ والهام ل دایك بووی ٢٠٠٩/٧/١٨ ودلین ل دایك بووی ٢٠١٧/٩/٢٤) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهەداریا دەستەکا هەلبژیر ل قەزا سێمێلێ کەمپا کبرتو یا پەنابەرا شنگالی ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو ڕۆژنامەییین ڕۆژانەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤی دادگەهی ل دەمژمیر (١٠) سپیدەهیا ڕۆژا ٢٠١٩/١١/١٩ ول بەروڤاژی ڤی چەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن
دادوەر / ابراهیم خشمان گرگری

***

بەڕێوبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ١٢٢٦/ ت / ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢٣
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفرۆتنا یەکەیەکا ئاکنجیبونێ (شقە سکنیە) یا ژمارە (٣٨) ل تابقی دەهی ل عیارا (A1) ئەوا دکەفیتە ل (سیمیل تەناهی کومەلگەها ناورو ستی) یا قەرزدار (ریزان محمد سلیم سلیمان) بو جارا ئیکی ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) ڕۆژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕۆژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خوە بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان بو زانین بهایی هاتیە دانان دبیتە (٧٢٠٠٠٠٠٠) حەفتی ودوو ملیون دیناری عیراقی دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە.
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

***

دادگای باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٥٥٦/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢٢
ئاگاداری
بۆ/ داوالێکەراو/ شریف حجی رشید
حاجی/ جهێ ئاکنجی بوونێ نەدیارە
داواکار (خیسار حجی رشید) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ داگەهێ داخازێ تێدا تێدا دکەت ب سەلماندنا ڕەچلەك (اثبات نسب) یا خو (خیسار ل ١٩٩٥/٦/٧) ژ بابی تەیی خودی ژی رازی (حجی رشید حاجی) وتە دکەت، و ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە ل دویف ئاگادار یا دەستەکا هەلبژیر ل پارێزگەها دهوکی- تاخی میدیا بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تەبێتە کرن ل دوو ڕۆژنامەییین ڕۆژانەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەمژمیر دەه سپیدەهیا ڕۆژا ٢٠١٩/١١/١٨ و ل بەروڤاژی ڤی چەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی و ئاشکرایێ هیتە کرن..
دادوەر/ زیرك محمد صدیق عبدالکریم

***

دادگای باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٥٥٧/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢٢
ئاگاداری
بۆ/ داوالێکەراو/ شریف حجی رشید
حاجی/ جهێ ئاکنجی بوونێ نەدیارە
داواکار (سیریج حجی رشید) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ داگەهێ داخازێ تێدا تێدا دکەت ب سەلماندنا ڕەچلەك (اثبات نسب) یا خو (سیریج ل ١٩٩٠/٣/٢) ژ بابی تەیی خودی ژی رازی (حجی رشید حاجی) وتە دکەت، و ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە ل دویف ئاگادار یا دەستەکا هەلبژیر ل پارێزگەها دهوکی- تاخی میدیا بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تەبێتە کرن ل دوو ڕۆژنامەییین ڕۆژانەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەمژمیر دەه سپیدەهیا ڕۆژا ٢٠١٩/١١/١٨ و ل بەروڤاژی ڤی چەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی و ئاشکرایێ هیتە کرن..
دادوەر/ زیرك محمد صدیق عبدالکریم

***

بەڕێوبەرایەتی گشتی تۆماکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسایی
ژمارە: ٧٩٢٨
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٩
بڕیاری داخستنی لقی کۆمپانیای (بیانی)
دوای تەواوکردنی ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی لقی (شرکة البناء اندار ادی غوتییریز ش.م/ المساهمة) (CONSTRAUTORA ANDRADE GUTIERREZ S/A) برازیلی (تنفیذ المشاریع و الخدمات الهندسیة علی جمیع اشکالها) وە پاڵپشت بە مادەدە (١٥) لە سیستەمی ژمارە (٥) ساڵی ١٩٨٩. من وەك تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە: داخستنی لقی کۆمپانیای ناوبراو و سرینەوەی ناوی لە تۆماری تۆمارکاری کۆمپانیاکان.
اراس رؤوف عارف
بەڕێوبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

***

بەڕێوبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٩٤٣٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (فراهان) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی کەرەستەی بیناسازی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (فراهان) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی کەرەستەی بیناسازی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٢٦) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (محمد میکائیل حمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەدەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٢٩
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

***

بەڕێوبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٧٩٣٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٩
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سمسار) بۆ (کرێن و فرۆشتنی خانوو و زەوی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەدەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەدەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

***

بەڕێوبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٨٥٤٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٠
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (H.N.D.O)
بۆ بازرگانی گشتی /سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (H.N.D.O) بۆ بازرگانی گشتی /سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (بەروار خالد خضر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەدەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/١٠
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

***

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کۆمپانیا (کەڤەری کانیکا) یا (بەلێندراتێت بیناسازی / سنۆوردار) بریارا گهورینا (ناڤێ کومپانیی) دایە ژ کومپانیا (کەڤەری کانیکا) یا (بەلێندراتێت بیناسازی / سنۆوردار) بۆ کومپانیا (کەڤرێ کانیکا) یا (بەلێندراتێت بیناسازی / سنۆوردار) لەوما هەر کەسەکی نەرازی بیت یانژی مافەکێ یاسایی ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا سەرەدانا ڕێڤەبەریا کومپانیا لدهوکێ بکەت ل (باژێرێ دهوکێ - جادا مازی) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

مافپەروەر / شێروان حیتو عبدالرحمن
ڕێڤەبەرێ کومپانیان لدهوك

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (H.N.D.O) بۆ بازرگانی گشتی /سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوبەری کۆمپانیاکان هەولێر

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (فراهان) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی کەرەستەی بیناسازی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوبەری کۆمپانیاکان هەولێر

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/10/31 ژمارە (5861)

هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی هاوکاریی سەربازی بۆ پێشمەرگە دەنێرێت



بەڕێوەبەری هەماهەنگی و پەیوەندییەکانی دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە ئاشکرای کرد، لەلایەن هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییەوە کاروانێکی هاوکاریی سەربازی بۆ پێشمەرگە نێردراوە.

عەمید روکن هەژار عومەر، بەڕێوەبەری هەماهەنگی و پەیوەندییەکانی دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە بە خەباتی ڕاگەیاند: چاکسازی لەناو هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوامە و پرۆسەیەکی درێژخایەنە، 14 لیوای یەکگرتووی سەر بە وەزارەتمان هەیە و بڕیارە هێزەکانی 70 و 80ش ببنە بەشێک لە وەزارەتی پێشمەرگە، بەڵام هێشتا پرۆسەکە ماوە. ئەوەشی ئاشکرا کرد کە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوە بۆ سەرجەم لیواکان دەکرێتەوە، لیواکانی 80 پرۆسەیەکیان دەستپێکردووە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوە و مەشقپێکردنی هێزەکان، تاوەکوو لیواکانی 80 هاوشێوەی لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە بێت و لەکاتی یەکخستنەوەی یەکەکاندا، ئاسانتر بێت.

هیوای ئەوەشی خواست کە یەکەی 70ی پێشمەرگەش بە هەمان شێوە ئەو پرۆسەیە دەست پێبکات و وەک هەیکەلیەتی وەزارەتی پێشمەرگەی لێ بێت. لەبارەی هاوکارییەکانی هاوپەیمانان، عەمید هەژار عومەر ئاماژەی بەوە کرد، هاوپەیمانان لە سەرەتای شەڕی داعشەوە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و بەردەوام مەشق و ڕاهێنان بە پێشمەرگە دەکەن و تا ئێستاش لە ڕێگای ژوورێکی تایبەت کە پێشووتر 8 وڵات بوون و ئێستا 7 وڵاتن، لە چوار بنکە مەشق و ڕاهێنان بە پێشمەرگە دەکەن. ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ڕاوێژکارانی (ئەڵمانیا، بەریتانیا، ئەمەریکا و هۆڵەندا) هاوکاریی وەزارەتی پێشمەرگە و بۆردی چاکسازیی پێشمەرگە دەکەن، بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەکە و پڕۆگرامەکەش پڕۆگرامی وەزارەتی پێشمەرگەیە و ئەوان هاوکارن. بە گوتەی ئەو بەرپرسەی وەزارەتی پێشمەرگە، هاوپەیمانان دەستیان بە ناردنی هاوکاری بۆ پێشمەرگە کردووە، ئێستا دەست کراوە بە ناردنی کاروانی هاوکاری بۆ لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ دوو لیوا، بۆ سالّی داهاتووش ئەو هاوکارییانە فراوانتر دەبن.

گوتیشی: هاوکارییەکان بریتین لە چەک و جبەخانە و ئالیات و پێداویستیی سەربازی. پێشتر کۆڵۆنێڵ مایلیس کاگینس، گوتەبێژی هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش رایگەیاندبوو: بەم زووانە زیاتر لە 100 ئۆتۆمبێلی زرێپۆش لە جۆری هامڤی و سیستەمی هاوەن و چەند سیستەمێکی دیکە دەدەینە پێشمەرگە، جیا لەوەش لەگەڵ هەولێر و بەغدا لە ڕێگای ڕاوێژکارەکانمانەوە هەوڵ دەدەین میکانیزمێک بۆ ئەنجامدانی کاری هاوبەش لە ناوچە جێناکۆکەکان دیار بکەین

پەرلەمانتارێکی هاوپەیمانیی فەتح : دەستەکارکێشانەوەی عەبدولمەهدی لەم کاتەدا قەیرانەکان قوواڵتر دەکاتەوە

ئەندامێکی هاوپەیمانیی فەتح لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، دەستەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەم کاتەدا قەیرانەکان قوواڵتر دەکاتەوە. عەبدولئەمیر میاحی، ئەندامی هاوپەیمانیی فەتح لە پەرلەمانی عێراق بە میدیاکانی وڵاتەکەی ڕاگەیاندوە ، لەم بارودۆخە و ئاژاوەیەی لە عێراقدا هەیە، دەستەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، بۆشاییەکی حکوومی دروست دەکات کە قەیرانەکە لە جێگەی چارەسەرکردن، قوواڵتر دەکاتەوە. ڕوونیشی کردووەتەوە، عادل عەبدولمەهدی و حکوومەتەکەی لە ئەنجامی سازانی نێوان کوتلە گەورەکانی پەرلەمان هاتوونەتە کایەوە، بۆیە لەم کاتەدا دەستەکارکێشانەوەی حکوومەت کێشەی زیاتر لە عێراقدا دروست دەکات. بۆیە داوای کردووە ڕێگەچارەی ئاشتییانە و عاقلانە بۆ دۆخەکە دابنرێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە هەریەک لە هادی عامری، سەرۆکی هاوپەیمانیی فەتح و موقتەدا سەدری ڕێبەری ڕەوتی سەدر ڕێککەوتنیان لە ڕێگەی چەند نامەیەکەوە بۆ وەرگرتنەوەی متمانە لە حکوومەتی عێراق ڕاگەیاندووە.

بەهۆی خۆپیشاندانەکانی عێراق ئێران دەروازەی سنووری میهرانی داخست

بەپێی هەواڵی ئاژانسی نیمچە فەرمیی ئێران تەنسیم، جێگری پارێزگاری پارێزگای ئیلام، موحەمەد نەوزەری ئاماژەی بەوە کردووە بەهۆی خۆپیشاندانەکانی دژ بە حکوومەت کە لە عێراق درێژەی هەیە، دەروازەی سنووری میهران داخراوە. نەوزەری زانیاری نەداوە لەبارەی ئەوەی کە چەند ڕۆژ دەروازە سنووریەکە دادەخرێت.

دوای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانی عێراق، ئێران لە سێی تشرینی یەکەمدا دەروازە سنووریەکانی چەزابەی لە سنووری پارێزگای خوزستان و خوسرەوی سەربە پارێزگای کرماشان-ی داخست و دوای سێ ڕۆژ دووبارە کردنیەوە. هەروەها وەزارەتی دەرەوەی ئێران، دوو ڕۆژ لەمەوبەر هاوواڵاتیانی ئاگادارکردەوە لە گەشتکردن بۆ عێراق.



باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق داوای سزادانی بکوژانی خۆپیشاندەرانی کەربەلا دەکات

باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق، وێڕای بەداخبوون لە ڕووداو و ئاڵوزییەکانی عێراق ، داوا دەکات بەرپرسان لە بەرانبەر ئەو تووندوتیژییانەی کە لە کەربەلا ڕووبان داوە، دەبێ سزا بدرێن.

لەمبارەوە مارتین هووس، لە پێگەی فەرمیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (تویتەر) نووسیویەتی: بە سەیرکردنی ئەو ڕاپۆرتانەی کە پەیوەندییان بە کردەوەکانی تووندوتیژیی زۆر لە دژی خۆپیشاندەران لە کەربەلا هەیە، تووشی شۆک و داخێکی تووند بووم و دەبێت بەرپرسان سزا بدرێن. لە ماوەی چوار ڕۆژی ڕابردوودا بەهۆی خۆپیشاندان و ئاڵوزییەکان لە چەند پارێزگایەکی عێراق، بە دەیان خۆپیشاندەر بە تەقەی هێزە ئەمنییەکان کوژران و تەنیا لە شاری کەربەلا 18 خۆپیشاندەر بوونە قوربانی. ویست و داخوازیی خۆپیشاندەرانی عێراقی لە داخوازیی خزمەتگوزاری و هەلیکار و بەرنەگاربوونەوەی گەندەڵی تێپەڕیوە و داوای هەڵوەشاندنەوەی حکوومەت دەکەن.



نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان: حکوومەتی عێراق ناتوانێت بە سالّێک کێشەکانی رابردوو چارە بکات

نوێنەری تایبەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، سەردانی خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانی تەحریری لە شاری بەغدای پایتەختی عێراق کرد. بەپێی ڕاگەیاندراوێکی نوێنەرایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کە وێنەیەکی بۆ خەبات نێردراوە، جینین هینیس، نوێنەری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، دوێنێ چوارشەمە 30ی ئۆکتۆبەری 2019 سەردانی گۆڕەپانی تەحریری لە بەغدا کردووە. لە میانی سەردانەکەیدا بەرپرسەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەیەکی زۆری خۆپیشاندەرانی بینیوە و گفتوگۆی لەبارەی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران کردووە. هاوکات جەختی لەوە کردووەتەوە کە حکوومەتی عێراق ناتوانێت بە تەواوەتی میراتی ڕابردوو لە ماوەی سالێکی تەمەنیدا چارەسەر بکات. هاوکات داوای کردووە، دیالۆگێکی نیشتمانی بە مەبەستی بەدەنگەوەهاتنی کارا و بەپەلە بۆ دەرچوون لە تووندوتیژییەکانی ئەم چەند ڕۆژە دەست پێ بکات. نزیکەی مانگێکە خۆپیشاندانێکی بەرفراوان لە بەغدا و زۆربەی شارەکانی دیکەی ناوەڕاست و خواروو عێراق دەستی پێکردووە، تاوەکوو ئێستا سەدان کەس کوژراون و هەزارانیش بریندار بوون

شەڕ و پێکدادان لەنێوان سوپای سووریا و تورکیا لە دەوروبەری سەرێکانیێ رووبدا

ئاژانسی هەواڵی سووریا (سانا) ڕایگەیاندووە شەڕێکی سەخت لەنێوان سوپای سووریا و سوپای تورکیا لە ناوچەی تەلوەرد لە دەوروبەری سەرێکانیێ ڕووبدا و بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ناوچەکە ئاوارە بوون.

بەگوێرەی کوردستان24 ئاژانسە سووریەکە دووپاتیکردووەتەوە، سوپای تورکیا و گرووپە میلیشیا تووندڕۆکانی سەر بە ئەنقەرە، هەردوو گوندی مەحموودییە و دەربێیان لە دەوروبەری شاری سەرێکانیێ داگیرکرد. بەگوێرەی چەند شایەتحاڵێکیش، سوپای تورکیا و ئەو گرووپە چەکدارانەی سەر بە ئەنقەرە کە لە ناوچەی عەنیقول هەوا، دەمێننەوە، بە تۆپ و هاوەن خانوو و ماڵی دانیشتووانی گوندی تەلوەردیان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی سەرێکانیێ کردە ئامانج. سانا دووپاتیشیکردووەتەوە، هێزەکانی سووریای دیموکرات هەسەدە ئاگریان لە بڕێکی زۆری نەوت لە تەلتەمر بەرداوە، بۆ ئەوەی ئاسمانی ناوچەکە بە دووکەڵ بتەندرێت و فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا نەتوانن ئامانجەکانیان بپێکن. وەک ئاژانسە سووریەکە ئاماژەی پێدا، سوپای سووریا 4گوندی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی سەرێ کانیێ کۆنترۆڵ کردووە.

مارتین هایدگەر.. دۆزینەوەی بوونی دازاین لە دیاردەناسی زانستی ڕاڤەکردن

بەشی یەکەم

ن: سکینە نعمتی/ و: ئەحمەد حاجی مەولود

جیاوازی سەرەکی ڕاستەقینە لە واتای ئەفلاتونی و ڕاستەقینە بە واتای هایدگەری ژ یۆنانی لەوە دایە، کە ڕاستەقینەی ئەفلاتونی لە بەرامبەر هەڵە، درۆ و وەکو ئەوانە باس دەکرێت. بەڵام ڕاستەقینە بە واتای هایدگەری لە بەرامبەر حیجاب، داپۆشین، نادیاری و نەناسراو دادەندرێ، بۆ ناسینی دازاین ناتوانین یارمەتی لەو بۆچوونە زانستیە باوانە وەربگرین، کە بەپێی قسەی هایدگەر "لە جیهان بوون" لە بیر دەکەنەوە. کەوایە دەبێ وەکو هوسێرل خۆ لە هەر جۆرە مەعریفە و زانستێک دوور بکەینەوە تا بە تێگەیشتنی بێ واسیتە بگەین. هایدگەر لە گرنگترین و ڕەنگە لە کاریگەرترین فەیلەسوفانی سەدەی بیستەم و سەرانسەری سیستەمی فەلسەفەی ڕۆژئاوایە. ئەندێشەکانی هایدگەر لە ژێر کاریگەری نامیلکەکانی پۆلس قدیس، ئاگۆستین، مایستر ئەکهارت، کی یەرکگور، دیلتای، نیتچە و بەتایبەت ئەدموند هوسێرل دابووە. فێرکراوەکانی هوسێرل لە کتێبی "توێژینەوەکانی لۆژیکی" بەهۆی بۆچونی کلاسیکی ئەو، هزری هایدگەری سەرقاڵ کردبوو.

هوسێرل لە چوارچێوەی دیاردەناسی، بانگەشەی دەکرد، کە دەروونی مرۆڤ دیاردەیەک یان خودی زەین نییە، بگرە زیاتر لەسەر کرداری ئاشکراکردن یان بە قسەی خۆی پەیوەندی بە چۆنیەتی بە یەکتر گەیشتن هەیە. بەو واتایە، کە هوسێرل نەتەنیا سەرنجی دەدایە ناوەرۆک و بابەتی ئاشکرابوون، بگرە ئەوەی ڕووی دەدا لەبەرچاوەدگرت. سەرەڕای ئەوەی هوسێرل بانگەشەی دەکرد، کە بابەتی سەرەکی فەلسەفە زەینی بوون نییە، بگرە خودی دیاردەکانن و بەو هۆیەوە شێوازی تەوسیفی لە ڕووبکردنەوە و ئاشکراکردنی کاروباری لە بواری چییەتی هێناوەتە بەرباس. بەڵام هایدگەر بۆچوونەکانی دوایی هوسێرل لەبارەی "هەستکردنی بەرز و بێنگەردی" قبوڵ نەکرد، بگرە ڕوانگەی یەکەمی ئەوی لە ڕوانگەی میتۆووی بوون و زەینی بوون، لەگەڵ دیاردەناسی بوونی خۆی سازگار دەدی و بەو هۆیەوە سەرەنجی ئەو بۆ دیاردەناسی هوسێرل ڕاکێشرا، لە ساڵەکانی سەرەتایی هزری فەلسەفی ئەو واتا لە 192 سەرنجی تایبەتی دەدایە نامیلکەکانی ئەرەستۆ. هایدگەر بانگەشەی دەکرد، کە نامیلکەکانی ئەرەستۆ بێ ئەوەی کاریگەری زەینی بوون لە بەیر بەبات، جۆرێک لە دیاردەناسی ڕۆژئاوەیی لە خۆدا شاردبۆوە. ئەو بۆچوونی ئەرەستۆی لەبارەی ڕاستەقینە لە 3بۆار باس کردووە و گوتویەتی: تەواوی دیاردەکان و کاروبار چییەتی ئاشکرایان هەیە. ناخی مرۆڤیش جۆرێک ئەو ڕوانگەیە کرداریەی هەیە، بەڵام مرۆڤەکان دەتوانن لە ڕێگەی قسە و دەربڕینی گوتار و یان کردارەوە ئەوانە دەربېرن. هایدگەر دەڵێ ئەو دۆزینەوەی دەربڕینە بە جۆرێک جێبەجێ ئەنجام دەبێت کە ئەوەی بە کاتبەندی ناوناوە. بەبۆچوونی ئەو، ئەو هۆکارە چییەتی سەرەکی مرۆڤ پێکدێنێ و ئەو تێگەیشتنەی هایدگەر لە چەمکی کات بوو، کە لە کتێبی بەناوبانگ و ڕەنگە گرنگترین کتێبی ئەو "بوون و کات" جێگەی خۆی کردەوە. ڕوانگەی هایدگەر بۆ جیهان بەردەوام لە هەموو بەرهەمەکانی دیارە. هایدگەر داکۆکی لەسەر ئەو بانگەشەیە دەکرد، کە فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەشێوەی گشتی لە ڕاستەقینەی بوون بە واتای گشتی و چییەتی مرۆڤ بە واتای تایبەت تێنەگەیشتووە و بۆچوون و دەربڕینی هەڵەی هەبووە. هایدگەر تەواوی ژیانی فەلسەفەی خۆی لە ڕێگەی چارەسەری هەڵەیەکی وەها تەرخان کردبوو. بە بۆچوونی ئەو مرۆڤ و بوون پەیوەندی نزیکیان هەیە. مرۆڤ بوون بریتییە لە دۆزینەوە و درککردنی بوون یان ژیان لە بواری بوون، هەر بەو هۆیەوە بوونی شتێک تەنیا لە پانتایی ئەزموونی مرۆڤ دایە، کە واتادار دەبێت. لەو چوارچێوەیە مرۆڤ بوون یان بوونی مرۆڤ بریتیە لەو شتەیە، کە هایدگەر ئەوەی بە واژەی "دازاین" دەربڕیوە. لە شیکردنەوەی زیاتری ئەو واژەیە دەبێ بگوترێ: سەردەمێک مارک تواین گلەیی دەکرد کە وشەکانی ئەڵمانی بە هەر واتایەک بەکاردەبردرین. بەڕاستی da یەکێک لەوانەیە. ئەو وشەیە هەم بە واتای "ئەوێ" و هەمیش "ئێرە"، هەروەها بە واتای "کەوایە" و هەروەها "لەو کاتەدا" بەکاردێ. بەڵام کاتێک لەگەڵ " "seinدادەندرێ، واژەی dasein پێکدێنێ، کە بە واتای ئەوێ، ئێرە، هەر لێرە و هەر لەوێ بووە. هەندێک جاریش بە واتای لەبەردەست بوونە. لە سەدەی هەڤدەیەم بە واتای ئامادەبوون و پێشەوە بوون، بەکار دەبردرا. لە سەدەی هەژدەیەم dasein بە واتای بوون یان ئارام بوون و سەرهەڵدان بەکار دەبردرا و شاعیران ئەویان بە واتای ژیان بەکار دەبرد. لە قسەی ڕۆژانەش بەواتای بوون و ژیانی تاکەکانی مرۆڤ بووە. هایدگەر لە گۆتارە سەرەتاکانی خۆی وشەی le-benبە واتای ژیان بەکار دەبرد، بەڵام لە کتێبی "بوون و کات" وشەی daseinبە دوو واتای بەکار بردووە:

1-ژیانی مرۆڤەکان.

2-بوونەوەر یان مرۆڤێک، کە ئەو جۆرە ژیانەی هەبێت. ئەو هەندێک جار قسە لە "دازاینی جیهان" دەکات. لە هەندێک لە گوتارەکانیشی بە دانانی ئەو وشەیە لەکن مرۆڤ، زاراوەی دازاینی مرۆڤ بەکار دەبات. هەرچەند هەندێک لە توێژەران دازاین بە واتای مرۆڤیان داناوە، بەڵام هایدگەر ڕاشکاوانە دەڵێ دازاین مرۆڤ نییە، بگرە بریتیە لە پەیوەندیەک بە ژیان، کە مرۆڤ ئەو بەدەستبدات. دازاین نیوان مرۆڤ و خوایە و تەنیا مەبەست ئەوە نییە. دازاین بەهۆی ژیان بوونی دەبێ، چونکە خۆی پاسەوانی ژیانە. ئێمە دەپرسین "مروف کێیە؟" بەڵام هیچ کات ناپرسین "دازاین کێیە؟" چونکە دازاین واتای غەیرە کەسی هەیە. دازاین بوونێکە، کە لە دەرکەوتن و تێگەیشتنی ژیانی خۆی واتادار دەکات. دازاین کاتێک کە سەرپەڵدا و هاتە پێشەوە، ڕەسەن دەبێت. ژیانی دازاین چۆنیەتی دەرکەوتنی هەیە، بەڵام دەرکەوتنێکە لە پانتاییەکی سنووردار جێبەجێ دەبێ. هایدگەر وشەی یۆنانی aletheiaلە شیکردنەوەی ئەو دەرکەوتنە یان ئاشکرایەی بوون دەردەبڕێ. هەروەها ئەو وشەیە لە ڕوونکردنەوەی مەبەستی خۆی لە ڕاستەقینەی بوون یان ژیان قسە دەکات. جیاوازی سەرەکی ڕاستەقینە لە واتای ئەفلاتونی و ڕاستەقینە بە واتای هایدگەری ژ یۆنانی لەوە دایە کە ڕاستەقینەی ئەفلاتونی لە بەرامبەر هەڵە، درۆ و ئەوانەی دیکە دێتە ئاراوە. بەڵام ڕاستەقینە بە واتای هایدگەری لە بەرامبەر حیجاب، داپۆشین، نادیاری و نارووندا دادەندرێ. بۆیە ئەگەر دازاین بە واتای بوونێک کە ژیانی لە دەرکەوتن و تێگەیشتنی بوون کورت دەکرێتەوە لەبەرچاو بگرین، بەو شێوەیە لە جەوهەر و چییەتی بوون تێگەیشتنی ڕاستەقینە بە واتای aletheiaشاراوەیە.



هەروەکو گوتمان هایدگەر لە "بوون و کات" بوون لەگەڵ کات پەیوەند دەدات و باوەڕی وایە، کە بوون لە خۆیدا پەیوەندی بە کاتی سنووردارە. ئەو جۆرە بوونە تایبەتە، کە بوونی لە دەرکەوتنی بوونی خۆی و بوونی ئەوانەی دیکەوە واتادار دەبێت دازاین یان "بوون لە شوێن" ناودەنێ.

سەرەڕای ئەوە، بوونەوەرێکی وەها بەناوبانگە بە ئیگزیستانس. هایدگەر دەڵێ کە بناخە و بوونی مرۆڤ پێکهاتووە لە سێ سات:

1- بوون. 2- مەرجە پێشەکیەکان.

3- ئامادەبوون یان پێشەوە چوون. هەڵبەت هەندێک ئەو سێ ساتە بە هەڵە بە ئامادەکردن وەردەگێڕن. لەڕاستیدا ئەو سێ ساتە یان سێ توخمە چییەتی مرۆڤ پێکدێنێ و هایدگەر ئەو بە "کاتبەندی کردن" ناو دەبات. هەر ئەو کاتبەندیە، پانتایی ئامادەبوون لەبەرامبەر مردن واتادار دەکات. کاتبەندی شتێک نییە بێجگەلە ئامادەبوون لە چوارچێوەی بوونی ئەو شتە کە لەو هەڵومەرجە بوونی هەیە. مەبەست لە بوون بریتییە لەوەی کە مرۆڤ بەردەوام لە پرۆسەی بوون دایە، واتا ژیان لە پانتایی ئەگەرەکان و هەنگاونان لە ئایندەیە. بە بۆچوونی هایدگەر ئەو بوونە کارێک نییە بە ویست و دڵی خۆی بێت، بگرە ڕاستییەکی پێویستە. هایدگەر لە دەربڕینی ئەو واتایە سێ ڕستە دێنێ: 1- چییەتی و جەوهەری مرۆڤ هەر هەمان هەڵسان و ئارامبوونە لە دەرەو. 2ڕ چییەتی مرۆڤ کارێکی ڕاستییە. 3-چییەتی مرۆڤ دەستەبەری هەڵومەرجی گونجاوە، کە مرۆڤ نە تەنیا توانایی هەیە کە خۆی بێت، بگرە پێویستی بە بوونی خۆیەتی. سەرەڕای ئەوەی، کە ئاواتی مرۆڤ لەو پانتاییەی تێیدا دەژی، بریتیە لە کۆتایی ژیان ئەویش مردنە. مرۆڤەکان لە خۆدا بوونەوەرانێکی سنووردارن، بۆیە ناچار لە نیودەچن، بۆیە کۆتاییەکەی بوون مردنە. بۆیە مەعریفەی نەفس یان هۆشیاری لە بەرامبەر خودی خۆی پێویستی بە ترس لە لەنێوچوونە. هایدگەر ئەو لەنێوچوونە لە تیۆری "بوون بەرەو نەبوون" کورتی کردۆتەوە. بۆیە لە ڕوانگەی هایدگەر دازاین لە پانتایی کات، دەگاتە واتای بوونی خۆی. لەڕاستیدا کاتبەندی چییەتی دازاین پێکدێنێ، بەڵام مرۆڤ بە لەبەرچاوگرتنی ئەگەرەکانی کە بۆ بوون و شتێکی دیکە بوون هەیەتی، لە دەرەنجامدا خەتمی کۆتایی لەسەر بوونی ئەو دەدرێ، واتا ڕووبەڕووی مردن دەبێتەوە. بۆیە بە بۆچوونی هایدگەر دازاین کاتێک دەتوانێ بە وشیاری بگات، کە لە نێوان ئەگەرەکانی ئێستای خۆی بۆ گەشەکردن و بوون و ئەگەری کۆتایی، کە مردنە، پەیوەندیەک دروست بکات. لەو نیودا هایدگەر مرۆڤەکان لە بواری وشیاری یان ناوشیاری بۆ مردن و لەنێوچوون بە "بوونی ڕەسەن" و "بوونی نارەسەن" دابەشی دەکات. ئەو دەڵێ: هەندێک جار مرۆڤ سنووردارای خۆی لە بیر دەبات. ئەو کارە نەتەنیا لە ژیانی ڕۆژانە، کە لە چوارچێوەی فەلسەفەش ڕوو دەدات. هایدگەر دۆزینەوەی وشیاری و بیرهێنانەوەی ئەو سنووردارییە بە ڕێگە چارە ناودەنێ. لەو شێوەیەدایە کە مرۆڤ چییەتی خۆ دەدۆزێتەوە و هایدگەر وەسفێکی وەها بوونێکی ڕەسەن ناودەنێ، بەڵام نارەسەن بوون و ڕەسەن بوون ناکرێ چەمکی ئاکاری و بەها یان کەڵام ناو بندرێ. بگرە دوو شێواز لە بوونن. بە واتایەکی دیکە دەگوترێ بوون کە بەرەو مردنە، ئەگەر لە بیر بکرێتەوە، مرۆڤ دەکەوێتە نێو نارەسەنی، بەڵام لە چوارچێوەیەک کە بوون لەسەرەمەرگ دایە، مرۆڤ هەست بە لایەنی ڕەسەنی خۆی دەکات. هایدگەر لەسەر ئەو باوەڕیە کە مرۆڤ، جیهان لە جیهان و لەگەڵ جیهان دەناسێت. لەو بارەیەوە هایدگەر لە کتێبی "بوون و کات" خۆی قسە لەسەر شێوەکانی واتادار لای مرۆڤ دەکات. ئەو "بوون لە جیهان" لە بەرامبەر بۆچوونەکانی مەعریفەناسی نوێ لە چوارچێوەی چییەتی، باسی لەسەر دەکات. هایدگەر دەڵێ مرۆڤ لە پانتایی کۆمەڵگە دەژیت و بۆیە لە جیهانێکی تایبەت نقوم بووە. هایدگەر هۆکاری ئەو کارە لە تووشبوونی مرۆڤ لە بارودۆخی جۆراوجۆر دادەنێ. پەریشانی، دانوستان و بۆچوون و بەرژەوەندییەکانی تایبەت کە مرۆڤ لە خۆ دەگرێ، جیهانی ئەو پێکدێنێ. خەریک بوون بەو پەریشانیانە هایدگەر "بوون لە جیهان" ناو دەنێ. هایدگەر سەرەڕای وردبوونەوە لە بەرهەمەکانی بەر لە سوکرات، ئەفلاتون، ئەرەستۆ و دوایی پۆلس قدیس، ئاگۆستین و ئاکویناس و لە کۆتایی کانت و ڕوانگەی سەدەی نۆزدەیەم بۆ "جیهان بینی" وەبیردێنێتەوە، کە دازاین بەردەوام لە جیهان دایە. هایدگەر جیهان لە سێ واتا دادەنێ:

1-کۆمەڵە بوونەکان بە گشتی.

2-کۆمەڵەی مرۆڤەکان.

3-مرۆڤ لە پەیوەندی لەگەڵ بوونەکان. بەگشتی هایدگەر دەڵێ کە دەکرێ جیهان تا ڕادەیەک هاوڕێ لەگەڵ دازاین بێت، چونکە تەنیا دازاین دەتوانێ لە جیهان جێگیر بێت. لەو ڕووەوە کاتێک هایدگەر وشەی جیهان بەکاردێنێ مەبەستی بەهێچ شێوەیەک زەوی یان پانتایی شوێن بە واتای نیوتۆنی نییە، بگرە مەبەست کۆمەڵەیەک لە پەیوەندییەکانی جولەرە کە بوونیان هەیە و ئەگەرەکانی مرۆڤ لە خۆ دەگرن و بەو شتانە و کارانەی کە مرۆڤەکان ڕووبەڕوویان دەبنەوە واتا دەبەخشێ.

حەسەن حەیران
حەیرانبێژی شۆڕش و بەرگری



بەشی سێیەم

جەمال گردەسۆری

پێشەکی: حەسەن حەیران ئەو مرۆڤە بوو، کەتوانی میتۆوویەک بۆ خۆی دروست بکات نەوەی ئێستاو دواڕۆژ شانازی پێوە بکەن، وەک کەسێکی کورد پەروەرو حەیرانبێژێکی لێهاتوو هەریەکەی لەم بواڕە ئەو مرۆڤە دەناسن، عیشق و ناسینی بەندە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵیم لە یادمە لەساڵی 1975بەر لە نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەگەڵ دایکم و کاکم کەمال لە گوندەکەمان گوندی گردەسۆر دەچووینە گوندی سۆفی ئیبراهیم مامێی خاڵمان لەوێ بوو لەنزیک گوندی سۆفی ئیبراهیم چەند چەکدارێک لەسەر ڕێگا دانیشتبوون بە موسەجەل کاسێتی حەسەن حەیران خرابووە سەر دەنگی لەدوورەوە دەهات.

-24-
بابە دەڕیم چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
ئەورۆ بەوێ هێوارێ
کیژێ دەڕیم
لەبۆت بمینێم چاوی بەرەک
دەڕیم ساماڕە ساماری شینە
ئەمن دونێ لە مەرکەزی ژوانێ
گەیە دوو چاوی بەرەک
دەمگۆ چاوەکەم دەتوو وەرە بزانم
لۆچی گفتو گۆیەکەت
چەند جارەت وەکی جارە
لەگە من نینە
کیژ چاوی ڕەشی هەر دەینی
دەرێ کوڕە لاوی نەرمۆکە
ئەمن لۆێ گفتو گۆی چەند جارەم
لەگەر تو نینە
وەللا جۆتەکێ یارانت لەسەر من گرتینە
ئەوجا ئەمن دەمگۆتە دوو چاوی بەرەک و
گەردەنی زەردی بەخاری
کیژێ ماوە
دەتوو وەرە
ناوی ئەوان کۆرپە کیژۆرانت
لۆ بەیانکەم کێنە
یەکیان فاتمە سۆری خەیلانیان
ئەوی دیکە خەزارە شۆڕی مەلا نەبیبیان
هەمینی سۆرە چاوەکەم
دەڕیم گورنیەو تەنینە

-25-
بابە دەڕیم سوندەکی دەخۆم بە موحەمەدی
ماری خۆ دانایتەوە لە مەکەو مەدینێ
ئەمن گەلە گەلە بریندارم
بە دوو چاوی ئامینێ
جۆتەکی تیرانیان لەجەرگی دایمە
ئەولی غەداری غەدار داک
سەری وان تیران
قولابی بنیان مایتەوە
لە گۆمی خینێ
ئەمن دەمگۆت
لەبۆم بڕێنە وان حەکیم و لوقمانان
دەبا دەمەکی بێنەوە سەرێنێ
بە چاوانم بڕۆننێ
بەزارم لێبکەن خوێنێ
ئەمان بڕینانم گەلە گەلە دەهێشن
کە چارەم نەکەنێ
ئەوجا بڕێ کیژۆران
دڕێ دەستی گەلی خوشکینە
دەگۆ دەوەرن
دەبا مە بەعام قودیەکی مەرحەمێ بگرینەوە
لە هێلێ

-26-
دەڕیم لە سینان
لۆێ گەلەک کەسارو کەسەر دارێ دوو چاوی
تورمە گەردەن کێڵ
لە سیلەی مزگەفتێ
لە بۆ خۆ بە تەما بووم
بەوێ فەسلێ دەرە بواران
بگەمە مرازو مەخسودی دونیایێ
نەمزانی پیرە کوردستان کۆسپەی دێختێ
لە زەترێ
لە تۆزی شەتێ
لە بن شۆراکی گوارێ
لەگەری خەناجیێ
لە قۆری مەرجانێ
ڕاستەو چۆپی قەنەفران
دەبا مە بەپەرگەل سۆری بەنانان
گەلە گەلە بە نازی
بنێمەوە لە قۆرتی گەردەنێ
لەبەر ئەوە کچ دەڕێ
شەوبای زستان گەلە سارد و سەرمایە
دەبا لەنێوەی
لەسەر مەرحەمێ بایە
حەیرانەکەی خۆم بنی گەلە دێشی
لەبەر خەم و خەیاری پیرە دونیایێ
گەلە مەترسیم هەیە
نەوەک تیران بەنەشارێ کێمان هەرینێ.

-27-
دەڕیم چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
چاوەکەم دەڕیم لەبانان
دیسان دەڕیم لەبانی مەرزان
ئەمن دەڕیم خۆزیبا بە خۆزیبا داران
سەبارەت بە کۆرپە کیژۆرەکانی دزە بیان
شل و ملان
چاو بە کلان
باغەر شۆڕان
دەبا من سۆنە بامە
لەدەو زێیەکا بادینان
دەمگۆ بەچاوی من بڕۆننێ
ئەوی غەداری غەدار داک
شانی هەر ناستی
لەبەر شازولفی و
سۆر بەخەنەی ئارامۆشا
بەخوای دەڕیم چاوی هەر نایێ
لەبەر هوردە پەرچەمان.-

-28-
بابە دەڕیم چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
ئەورۆ بەوێ هێوارێ
ئەمن نازانم بە کێندەڕێدا هەر بڕیم
چاوەکەم دەڕیم ڕفت و ڕۆنی
گەلە گەلە زەریفە
ئەوە کیژ دەڕێ چاوەکەم
دەتو وەرە لەبۆ خۆ



دەستەکێ باوێ سەرملێ بە کەزی
بگرە جۆتە شەمامە شەمامان
دەبا سینگت لۆ بکەمە دۆشەک
مەمکانم بالیفە
ئەمن دەمگۆتە دوو چاوێ بەرەک
کیژێ دەبینە لەبۆ خۆ بترازێنم
کلیلی سنجاقان
ئەتو نازانی لۆ داکت گەلە خێرە
ئەمان لۆ بابت
حەجە شەریفە.

-29-
بابە دەڕیم چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
دەڕیم کیژێ لە بانان
سەد جار دەڕیم لەبانی کۆڕێ
لە بۆت بمینێم چاوێ بەرەک
دەڕیم لە بانە بانە
لەبۆت بمینێم کار مامزی بوهارێ
دەڕیم وەللا لەبانی کۆڕێ
ئەمن گەردەنی ئەوی غەدار غەدار داکم
دەشوبهاند
بە گەردەنی قورینگەکانی شاپەرِ بەخونار
وەکی هەموو فەسلی دەرە بواران
گەلە گەلە بەنازی
قیپرەی دێ
لە بانە گۆڕێ
دەمگۆتە دوو چاوی بەرەکو
گەردەنی زەردی بە خاری

ئەوە دونێ ماڕێ بابی حەیرانەکەمیان لێ دەناوە
ئاوا دەبۆوە لە زورگەزراوی خۆمان
دەپەڕیەوە لە کەندی کەندێناوێ
شۆر دەبونەوە
لە کلکەیێ قەرەبۆتک و قەرەبۆتکان
وەکی دەکێشی سەری نیوەران
دەرێ قورینگە گەردەنی خۆی هەر دەکێشا
دەزانم هەواریان گەلە دووەر حەیران
لە گاوەرەو کاولەشەتێ
دەوجا کیژ دەرێ چاوەکەم
دەتو وەرە لەبۆخۆ
دەست باوێ سەر ملێ بەکەزی
بەدەستی دی دەربینە
جۆتە شەمامە شەمامان
گەلەک عاشق سەری خۆیان ناوە لەبن گری
نەوەک لەسەر درمان بیتەوە کلا یا خەفەتێ.

-30-
بابە دەڕیم خۆزیبا بە خۆزی داران
دەبا من کوریکەک بامایە
لە کوریکێ گاگۆزێ
شێن بباماید لەسەر هەیبەت سولتانا ڕەنگین
هەموو دانی سبەینان
سەبارەت بە پەرچەم شێیان
چاو بە کلان
هێقە بە سنجاقان
دەبا ئەمن نەرمۆکە نەرمۆکە
بەرێ خۆم دابایە باغەکەی کۆیێ
دەبا بە ژنی ئەوی غەداری غەدار داک
لە بۆ من بمینێ بەشترە نەمامەکانی
وەکی هەموو فەسلی دەرە بواران
لەسەری دەگری نارنجە
لە بنی دەگری لیمۆیێ.

-31-
بابە دەڕیم چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
ئەورۆ بەوێ هێوارێ
ئەمن لەبە کەیفێ درێ خۆ
نازانم بە کێندەڕێدا هەر بڕیم
چاوەکەم وەکی سبەینان دێتەوە لە ڕێیێ سراوێ
دەمگۆت بە چاوێ من بڕۆننە میری کیژۆران
دەڕیم ڕفت و ڕۆینی گەلە گەلە لەنگیزە
ئەوجا کیژ دەرێ چاوەکەم
دەتو وەرە لەبۆ خۆ
دەستەکی باوێ سەرملی بە کەزی
چەند بەخەم و خەیاری
ئەوی دونیایێ پێک نایێ
بترازێنە کلیلی سنجاقان
بگرە جۆتە شەمامە شەمامان لەبۆ خۆ
گەلە گەلە بە نازی
قەفا سمێرا سوسنێ
لە بەینی گواڕەو خەزێم و سەرگۆزە.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/10/31 ژمارە (5861)
خەبات

تیپی شانۆیی پادشایی شکسپیر



حەیدەر عەبدولڕەحمان

کاتێ تیپی شانۆیی پادشایی شکسپیر ساڵی 1970 شانۆگەری (خەونی نیوەشەوی هاوین)ی لە دەرهێنانی (بیتەر برۆک) لەلەندەن نمایش کرد، ئەم نمایشە بوو بەخاڵێکی وەرچەرخانی نوێ لەمێژووی ئەو تیپە، چونکە (برۆک) لەم ئەزموونگەرییە نوێیەی د، سەراپای فۆرمە تەقلیدییەکانی جارانی لەنمایش کردنی شانۆگەرییەکانی شکسپیردا تێکشکاند، ئەوەبوو بۆ یەکەم جار کاراکتەرەکانی شکسپیر راستەوخۆ جەماوەرییان دەدواند،لەرێگەی بەرجەستە کردنی جەستەی ئەکتەر و دروست کردنی پردێکی پتەوی پەیوەندی لەگەڵ بینەردا، سینۆگرافیا لەشانۆگەری (خەونی نیوەشەوی هاوین) بریتی بوو لەسەندوقێکی شەش پاڵوی ڕەنگ سپی،لەگەڵ دوو دەرگا لەپشتەوە،لەبری دارستان و دروست کردنی کەشو هەوای ڕۆمانسی، وەک ئەو شێوازەی جاران بۆ دەرهێنانی ئەم شانۆگەرییە پیادە دەکرا.



بۆرک لەو شانۆگەرییەدا ئاشقەکانی کردە کەسانی زۆر ئاسایی و ساده، لەوانەی کە لەژیانی ئاسایی ڕۆژانەی خۆماندا دەیانبینین، بۆیە بینەر لەڕووی بەرجەستە کردنی هەردوو کەسایەتی (تەتیانا) و (ئاوبیرۆن) دووچاری سەرسوڕمان بوو،کاتێ برۆک - ئەوانی کردبوو بەهاوچەشنی پەهلەوان بازو و یاری کەرانی سێرک، بەمەش بینەر ڕووبەڕووی ئەتموسفیرێکی سیحراوی بوو، چونکە جاران شتی وای لەدەرهێنەرانی دیکەدا نەبینی بوو، بەتایبەت لەسەر شانۆی پادشایی (سترافۆرد) شۆیننی لەدایک بوونی شکسپیردا .

بەم نمایشە تیپی شانۆیی شکسپیری پادشایی، بوو بەخاوەنی پلەو پایەکی بەرزی جیهانیی و ناوبانگی ئەو تیپە زێتر لەجاران پەرەی سەند، کاتێکیش کە شانۆگەرییەکەی (بیتەر برۆک) لەسەر شانۆی (بیلی روز) لە بڕودوای نمایش کرا، لەپڕێکا و لەکاتی نمایش کردنی شانۆگەرییەکە کارەبا بڕاو چرە دوکەلێک سەراپای هۆلەکەی داپۆشی، سەرەتا بینەران وا هەستیان کرد، کە ڕووداوێک لەناو هۆلە شانۆییەکەدا ڕووی داوە، بەڵام دواتر بۆیان دەرکەوت کە نەخێر ئەو چرە دوکەلە دیمەنێکە لەدیمەنەکانی ئەو شانۆگەرییە، بەڵام ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە بینەران پێش ئەوەش بزانن ئەو ڕووداوە دیمەنێکی شانۆگەرییەکە، هیچ لەوان نەیانتوانی وێڕای ئەگەری مەترسی کورسیەکانی خۆیان بەجێ بێڵن، بەڵکو لەچاوەڕوانی د امانەوە، بەو هیوایەی تەواوی شانۆگەرییەکە ببینن.

ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بۆ ئەو تیپە شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبو، بۆ تیپی پادشایی شکسپیر، ئەو شۆڕشە ئەزموونگەرییەی ئەو تیپە بەخۆیەوەی بینی، لەدایک بووی ڕێکەوتێک نەبوو، بەڵکو سەرەنجامی کۆمەڵێ ئەزموونی نوێ و توێژینەوەو بەدوادا گەڕان بوو، لەکرۆکی هونەری نواندندا. (بۆرک) یەکێک بوو لەو شانۆکارانەی کە بە ئەزموونی دەوڵەمەندی خۆی، لە شەستەکانەوە توانی لەگەڵ کۆمەڵێ ئەکتەری بە توانستی گەنج لەو تیپەدا دەست پێ بکات، ئەو کات بۆرک لە ژێر کاریگەری ئەنتۆنی ئارتۆو کرۆتۆفسکی کاری دەکرد، ستایلی کارکردنیشی پشتی بەهونەری ئیرتجالی و ئیبتیکاریەوە دەبەست، کە ئەکتەر داهینەری بوو، بەهاوبەشی لەگەڵ بینەردا لە چوارچیوەی ئەتموسفیرێکدا، هاوشێوەی شانۆیی (تۆندو تیژی) بەتایبەت ئەو کارانەی بیتەر هۆل، لەسەرەتای کارەکانی تیپی شکسپیر پێشکەشی دەکردن .

کاتێ بیتەر هۆل ساڵی 1960 تیپی شکسپیری دامەزراند، کۆمەڵێ ئەکتەری بەتواناو بوێری لە دەوری خۆیدا کۆکردەوە، ئەگەرچی لەو کاتەدا بە دەیان تیپی شانۆیی هەبوون، بەڵام بیتەر هۆل - هەوڵێکی زۆری دا بۆ پتەوکردنی بنەماکانی شانۆی شکسپیر لەڕێگەی پێشکەش کردنی کۆمەڵێ بەرهەمی نایاب، ئەگەرچی زۆر لەرەخنەگران پێیان وایە کە دەستپێکی ڕاستەقینەی ئەو تیپە لەگەڵ پێشکەش کردنی شانۆگەری (لیر پاشا) ی شکسپیر بووە، ساڵی1962 لەلایەن بیتەر برۆکەوە، پێشتریش لەگەڵ شانۆگەری (خەونی نیوەشەوی هاوین) بە هەمان شێوە، بیتەر برۆک - هەوڵی ئەوەی داوە کە بینەر ئاوێتەی نمایشی شانۆیی بکات بۆ ئەوەی بیبێت بەپارچەیەک لەجەستەی شانۆدا، هەمیشەش بیتەر بایەخی بەدیکۆری زۆر ساده داوەو کە لەچەند پارچە تەنەکەیەکی لاکێشەیی تێپەڕی نەکردووە و هێمای سێ پیاوە دەسەلاتدارەکان بووە لای ئەو .

لەژێر ئەو سێ پارچە تەنەکەیەدا گوزارشتیان لەهەڵچوونی خۆیان دەکرد،لەژێربار و باراندا، بە جۆلەی جەستەیی .

ماوەیەک بوو تیپەکە بڕیاری دا هەموو ئەو شاکارە جوانانەی لە (سترافۆرد) پێشکەشییان دەکرد، دەیانگواستەوە بۆ لەندەن، بۆ ئەوەی زۆرترین بینەر شانۆگەرییەکانیان ببینن، ئەوەبوو تیپەکە لە ساڵانی 1963و 1964و لەژێر چاودێری (بیتەر هۆل) گەیشتە پێپەی سەرکەوتن، لە 400مین ساڵیادی شکسپیریش تیپەکە زۆرترین بەرهەمەکانی شکسپیری بەو بۆنەیەوە لە سترتفۆرد - نمایش دورینمات، بنتەر، بریخت، بیکیت، ئارابال، ئەبسن، سترانبیرگ ، ئالبی، ستوبارد،پێشکەش کرد، هەروا بۆ ئەم مەبەستە ساڵی1974 شانۆیێکی تری دروست کرد بۆ پێشکەش کردنی بەرهەمە ئەدەبیە نوێکان و ناویان نا شۆینێکی تر بۆ شانۆ، کە بریتی بوو لەفەزایێکی شانۆیی کراوە، بۆ پێشکەش کردنی کارە ئەزموونگەرییەکان، هەروا ساڵی 1977 شانۆیێکی تری لەشاری لەندەن دروست کرد بەناوی (زی ویر هاوس) بۆ نمایش کردنی هەندێ لە شاکارەکانی شکسپیر و نووسەرە هاوچاخەکانی تر، بەفۆرمێکی ئەزمونگەرییانە .

کاتێکیش کە دەرهێنەری لاو (ترفورنن) ساڵی 1968ئەرکی بەرپرسیاریەتی هەڵسوڕاندنی تیپەکەی گرتە ئەستۆی خۆی، بۆماوەی سێ ساڵان توانی ئەو تیپە لەئاستێکی باڵادا نیشان بدات و وای لێ هات لەکۆتایی شەستەکاندا ژمارەی هەوادارانی ئەو تیپە لەملیۆن هەوادار زیاتر تێپەڕێنێ، لەڕووی جیهانیشەوە تیپەکە بوو بەخاوەنی زێتر لەپەنجا بڕوانامەی ڕێز لێنان .

ترفۆرنن - هەمیشە پێداگری لەوە دەکردەوە کە پێویستە ئەکتەرەکان بچنە ناواخنی شکسپیرو بە چاوێکی کراوەوە ئاشنا بەجیهانی شکسپیر بن، دوور لەکاریگەر بوون ب تیرۆانینە کۆنە تەقلیدییەکانی ڕابوورەدوو لەڕووی تێگەیشتن لەبەرهەمەکانی شکسپیر .

دواتر بیتەر برۆک بەنمایش کردنی شانۆیی (خەونی نیوە شەوی هاوین) هوشیارییەکی نوێ ی بۆ دەرهێنەرە نوێکانی ئەو تیپە تەقاندەوە .

شانۆگەری (کۆریۆلانوس) لە ئەورووپا

یەکێک لەشاکارە هەرە بەپیزەکانی تیپ لەکۆتایی حەفتاکان شانۆگەری (کریۆلانوس) ی شکسپیر بوو لەدەرهێنانی (تیری هاندس) بوو ، کە بوو بەمایەی ڕەزامەندی و سرنج ڕاکێشانی بینەران لە لەندەن و زۆر لەشارەکانی ئەورووپا ، لەساڵی 1979ش تیپەکە دێرێترین گەشتی هونەریی خۆی ئەنجامدا، ئەوەبوو شانۆگەری(کۆریۆلانۆس) لە میونیخ و زیوریخ و ڤیەننا ئەمستردام و برۆکسل و هامبۆرگ و بەرلین نمایش کرد، لەهەموو ئەو شارانەدا ئەو تیپە زۆر بەگەرمییەوە و لەناو چەپڵە ڕێزانی بینەرەوە پێشوازییان لی کرا، ئەوە جگە لەوەی کە بەسەدان بینەر نەیتوانی پلیتی بینینی شانۆگەرییەکەیان دەست کەوێت، شەڕو شۆڕێکی زۆریش لەسەر پلیت لەنێوان هەوادارانی ئەو تیپەدا دروست ببێت.

لە بەر کاتەوە لەترسی ئەوەی نەبادا خەڵکەکە برینەکانی ببینێ و وەک سەرۆکی خۆیان هەڵی نەبژێرن، هەندێ لەدەرهێنەران - کۆریۆلانوس وەک پیشەوایێکی فاشی و هەندێ جاریش وەک قارەمانێکی نەتەوەیی بەرجەستە دەکەن، بەڵام (تیری هاندس) کۆریۆلانـــوس - ی وەک کاراکتەرێکی خاوەن بیرو باوەڕێکی نەتەوەیی و کەسایەتیەکی ئازاو چاو نەترس نیشان دابوو جگە لەو گەورە دەرهێنەرانەی وەک (بیتەر برۆک) و (تیری هاندس) و دەیان دەرهێنەری تر ئەو تیپەیان لەمێژووی بەریتانیادا بە زیندوویەتی هێشتەوە، کە لە ڕابوردوو ئێستاشدا بەرهەمەکانی شکسپیری بەزیندوویەتی بۆ هەموو سەردەمەکاندا ڕاگرتووە، لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەنیش بەردەوام تێپەڕبوونی بەرهەمانەلە نوێ بوونەوەدان.

بۆ ئەو چاوانەی هێشتا جۆگەلەی فرمێسکیان وشک نەبووە

ساتێک لەگەڵ ڕۆمانی (تەرمی دڵێک لە کۆشکەکەی شووشە)دا



ناکۆ عەبدولا

ئەم ساڵ لە چاپخانەی ڕۆشنبیری سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، بە تیراژی 500دانە، چاپی یەکەمی ڕۆمانی تەرمی دڵێک لە کۆشکەکەی شووشە بڵاوکراوە. ئەو ڕۆمانە لەلایەن مجوەل ئیسماعیل عومەر نووسراوە. تێیدا ڕۆمانێژ بە جۆرێک ئاگری دڵ و دەروونی لە ئەنجامی نەگەیشتن بە دوڵبەرەکەی و ئەو ستەمانەی کە لەو ڕێگەیە لێیکراوە، خستۆتەڕوو کە خوێنەر بوروژێنێ و پێیەوە کاریگەربێ. بەشێوەیەکی وەهاش چیرۆکەکەی گێڕاوەتەوە کە هێشتا کۆتایی نەهاتووە. کەواتە وەک چۆن هەندێک کاری هونەری تایبەتن بۆ ئەو ساتانەی کە تێیدا مرۆڤ غەم بەرۆکی دەگرێ و دەیەوێت بە هۆیەوە هێندێک سوکنایی دەروونی بەدەستبهێنێ، ئەو بەرهەمەش لەو جۆرەیە. ئەوانەی لە گێژاوی وەهاش گیردەبن، لەناویدا خۆیان دەبینەوە، بەڵام هەرگیز نابێتە هۆگاری گەیشتن بە ئاواتەکانیان، تەنانەت نابێتە هەتوانی زامەکانیشیان.



مرۆڤ وەک سروشتی پێکهاتەکەی، بەتایبەتی لە لایەنی دەروونی، زۆر ئاسایە بەردەوام دڵی بۆ ڕەگەزی بەرامبەر ببزوێ و لەو کارە هەستپێکراوەشدا وزەی خۆشەویستی بەگەڕ بکەوێ، هەتا ئەگەر لەیەک کاتدا بۆ زیاتر لە کەسێکیش بێت، بەڵام پرسی ئاشق بوون کردارێکە زۆر بەدەگمەن و تەنانەت لە دەروونی زۆربەی مرۆڤەکان و لە دێرژایی تەمەنیشیان ڕوونادات، هەر بۆیە ئەوانەی هاوشێوەی پەروانە بۆ ڕوناکی، شەیدای کەسێکی ڕەگەزەکەی دیکە دەبن و لە ژیانیاندا تەنیا ئەویان لا گرنگە، تەنانەت خودی ژیانەکەش بە بالاگەرد و بەڵاگیری ئەو دادەنێن، ژمارەیان زۆر کەمە. هەر بۆیە چیرۆکی شەیدا و دیوانەکان، دەگمەنن و لەناو نەتەوە جۆراو جۆرەکان وەک داستان و ئەفسانەیان لێهاتووە.

بەسەر هاتی چیرۆکخوێنی ناو ئەو بەرهەمە سادەیە (شەهرۆز) ی ناوە، بە جۆرێک ئاشقی (شووشە)ی دوڵبەریەتی ئامادەیە هەموو قوربانیەکی بۆ بکات و بە هیچ جۆرێکیش دەستبەرداری نابێ. لە بەرامبەریشدا شووشە کە خۆی دەستپێشخەری پێوەندییەکەبووە، بە جۆرێک شەیدای شەهرۆزە لە پاکی و دڵسۆزی و وەفا و خۆشەویستی، تەواو دڵنیایە هاوتای نییە و بێ ئەو هەڵناکات. لێردا دەبێت هەوڵدانی بەیەکگەیشتنی نێوان دوو ئاشقە. کە لەو پێناوەدا بەردەوام دەسووتێن و فرمێسک دەبارێنن. بەوپەڕی سادەیش نووسراوە. نووسەر لە دارشتنیشدا زۆریش گرنگی بە ناوی کەسەکان نەداوە، بەڵکو ناوەکانی وەک (بەڕێوەبەرەکەم، مامۆستاکەم، هاوڕێیەکەم، برایەکەم، باوکی، دایکی، خوشکی ...) ی بەکارهێناوە. ئەمەو لە ڕوی خاڵبەندی و ڕستەسازیشەوە، کەمتەرخی و لەنگی زۆرە.

لە لاپەڕەی پێش کۆتایی ڕۆمانەکە، نووسەر ڕێز و سوپاسی بۆ خوێنەرانی ئەو کارەی نیشاندەداوە. کەواتە با ئێمەش نزای نۆقرەگرتنی دڵە سەرگەردانەکەی بۆ بکەین و لە خوای گەورە بخوازین بە شووشەکەی بگات. تاکو فرمێسکە ڕێچکە گرتووەکەی چاوەکانی هەردووکیان وشک بێت و کۆتاییەکەی ئەو تراژیدیا مارەیی هاتووە. دەستهەڵنەگرێ. دوای ئەوەی شووشە مندااڵیشی دەبێ، لە قسەکردن بە مۆبایل لەگەڵ شەهرۆز، بێگومان دوور لە چاوی هاوسەرەکەی و سەرکەوتنی ئوتۆمبیلی شەهرۆز ناوەستێ. بێگومان گفتوگۆی ئەوسای نێوانیان زۆر جیادەبێ. لەوانە ڕووبەڕووی گلەیی دەبێتەوە. گلەییەک کە دەسەلاتی ئەوی تێدا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا پاڵەوانی ڕۆمانەکە لە هیوای گەیشتن بە دوڵبەرەکەی هەر ناوەستێ، ڕاستە زۆر کچی دیکەونە ناو ژیانی، تەنانەت یەکێک لەوانە بە جۆرێک عاشقی بوو چەند جار پێیدەوت (ئامادەم لە کاتی هاتنەوەی شووشە دەستبەردارت بم)، کەچی ئەو ڕازی نابێ و هەر چاوەڕوانی شوشەکەی خۆیتی.

لە ڕووی دارێژتن و فۆرم و بنەماکان پێویستە ئاماژە بەوە بدەین ئەو ڕۆمانە لەو جۆرانەیە کە لە گرێ و باکگراوەند و گەڕان بەناو خەیاڵ دوورن. زیاتریش گێڕانەوەی چیرۆکێکە لە یەک بازنە ئەویش شەیدابوون و پێویستەکانی تایبەت بە هاوسەرگیری، لەوانە کڕینی زێڕ و بازاڕکردنیش دەگرێتەبەر. دواتر دایکی شووشە پەشیمان دەبێتەوە. تا کار بەوە دەگات پیاوماقوڵ و ڕیش سپی عەشیرەتی دایکی شووشە، وەک پشتیوانی شەهروز بچنە تکا. ئەوسا دایکەکە بەوپەڕی توانا و زاڵبون لە مالەی ڕەتیاندەکاتەوە و ئەوانیش بێدەسەاڵتانە لە بازنەکە دینە دەرەوە.

هەر بۆ ئەوەی بۆ شەهرۆز نەبێت، دایکی شووشە چەند جار هەوڵدەدات کچەکەی بە شوبات، تا دەیدات بە کەسێک کە نەڕێزی بەهاکەی دەزانی و نە شووشەش بۆ تۆزقاڵێک دڵی پێی خۆش دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا پێوەندی لەگەڵ شەهروز هەر دەمێنێ. شەهروزیش کە مافی هاوسەرگیری شووشەی بە خۆی ڕاوە دەبینی و چەند جارێکیش بە گوێی دەووبەری داداوە، نیوەی ماڕەیی هاتووە. دەستهەڵنەگرێ. دوای ئەوەی شووشە مندااڵیشی دەبێ، لە قسەکردن بە مۆبایل لەگەڵ شەهروز، بێگومان دوور لە چاوی هاوسەرەکەی و سەرکەوتنی ئوتۆمبیلی شەهروز ناوەستێ. بێگومان گفتوگۆی ئەوسای نێوانیان زۆر جیادەبێ. لەوانە ڕووبەڕووی گلەیی دەبێتەوە. گلەییەک کە دەسەلاتی ئەوی تێدا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا پاڵەوانی ڕۆمانەکە لە هیوای گەیشتن بە دوڵبەرەکەی هەر ناوەستێ، ڕاستە زۆر کچی دیکەونە ناو ژیانی، تەنانەت یەکێک لەوانە بە جۆرێک عاشقی بوو چەند جار پێیدەوت (ئامادەم لە کاتی هاتنەوەی شووشە دەستبەردارت بم)، کەچی ئەو ڕازی نابێ و هەر چاوەڕوانی شوشەکەی خۆیتی.

لە ڕووی دارێژتن و فۆرم و بنەماکان پێویستە ئاماژە بەوە بدەین ئەو ڕۆمانە لەو جۆرانەیە کە لە گرێ و باکگراوەند و گەڕان بەناو خەیاڵ دوورن. زیاتریش گێڕانەوەی چیرۆکێکە لە یەک بازنە ئەویش شەیدابوون و دایەنێ. بۆنکردن و دەست لەناو دەستنان و باوەش پیاکردن و ماچکردن لە شەقام و لە ناو فەرمانگە، لە نێوان ئەو کوڕ و کچە ئاشقە، کە لە زۆر شوێنی ناو ئەو ڕۆمانە دووبارەبۆتەوە، ئەوانە لە هێلە سورەکانن، کەچی هەموو ئەو کەسانەی دەیانبینێ، لە شوێن شوڕەیی و عەیبە و بێئابڕوێی، بە مافی ڕاوای ئەو دوو ئاشقەی دەزانن. ئەوە لە کاتێکدایە کە بۆ هاوسەرانیش نالوێ لەو شوێنانە ئەنجامی بدەن، چ جای ئاشق و مەعشوقەکەمان کەسانی نوێژکەر و پابەند بە ئایین! پێویستە لێردا ئاماژە بەوەش بدەین شووشە کچێکی سەرپۆش لەسەرە. هەروەها بە دێرژایی ڕۆمانەکە کەسێک نابینین لە کەسە نزیکەکانی هەردوو لا، ئامۆژگاری دەستبەردارببوون یان پابەندببوون بە داب و نەریتیان بکەن. یاخود بێزاربوونی خۆی لە نەگەیشتنیان دەربڕێ. باوک و هەندێک لە خزمەکانی شووشەش، لایەنگیری پەیوەندیەکەن بەڵام دەسەلاتییان نییە.

ئەوان تا دێت زیاتر ئاشقی یەکتری دەبن و لە بەرامبەریشدا دایکی شووشە پێداگرتر دەبێ. پێدەچێت هۆکارەکانی ئەو ڕازینەبوونە زۆر بێ، بەڵام جارێک بۆ ئەوەی گەڕاندەوە کچەکەی شەهادەی هەیە و خەریجی یاسایە، بەڵام شەهروز لە پۆلی پێنجی دوانەوەندی قوتابخانەی جێهێشتووە. ئەوسا شەهروز بەڵێن دەدا ڕوو لە خوێندن بکاتەوە و تا بەدەستهێنانی شەهادە نەوەستێ. لە ڕاستیدا ئەو ڕێگەیەش دەگرێتەبەر، بەڵام ئەو کارەی نەبووە هۆی گەیشتن بە ئاواتە گەورەکەی.

هەوڵەکانی ڕازیکردنی دایکی شووشە دێژە دەکێشێ، تا جارێک ڕازیدەبێ، بەڵام چ جۆرە ڕازیبوونێک، تەنیا ئەتککردنبوو، داواکاریەکەی گەلێک زۆر و قورسبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شەهروز ڕازیدەبێ و دێتە بەر بار، تەنانەت کارە هەوڵدانی بەیەکگەیشتنی نێوان دوو ئاشقە. کە لەو پێناوەدا بەردەوام دەسووتێن و فرمێسک دەبارێنن. بەوپەڕی سادەیش نووسراوە. نووسەر لە دارشتنیشدا زۆریش گرنگی بە ناوی کەسەکان نەداوە، بەڵکو ناوەکانی وەک (بەڕێوەبەرەکەم، مامۆستاکەم، هاوڕێیەکەم، برایەکەم، باوکی، دایکی، خوشکی ...) ی بەکارهێناوە. ئەمەو لە ڕوی خاڵبەندی و ڕستەسازیشەوە، کەمتەرخی و لەنگی زۆرە.

لە لاپەڕەی پێش کۆتایی ڕۆمانەکە، نووسەر ڕێز و سوپاسی بۆ خوێنەرانی ئەو کارەی نیشاندەداوە. کەواتە با ئێمەش نزای نۆقرەگرتنی دڵە سەرگەردانەکەی بۆ بکەین و لە خوای گەورە بخوازین بە شووشەکەی بگات. تاکو فرمێسکە ڕێچکە گرتووەکەی چاوەکانی هەردووکیان وشک بێت و کۆتاییەکەی ئەو تراژیدیا مارەیی هاتووە. دەستهەڵنەگرێ. دوای ئەوەی شووشە مندااڵیشی دەبێ، لە قسەکردن بە مۆبایل لەگەڵ شەهروز، بێگومان دوور لە چاوی هاوسەرەکەی و سەرکەوتنی ئوتۆمبیلی شەهروز ناوەستێ. بێگومان گفتوگۆی ئەوسای نێوانیان زۆر جیادەبێ. لەوانە ڕووبەڕووی گلەیی دەبێتەوە. گلەییەک کە دەسەلاتی ئەوی تێدا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا پاڵەوانی ڕۆمانەکە لە هیوای گەیشتن بە دوڵبەرەکەی هەر ناوەستێ، ڕاستە زۆر کچی دیکەونە ناو ژیانی، تەنانەت یەکێک لەوانە بە جۆرێک عاشقی بوو چەند جار پێیدەوت (ئامادەم لە کاتی هاتنەوەی شووشە دەستبەردارت بم)، کەچی ئەو ڕازی نابێ و هەر چاوەڕوانی شوشەکەی خۆیتی.

منیش فرمێسم ڕشت و جێت هێشتم
هۆ ئازیز.... ئەوەی نووسیومە، لە دەریای مشتێک دەبێ دەربارەی تۆ بە کەسم نەتووتوە، بەڵام لە چاومەوە دەڕژێ زۆر بە باشی تۆم شاردۆتەوە، چیبکەم لە ڕوخسارم دەبینرێ. لە خودا داواکارم ئەم ڕۆمانە کار لە دڵت بکا، بگەڕێتیەوە بۆ لای ئەو کەسەی کۆتا ڕۆمانی هاتنەوەکە لەگەڵ تۆدا تەواو بکا، من لە شوێنی شەهروز دەڵێم لەم جیهانەدا هیچ کەسێک وەک ئەو عاشق نییە، هیچ کەسێک وەک ئەو دڵخۆشت ناکا).

ئەمڕۆ لە خولی نایابی کوردستاندا

بڕایەتی و هەولێر، نەورۆز و سیروانی نوێ لە دوو دێربی گرنگ ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە



کارزان کانەبی

ئەمڕۆ پێنج شەممە لەمیانی یارییەکانی هەفتەی دووەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان شەش یاری گرنگ و بەهێز لە نێوان یانە بەشداربووەکانی پارێزگا و قەزاکانی شارەکانی کوردستان بەرێوەبچێت، لە یارییەکی بەهێز و لە دێربی پایتەختی کوردستان یانەی بڕایەتی میوانداری یانەی هەولێر، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو تیپ چاوەڕوان بەدەستهێنانی یەکەم سێ خاڵی ئەم وەرزەن، ئەم یارییە بۆ هەردوو یانە گرنگی خۆی هەیە و ڕاهێنەرانی هەردوو یانەش ڕێنمایی گرنگیان بە یاریزانان داوە بۆ ئەوەی بتوانن سەرکەوتن پێشکەشی هاندەرانیان بکەن، کوڕانی فاتیح حەمە حان چاوییان لەوەیە بتوانن بە پشت بەستن بە یاریگا و هاندەران سێ خاڵ لەسەر حیسابی هەولێر بەدەست بهێنن، کوڕانی هەولێریش هەموو هەولێکیان بەدەستهێنانی سەرکەوتن و ڕازی کردنی هاندەرانیانن، لە شاریی سلێمانیش لە دێربی پایتەختی ڕۆشنبیریش هەردوو یانەی نەورۆز و سیروانی نوێ لەسەر یاریگای زانکۆ ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە، یانەی نەورۆز چاوییان لە سەرکەوتن و بەدەستهێنانی یەکەم سەرکەوتنە لە خولەکە، یانەی سیروانی نوێش دەیانەوێ لەسەر حیسابی یانە هاوشارییەکەیان درێژە بە ئەنجامە باشەکانیان بدەن و سەرکەوتنێکی تر پێشکەش بەهاندەرانیان بکەن، ئەم یارییەش لە پایتەختی ڕۆشنبیری گرنگی خۆی هەیە بۆ هەردوو یانە کوڕانی هەردوو یانەش دەیانەوێ بە ئاست و ئەنجامی شایستە لە یاریگا بێنە دەرەوە سێ خاڵی یارییەکەش بۆ هەردوو یانە گرنگی خۆی دەبێت، لە قەزای کەلاریش لە دەقەری گەرمیان یانەی شێروانەی بریندار میوانداری یانەی هەندرێنی هەولێر دەکات، گەرمیانییەکان دەیانەوێ تۆڵەی شکستی هەفتەی ڕابردوویان بکەنەوە بۆ ئەوەی لەبەردەم هاندەرانی یانەکەیان لەسەر یاریگاکەیان یەکەم سەرکەوتن بنوسنەوە، یانەی هەندرێنیش بە سەرپەرشتی دلشادمەعروفی ڕاهێنەر ئامادەکاری باشیان کردوە بۆ ئەوەی بتوانن لە دەرەوەی یاریگای خۆیان بتوانن یەکەم سەرکەوتن دەستەبەر بکەن، کوڕانی هەردوو یانەش بە ئامانجی سەرکەوتن و سێ خاڵی یارییەکە دەجەنگن لە یارییەکە، لە زاخۆی دەلالیش یانەی زاخۆلە یەکەم یاری لە خولەگەورەکەی کوردستان میوانداری یانەی پێشمەرگەی هەولێر دەکات، کوڕانی زاخۆ بە پشت بەستن بە یاریگاو هاندەران دەیانەوێ یەکەم سێ خاڵی ئەم وەرزە دەستەبەر بکەن، یانەی پێشمەرگەش بۆ درێژەدان بە ئەنجامە باشەکانیان ڕووبەڕووی زاخۆ دەبنەوە، لە پارێزگای دهۆکیش یانەی سۆران دەبێتە میوانی یانەی دهۆک بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە چاویان لە سێ خاڵی یارییەکەیە و تامەزرۆی سەرکەوتن، چونکە هەفتەی ڕابردوو هەردوو یانە تەنیا بە خاڵێک ڕازی بووینە، بۆیە بۆ یارییەکەی ئەمڕۆپێنج شەمە ئامادەکاری پێویستیان کردووە، دهۆکییەکان بە پشتن بەستن بە یاریگا و هاندەران چاوەڕوانی ئەنجامن کوڕانی قەزای سۆرانیش شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە دەکەن لەم وەرزە، لەسەر یاریگای چیاش لە شاری سلێمانیش یانەی پێشمەرگەی سلێمانی میوانداری یانەی دەربەندیخان دەکات، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە ئامادەکاری باشیان کردوە و چاویان لە سێ خاڵی یارییەکە، هەفتەی ڕابردووش هەردوویانە تەنیا یەک خاڵیان بەدەستهێناوە، بۆ ئەم هەفتەیەش یانەی زێرەڤانی چاوەڕوان دەبێ سەرجەم یارییەکانیش لەکاتژمێر 3ی دوای عەسر بەرێوەدەچێت.

ڕادان کاسانین لە ئاستی یاریزانەکانی یانەی هەولێر ڕازی نییە

ئا:سەرهەنگ نەجمەدین

دوای ئەنجامدانی چوار گەڕ لەیاریییەکانی خولی نایابی عێراق بۆ وەرزی 2020-2019، هەروەها بەهۆی ناسەقامگیری شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و بەردەوامبوونی خۆپیشاندان ، خولی نایابی عێراق بۆ هەفتەیەکی دیکە دواخرا و سەرجەم چالاکییە وەرزشییەکان لەهەموو شارەکانی عێراق وەستێندرا، بەپێچەوانەوە یانەی وەرزشی هەولێر لەمەشق و ڕاهێنانی خۆی بەردەوامە و ڕۆژانە بەسەرپەرشتی ڕاهێنەری کۆواتی رادان کاسانین مەشقەکان ئەنجام دەدەن.

ڕاهێنەر رادان کاسانین لەبارەی ئامادەکاریی تیپەکەیان بۆ گەڕی پێنجەمی خولی نایابی عێراق بۆ کەنالی ئاسمانی کوردستان 24 بەمشێوەیە ڕایگەیاند:ئێستا سەرقالی ڕاهێنان و ئامادەکارین بەمەبەستی باشترکردنی ئاست و توانای یاریزانەکانی تیپەکەمان، ئەم وەرزە دەمەوێ پێکهاتەی یانەی هەولێر بەیاریزانی لاو وپێکهاتەیەکی نوێ تازە بکەمەوە، چونکە لەیاری ڕابردوو بەرانبەر یانەی زاخۆ بۆم دەرکەوت بەشێک لە یاریزانەکان نەک شایستەی ئەوە نین یاری بۆ یانەی هەولێر بکەن، بەڵکو بۆ خولی نایابی عێراق دەست نادەن ،هەرچەندە هەندێک لەیاریزانەکان کوالێتێکی بەرزیان هەیە، پێویستە لەپێکهاتەی تیپەکە گۆڕانکاری ئەنجام بدەم بەسەرخستنی یاریزانی تەمەن 16تا 17 ساڵ،پاشان کار لەسەر تەکنیک و کوالیتی یاریزانەکان بکەم، بەشێوەیەکی گشتی لە 50%لەئاست وکوالێتی یاریزانەکانی یانەی هەولێر ڕازی نیم.

بەپێی لێدوانەکانی ئەو ڕاهێنەر کۆواتییە وادەردەکەوێت کەئەو بەنیازە گۆڕانکاری تەواو لەڕووی پێکهاتەکەوە بکات و ئەوەی سوودی لێ نابینێت دەرگای ڕۆیشتی بەڕووی دەکاتەوە. یانەی وەرزشی هەولێر لەخولی نایابی عێراق لەکۆی 4یاری تەنها 4خاڵی کۆکردۆتەوە و لەپلەی یازدەمینی ڕێزبەندی خولەکەدا جێگیر بووە.



دی برۆین: سەڵاح یاریزانێکی گرنگی لیڤەرپوولە

کیڤین دی برۆین، یاریزانی هەڵبژاردەی بەلژیکا و یانەی مانچستەر ستی ئینگلیزی، پەسنی یاریزانی میسڕی، محەمە سەلاح، ئەستێرەی لیڤەرپوولی دا. دی برۆین، لە گرتەیەکی ڤیدیۆیدا، کە لەسەر ئەژماری مانچستەر ستی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوی کردەوە، باسی گەشەکردنی ئاستی سەلاحی کرد. دی برۆین وتی:" سەلاح، لە دوو وەرزی ڕابردوودا، بەشێوەیەکی بەرچاو دەرکەوتووە، ژمارەیەکی زۆر گۆڵیشی لەگەڵ لیڤەرپوول تۆمار کردووە". هەروەها وتی:" وای دەبینم، سەلاح، بووەتە تۆخمێکی زۆر گرنگ لە هێڵی هێرشبردنی لیڤەرپوولدا، لە هەژاندنی تۆڕەکانی گۆڵیش زۆر بەتوانایە".وتیشی:"لیڤەرپوول خاوەن ریتمێکی یاریکردنی خێرایە و لەهەموو شوێنێکی یاریگە هێرش دەبات".شیاوی باسکردنە، محەمەد سەلاح و کیڤین دی برۆین، لە یانەی چێلسی بەیەکەوە یارییان کردووە، ئەو کاتەی جۆزێ مۆرینیۆی پورتوگالی، ڕاهێنەری یانەکە بوو، بەڵام هەردووکیان دەرفەتی یاریکردنی بەردەوامیان بۆ نەڕەخسا و لەکۆتاییدا لە یانەکە ڕۆیشتن.

ڕەمزی میرەکانی





قیدال لەبەرشلۆنە بەختەوەر نییە

ئارتۆر ڤیدالی چیلی و ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە دانی بەودانا کە ئەو زۆر بەختەوەر نییە، چونکە لەگەڵ بلوگرانا بەشێوەیەکی سەرەکی یاری پیناکرێت.

ڤیدال لە میانی دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئیلمیرکۆریۆی چیلی گوتی: من زۆر بەختەوەر نیم، بەڵام هەوڵ دەدەم ئەو کەشە بگۆڕم و خۆم بسەپێنم بۆ ئەوەی شوێنی سەرەکیم لە پێکهاتەی بەرشلۆنە بکەمەوە، هەروەها بەدرێژایی ژیانم وەک یاریزانی سەرەکی یاریم کردووە و دڵنیام دەگەڕێمەوە سەر ئەم ڕێبازەم.

جێی باسە پێرێ شەو ڤیدال وەک یاریزانێکی سەرەکی دەرکەوت بەرامبەر بەلەد وەلید و ئاستیکی بەرزی پێشکەش کرد و لەهەمان کاتیش گۆڵەکی تۆمار کرد.

کچە شەترەنجزانی لاوی رۆمانیا لە دیمانەیەکی (خەبات)دا

ئیوانا: پێم وایە شەترەنج یەکێکە لە داهێنانە جوانەکانی مرۆڤایەتی

وەک پێویست راگەیاندنەکانی جیهان بایەخیان بەشەترەنج نەداوە







دیمانە: هاوار مورتکەیی

هریب ئەندرادا ئیوانا Hrib Andrada Ioana ـەو کچە لاوە شەترەنجزانە رۆمانیەیە کە بەڕێکەوت کەوتە نێو دونیای شەترەنج و دواتر بەردەوامیی بە یاریکردن دەدات تا ئەوکاتەی لەسەر تاستی رۆمانیا و ئەورووپا چەندین جار ئەنجامی باش بەدەست دەهێنێت، ئێستاش هەڵگری بڕوانامەی کاندی ماستەر و خاوەنی ریتینگی 1747ی فیدایە، لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجامداوە و بەمشێوەیە باسی خۆی دەکات.

لەکوێ فێری شەترەنج بوو؟

هریب ئیوانا کە تەمەنی 18ساڵە دەڵێت: من لە باحچەی ساوایان فێری یاری شەترەنج بووم، دەتوانم بڵێم بەرێکەوت بوو، چونکە هیچ لە ئەندامانی مااڵەوەمان شەترەنجیان نەدەکرد، کاتێک منیان بردە باخچەی ساوایان لەوێ مامۆستاکان پێیان گوتم وانەیە بە ئارەزووی خۆت هەڵبژێرە تا ئەوانیش فێرم بکەن، منیش لەوێ شەترەنجم بەرچاوکەوت و پێی سەرسام بووم و داوام کرد فێری شەترەنجم بکەن کە ئەوکات تەمەنم 6ساڵان بوو، ئەمە لەسەر ئارەزووی خۆم بوو، خۆشبەختانەش چێژم لەو یارییە وەرگرتووە لە ژیانم.

شەترەنج بۆتە سەرچاوەی بژێوی ژیانم

دواتر لە بارەی گرنگیی ئەو یارییە لای ئەو گوتی: پێم وایە زۆر هۆکار لەپشت ئەوەوە بوون کە یاری شەترەنج خۆش بوێت، کە زۆر الیەنی باشی هەیە، لەسسەرووی هەموویانەوە رێژەی زیرەکی مرۆڤ بەرزدەکاتەوە، بیری مرۆڤ فراوان دەکات، شەترەنج خۆی لەخۆیدا زانست و هونەردا کۆدەکاتەوە، ئەمەش جوانیی شەترەنج نیشان دەدات، پێم وایە ئەم یارییە یەکێکە لە داهێنەرە جوانەکانی مرۆڤایەتی، ئەو وەسفەی کارپۆڤیش بۆ شەترەنج کردوویەتی بەسە بۆ ئەو یارییە کە دەڵێت: (شەترەنج هونەر و زانست و وەرزشە)، بەڵام بەداخەوە وەک پێویست لەرووی راگەیاندنەوە بایەخی پێنەدراوە لەکاتێکدا کە جیهان لە بایەخی ئەو یارییە دەزانێت، بەڵام ئەوەی ئێستا هەندێ رۆژنامەنووس بایەخ بەو یارییە دەدەن پیم وایە خزمەتیکی زۆر باشن بەشەترەنج دەگەیەنن، شەترەنج زۆر هاوڕێی باشی پی بەخشیم و ببێ شەترنج چێژ لەژیان وەرناگرم و ئێستاش ئەو وەرزشە بۆتە سەرچاوەی بژێوی ژیانم.

پلەی سێیەمی ئەورووپا

ئەو خاڵە شەترەنجزان کە ئێستا قوتابی قۆناغی یەکەمی زانستی کۆمپیوتەرە لەبارەی دەسکەوتەکانییەوە دەڵێت: لە ساڵی 2008بۆیەکەمین جار بەشداری پاڵەوانێتی الوانی رۆمانیام کرد، لە یاریی کالسیک و راپید توانیم پلەی سێیەم بەدەست بهێنم، دواتر بەشداری پاڵەوانێتی شەترەنجی قوتابخانەکانم کرد، هەر هەمان ساڵ بەشداری پاڵەوانێتی یەکێتی ئەورووپام کرد و لە ئاستی خوار 8ساڵیدا پلەی سێیەم بەدەستهێنا، لەمندااڵیەوە خەونی من ئەوەبوو ببمە پاڵەوانی جیهان، بەڵام دیارە بەم خەونەم نەگەیشتم بەڵام زۆرشتی دیکەی پێ بەخشیم کە بەدەر لە چاوەڕوانکردنم بوو.

لیۆ حەزدەکات لەگێمی دووەم یاری پێبکرێت

لیۆ مێسی ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە ئاشکرای کرد کە بۆ ئەو باشترە وەک بەدیلیک بچێتە ناو یاریگاوە نەوەک یاری دەست پێبکات و ئینجا بهێنرێتە دەرەوە.

هەروەها مێسی گوتی: حەزناکەم لەناو یاریگا بمگۆڕن، باشترە بۆ من کەمتر یاری بکەم وەک یاریزانیکی بەدیل، چونکە زۆربەی یاریبەکان لەکۆتاییەکەیدا داخراون، هەروەها رووبەری یاریگاش بەفراوانتر دەردەکەون چونکە یاریزانی رکابەرت ماندوون، بۆیە پیم باشە وەک بەدیل یاری بکەم.



مۆدریچ: ئومێدەوارم بەیل لەگەڵمان بەردەوام بێت

لۆکا مۆدریچی کرواتی، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، دووپاتی کردەوە، ئومێدەوارە هاوتیپەکەی لە ریزەکانی میرینگێ، گاریس بەیل، لەگەڵ یانەکە بەردەوام بێت و نەڕوات. ئەمەو لەماوەی میرکاتۆی هاوینەی رابردوودا، دەنگۆیەکی زۆر لە بارەی ئایندەی گاریس بەیل، لەگەڵ ریال مەدریددا هەبوو، کە زۆر لە رۆیشتن نزیکبوو، بەر لەوەی لە کۆتاییدا لە ریزەکانی بەردەوام بێت. لۆکا مۆدریچ، لە میانی لێدوانی بۆ رۆژنامەی (میرۆر)ی ئینگلیزیدا وتی:" ئومێدەوارم بەیل لە ریال مەدرید بمێنێتەوە، ئەو وەرزە، وەرزی دواتر و وەرزکانی دیکەش". وتیشی:"بەیل یاریزانێکی نایابە و بۆ تیپەکە زۆر گرنگە، ئەو وەرزە ئاستێکی نایاب پێشکەش دەکات، هیوا خوازم بەردەوام بێت". هەروەها وتی:" دوای تەواوبوونی یاری نێوان هەڵبژاردەکانمان، نەمانتوانی یەکتری ببینین، چونکە منیش هەندێ کێشەی جەستەییم هەبوو، هیوادارم من و بەیلیش تەندروستیمان باش بێت".

رەمزی میرەکانی



فینگەر: زەحمەتە یاریزانێکی وەک فێرمینۆ هەبێت



ئارسین فینگەری راهێنەری پێشووی یانەی ئەرسنال لە دیمانەیەکدا بۆ بین سپۆرت لەبارەی فێرمینۆی یاریزانی یانەی لیڤەرپوول گوتی: راستە محەمەد سەالح و مانیم خۆش دەوین، بەاڵم زۆر سەرسامم بە ئاستی فێرمینۆ، ئەو یاریزانە قوربانی بەخۆی دەدات لەپێناو تیپەکەی، هەروەها گوتی: فێرمینۆ یاریزانێکە لەناو یاریگا جۆش و خرۆش دەداتە یاریزانەکانی دیکەی تیپەکەی و پێم وایە ئەستمە یاریزانێکی وەک ئەو دروست ببێتەوە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 31. Oct. 2019 No: (5861)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

بە بۆنەی 100 ساڵەی ڕۆژهەڵاتناسی

نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم لە پۆڵۆنیا کۆنسێرتێک ڕێکدەخات



خەبات: هاوار موردکەیی

لە میانەی کۆنفرانسێکی زانستی نێودەوڵەتی، بە بۆنەی تێپەڕبوونی 100 ساڵ بەسەر دامەزراندنی خوێندنی ڕۆژهەڵاتناسی لە زانکۆی یاگیلۆنیان، نوێنەرایەتیی حکوومەتیی هەرێمی کوردستان لە پۆلۆنیا هەموو بەشدارانی کۆنفرانسەکەی، کە زیاتر لە 150 ڕۆژهەڵاتناس و توێژەری پۆلۆنی و عەرەب و تورک و ئێرانی و ووڵاتانی تری جیهان و هەندێک لە دیپلۆماتکاران لە نێویاندا باڵیۆزی ئیماراتی عەرەبی و کۆنسوڵی گشتیی ئۆکرانیا بانگهێشتکرد بۆ کۆنسێرتێکی مۆسیقای کوردی.

لە سەرەتادا ژمارەیەک لە قوتابی و ڕەوەندی کوردستانی، بەشێکیان بە جلووبەرگی کوردی پێشوازیان لە میوانان کرد، دەستپێشخەرییەکەی و ڕێکخستنی ئەو کۆنسێرتەو بانگهێشتکردنی بەشداربووان بۆ نانخواردنی ئێوارە و ناساندنی کەلتوورو مۆسیقای ڕەسەنی کوردی.

هەروەها سوپاسێکی زۆری کردن بۆ زیاتر لە بیست ساڵ هەماهەنگی و یارمەتیدانی بەشی ڕۆژهەڵاتناسی زانکۆی یاگیلۆنیان لە کراکۆڤ . دواتر تیپی مۆسیقا و گۆرانی سیانەی هەمەدان بە بەشداری هونەرمەندی ناسراو سەعدوڵا نەسیری کۆنسێرتێکی موسیقا و گۆرانی کوردی پێشکەش کرد و ئاماەبووانی سەرسام کرد. پاشان ئامادەبووان لە کاتی نانخواردنی ئێوارە دەرفەتیان بوو زیاتر یەکتر بناسن و ئاڵوگۆڕی ڕاو بۆچوونیان بکەن لەسەر بارودۆخی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

زیاد ڕەئووف نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە وتارێکدا بەخێرهاتنی کردن و سوپاسی ئامادەبووانی کرد بۆ تۆێژینەوەکانیان لە بواری ڕۆژهەڵاتناسی لەو کاتە هەستیارەی هەموو ڕۆژهەڵات و بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێی تێپەڕ دەبێت و لە هەموو کات زیاتر پێویست هەیە بە لە یەکتێگەیشتن و دیالۆگ و پێکەوەژیان. سوپاسێکی تایبەتی زانکۆی یاگیلۆنیانی کرد بۆ کردنەوەی کوردەلۆجی و گرنگیدانیان بە زمان و کولتووری کوردستان، هەروەها بۆ هاوکاری و هەماهەنگی زانکۆی ناوبراو لەگەڵ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان .

لای خۆیەوە ڕاگری بەشی ڕۆژهەڵاتناسی زانکۆی یاگیلۆنیان لە ووتارێکدا سوپاسی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ



یوسف یوسفی لەگەڵ ژمارەیەک ئەکتەر لە شانۆی پەیکەرە جوڵاوەکان

هیچ هۆڵێکی گونجاومان بۆ شانۆ لە هەولێری پایتەخت نییە

یوسف یوسفی دەرهێنەری شانۆیی: با حکوومەتی هەرێمی کوردستان چیتر پارە بۆ فستیڤاڵەکان سەرف نەکات و بیر لە دروستکردنی هۆڵێکی شانۆیی بکاتەوە

درامای کوردی ناتوانێت شان لە شانی درامای بیانی بدات



دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین

یوسف عەبدوڵڕەحمان ناسراو بە (یوسف یوسفی) لە ساڵی ١٩٧٤ لە دایکبووە هەڵگری دوو بڕوانامەی هونەرییە، لەساڵی ١٩٩٦ چۆتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر لقی نواندنی تەواوکردووە لە ساڵی ٢٠٠١ بڕوانامەی دبلۆمی لە شانۆ بە دەستهێناوە لەهەمان ساڵ دامەزراوە، وەکو مامۆستا لە سنووری پەروەردی شەقڵاوە ، لە ساڵی ٢٠٠٧ دوای کردنەوەی بەشی شانۆ لە ناو کۆلێژی هونەرە جوانەکان جارێکی تر دەستی بە خوێندن کردۆتەوە کولیژی بە پلەی زۆرباشە تەواو کردووە، بۆتە خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بواری نواندن و دەرهێنان ئێستاش وەکو مامۆستا لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان دەوامدەکات و بەردەوامە لە سەر کاری هونەریی، خاوەنی زیاتر لە بیست و پێنج کاری شانۆیی و دوو کورتە فلیمە، کارەکانیشی جیاوازن هەندێکیانی دەقی نووسەرانی جیهانین و هەندێکیشان ناوخۆن هەندێکیشان نووسەرانی عەرەبین شانۆگەریەکانیش بۆ گەورەکان، شانۆی هۆڵ و شەقامی هەیە لە بواری شانۆی منداڵانا چەندین کاری کردووە، توانیویەتی خەڵاتی باشترین دەرهێنەر بەدەست بهێنێت لە سەر ئاستی عێراق. ئەمانە دەستپێکی وتەکانی دەرهێنەرو شانۆکار (یوسف یوسفی) بوو کە بۆ (خەبات) کردی، تەواوی بۆچوونەکانی لەم دیمانەیەدا بخوێنەرەوە:



دەرهێنەری باشمان هەیە

دەربارەی ئاستی دەرهێنەرانی کورد بە بەراوورد لەگەڵ دەرهێنەرانی بیانی یوسف یوسفی گوتی: دەتوانم بڵێم بە دڵنیاییەوە دەرهێنەرانی بیانی باشترن، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایە کەوا ئەوان لە ئێمە زیرەکترن چونکە ئێمەش دەرهێنەری باشمان هەیە لێرەو لەوێ، بەڵام لەوانەیە ئەو کەشە لەبارەی بۆ ئەوان ڕەخساوە بۆ ئێمەمانان نەڕەخسا بێت چ لەباری هەبوونی ئەکتەری باش و نووسەری باش و هۆڵی باش و ژیانی باش... هیتر.. نەبوونی سەرچاوەی باش بۆ خۆ ڕۆشنبیرکردن لە سەر ئەو دەقەی کەوا دەرهێنەرانی ئێمە کاری لەسەر دەکەن بۆیە ناتوانن دەرهێنەری کورد بەراوورد بکەین بە دەرهێنەرێکی بیانی چونکە دونیای ئێمەو ئەوان زۆر جیاوازە لەگەڵ یەکتری.

یەک هۆڵی شانۆییمان نییە

دواتر بەمجۆرە باسی هۆکارەکانی پشت لاوازی کارە خۆمالییەکان کردو گوتی: ئەوانەی تۆ باسی دەکەی هەر هەموویان هۆکارن ئەگەر تۆ نووسەری باشت هەبێت ئەوە دڵنیابە ئەکتەری باشت دەبێ لەگەڵ دەرهێنەری باش، بەڵام ئەگەر هۆڵت نەبێت و ئامێری تەکنەلۆژیای باشت نەبێت چۆن دەتوانی کارێکی باش بەرهەم بهێنیت ئەگەر سەیری پایتەخی خۆمان بکەین چەندان هۆڵی ئاهەنگگێڕان و پرسەی تێدایە، بەڵام یەک هۆڵی شانۆییمان نییە ئەگەر ئەوانەش نەبوو واتا مەرگی شانۆ بوونی هەیە لەم شارەدا.

دەربارەی ئایا دەرهێنەرانی کورد توانیویانە بینەر بەلای بەرهەمی خۆمالیا ڕابکێشن ؟

دەرهێنەر یوسف یوسفی گوتی: دەتوانین بە شێوەیەکی تر ئەم پرسارە بکرێت بڵێین ئایا دەرهێنەرانی کورد توانیویانە شانۆ بە بینەری کورد بناسێنن؟ نەک بەرهەمەکانیان دەتوانم بڵێم لە سەردەمی بەعسدا کاری باشیان کردووە بۆ سەرنجڕاکێشانی بینەر بۆ ناو هۆڵەکان، بەڵام ئەویش وەکو پێویست نەبووە لە غیابی تی ڤی و سەتەلایت هەموو تەکنەلۆژیاکانی سەردەم لێرەو لەوێ هەندێک شت کراوە، بەڵام بۆ بینەری ساده نەبووە بەڵکو شانۆکاران تەنها خۆیان بینەری کارە شانۆیەکانی خۆیانن بۆیە دەتوانم بڵێم نەخێر نەیانتوانیووە، بۆ بەرهەمی خۆمالی رایانبکێشن.

هیچ بابەتێکی باشمان نیە

دەربارەی تۆرانی بینەر لە درامای کوردی ئەو مامۆستای زانکۆیە بۆچوونەکانی وا خستە ڕوو: لەبەرئەوەی درامای کوردی ناتوانێت شان لە شانی دراماکانی بیانی بدات هەم لە ڕووی کوالیتی و هەم لە ڕووی بیرۆکەو نواندن، ئەگەر تەماشای درامایەکی بیانی بکەین دەبینین جوانترین جل و بەرگ و مێک ئاپ و جوانترین ئەکتەرو جوانترین ئێکسسوارو دیکۆری هەیە، لە ڕووی ڕەنگ و دەنگی باشترینەکان بەکار دەهێنن بە سەرفکردنی پارەیەکی زۆر لەم درامایە کاتێکیش تەواو دەبێت دەتوانی داهاتێکی زۆر لەوە بەدەستبێنێ، بەڵام ئەگەر تەماشای درامای کوردی بکەین ئەوانەی هیچی تێدانیە بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوە جا بەڕای ئێوە بینەری کورد تەماشای کامیان دەکات، هیچ بابەتێکی باشمان نییە یان بڵێین نووسەری باشمان نییە لە بواری دراما ئەوانەی هەشە کەموکوڕی زۆر هەیە بۆیە بینەری ئێمە توانای ئەوەی نییە لە بەرامبەری کاری خراپ یان ناکامڵ دانیشێت کەوا لە هەستی بینین و بیستنی بدات.

زەرەری زۆریان بە کۆمەڵگای کوردی گەیاندووە

یوسف یوسفی دەرهێنەر دەربارەی فلیمی دۆبلاژ کراوی بیانی بۆچوونی وابوو: ئەم فلیمانە زۆربەیان زەرەری زۆریان بە کۆمەڵگای کوردی گەیاندووە، چونکە زۆربەی بابەتی ئەو فلیمانە دووری لە کۆمەڵگای کوردی دواتر هەندێکیان وشەی زۆر ناشیرینی تێدا بەکار دەهێنن کەوا هیچ پەیوەندی بەم فلیمەوە نییە، بە کۆمەڵێک هەڵەوە وەرگیڕانی بۆ دەکەن، دۆبلێرەکانیش زۆر جاران بە ئارەزووی خۆیان حیوارەکان دەڵێن، دەبێ وەزارەتی ڕۆشنبیری سانسۆری تەواو لەسەر ئەو جۆرە فلیمانە دابنێت تاکو بزانین کام فیلم شایانی ئەوەیە نیشانی بینەری کورد بدرێت.

زۆر قورسە بتوانین ببینە خاوەن درامای خۆمان

دەربارەی پرسیاری دەبێت چی بکرێت هەتا بینەرو درامای کوردی ئاشتبکرێنەوە؟

یوسف یوسفی بۆچوونی وابوو: ئەم فلیمانە زۆربەیان زەرەری زۆریان بە کۆمەڵگای کوردی گەیاندووە، چونکە زۆربەی دەستی دەژمێردرێن بۆیە دەبێ بڵێین چیبکەین تاکو ببینە خاوەن درامای کوردی، لە بواری دراماو شانۆ من دەڵێم زۆر قورسە بتوانین ببینە خاوەن درامای خۆمان هەر وەکو لە پرسیاری پێشوودا ئاماژم پێکرد ئێمە نووسەری باشمان نییە چۆن دەتوانین درامای باشمان هەبێت؟ دواتر بە هۆی تەکنەلۆژیای سەردەم ئێستا دونیا گوندێکی بچووکە ئەگەر تۆ نەتوانی کارێکی باش بکەیت ئەوە بینەر ناتوانێ تەماشای درامای کوردی بکات چونکە ئەو بینەرە دەتوانێ درامای زۆر جوانتر ببینێ بەڕای من کورد زیاتر کاری کورت کورت بکات چ لە بواری فیلم چ لە بواری دراما نەک درامای چەند حەڵقەیی تاکو هێواش هێواش بینەر ڕادەکێشێت بۆ لای خۆی ، جا دەتوانین کاری دراما و فیلم و شانۆ بکات بۆ بینەری خۆی.

هیچیان گونجاونین بۆ نمایشی شانۆ

دەربارەی نەبوونی هۆڵی شانۆیی لە پایتەخت ئەو مامۆستای زانکۆیە وایگوت: بە ڕای من هیچ هۆڵێکی گونجاومان نییە بۆ شانۆ لە شاری هەولێری پایتەخت ئەو چەند هۆڵەی هەشە هیچیان گونجاونین بۆ نمایشی شانۆ ، من پێشنیار دەکەم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان با چیتر پارە بۆ فیستیڤاڵەکان سەرف نەکات، با بیر لەدروستکردنی هۆڵێکی شانۆیی بکاتەوە بۆ شانۆکاران.

وەکو پێویست کادیری باشیان نییە

دەربارەی ڕۆڵی کۆلێژۆ پەیمانگاکان لە سەر هونەر بە گشتی یوسف یوسفی گوتی: بەڵێ کاریگەرییان هەبووە چونکە زۆربەی ئەوانەی ئێستا کاری هونەری دەکەن دەرچووی ئەم دوو شوێنەن، بەڵام ئەم دوو شوێنە وەکو پێویست کادیری باشیان نییە کەوا بتوانن هونەر زیاتر بەرەو پێشەوە ببەن.

لە میسر.. سەدام دەرکەوتەوە

هەمزە سەرحان

سید بدریە ئەکتەرێکی میسریە و لە ئێستادا لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەژی ڕۆڵی سەدام حوسێن دەبینێت لە فیلمێکی هۆلیودا کە بە ووردی باسی ژیانی ئەم کەسایەتیە دەکات .ئەم ئەکتەرە بەڵێنی ئەوەیداوە لەگەڵ تەواو بوونی وێنەگرتنی فیلمەکە زانیاری تەواو لەسەر کارەکەی بڵاوبکاتەوە، دواین کار و دەرکەوتنی ئەم ئەکتەرە لەگەڵ جاکی شان لە فیلمێکدا لەسەر چۆنیەتی ڕوبەڕوبوونەوەی تیرۆرستاندا بووە.یەکەمین کاری ئەم ئەکتەرە لە فیلمی کۆمیدی " "Hot Shotبووە کە ساڵی 1986دەرهێناوە و فیلمی "Iron Man"ساڵی 2008دەرهێناوە و تیایدا ڕۆڵی سەرۆکی تیرۆرستەکانی بینیوە.



